دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی المخلانی شەقامی « الجمهورية »
بەغدا ـ س٠پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٣/٦٨٣١١ خەت

سەرنووسەر : محمد امین محمد

٨ لاپەڕە

هاوکاری

٢٥ فلسە

جێگای شادمانی و دلخوشیمانە کە هەموو تێکۆشەرانی جیهان واسەیری عیراق بکەن کە لەتێکۆشانا دۆستیانەو دەستی باربوو پشتگیریان بۆ درێژ نەکات ٠

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

● دووشەممە ١٦ی کانوونی دووەم ژمارە ٤٠٩ ●

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

● الاثنين ١٦ كانون الثاني العدد ٤٠٩ ●

هاوڕێ صدام حسین

لەسەرمانە خۆمان بۆ بەردەوامی بەربەرەکانی دژی ئیمپریالیزم وزایۆنیزم وهاوسوێندەکانی ئامادە بکەین

دوێنێ هاوڕێ صدام‌حسین یاریدەدەری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو جێگری‌ئەمینداری نهێنی قوتردووپاتی‌کردەوە کەزۆرنبازی نەتەوەی عەرەب لەو قۆناغەدا ئاراستەکراوە دژی‌ئیمپریالیەت‌و زایۆنیزم‌وهاوڕێکانیان ٠

ئەمەش لەوبەیەك گەیشتنەداهاتووە کە دوێنێ لە قوتابخانەی ئامادەکردنی‌حزبدا لەگەل قوتابیەکان کردبووی‌و ٠٠ هاوڕێ‌دوکتۆر مونیف الرزاز ئەمینداری گشتی یاریدەدەری‌حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو هاوڕێ طارق‌عزیز ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوایەتی حزبو هاوڕێیان‌ئەندامانی مەکتەبی ڕۆشنبیری‌و راگەیاندن تیائامادەبوون ٠

هاوڕێ صدام حسین‌درێژە بەقسەکەیداو ووتی ئەبێ ئارامان هەبێت بۆئەوەی لەم زۆرانبازیەدا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژبەردەوامبین ٠

هەروەها ووتی لەسەرمانە ئارام بگرین‌و رووداوەکانی مێژووی عەرەب ببینین بەرچاومان بۆ ئەوەی بزانین چۆن ئەتەوەکەمان توانی بەسەر دوژمنان زاڵبێت سەرەڕای درێژی‌و بەردەوامی ئەو زۆرانبازیە کە دەیەها و سەدەها ساڵ درێژەی کێشا ٠٠ دیسان ووتی جەماوەر ئەبێ ئەوە بزانێت کە داخستنی بەرەیەکی دیارکراو ئەوە ناگەیەنێت کە نەتەوە هەروەس ئەهێنێت یاخۆی بەدەستەوە ئەدات ٠ زۆرانبازی لەگەل دوژمنەکانمان هێشتا کۆتایی نەهاتووەو ئەوراستیانەی نێستا دواراستی‌نین ئەگەر هاتوو عەرەب بتوانێ دواکەوتوویی زانستی‌و تەکنیکی خۆی نەهێڵێت‌و وزە جۆر بەجۆرەکانی یەکخاتو جێگای خۆیان لەناو دەوڵەتانو پەیوەندییەکانی لەگەل هێزە کارێگەرەکانی جیهان لەو قۆناغەدا بە هێز بکات ٠

هاوڕێ صدام حسین باسی سەردانەکەی سادات بۆ قودسی داگیرکراوو ئەو پەیوەندییانەی کرد کەدوای ئەو سەردانەیە لەگەل کاربەدەستە زایۆنیەکان کراو ووتی حزبەکەمان پێش شۆڕش‌و دوای شۆڕش هەمیشە راستگۆیە‌کی روونکردووە ئەویش ئەوەیە کە ڕێڕەوی سازاندن هیچ شتێك نادا بەدەستەوە تەنیا دانان بەقەوارەی زایۆنی نەبێت ٠ هەروەها ووتی سات‌و سەوداکردن لەگەل دوژمن رازهێنانە بەبێ هیچ دەسکەوتێك ٠

هاوڕێ جێگر دەستی کێشا بۆ ئەرەو نیانی‌ی لە کردەوەی شۆڕشگێرانەداو ووتی حزبەکەمان باش لە گرنگیەتی ئەرەو نیانی‌ی وەکو شێوەیەك لە شێوەکانی کردەوەی شۆڕشگێرانە گەیشتووە بەڵام ڕەچاوکردنی ئەمە لەلایەن حزبەوە لە جەوهەردا جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەلایەن ئەوانەی کە وەکو بەردەیەك بەکار ئەهێنن بۆ پاشەگەزبوونەوەو مل شۆڕکردن بۆ دوژمن ٠

هەروەها ووتی کاری سیاسیانە لە نێوان جەماوەردا ئەوە نیە کە پیاو بە شێوەیەکی زاتی لێی دلنیابێت‌و بەس بەلکو هەوڵی ئەوەش بدەی کە ئەوانەی لەگەلیاندا کار ئەکەی لەقووڵایی دڵیانەوە لێت دڵنیابن‌و هاوپەیمان بە لەگەلتو سەرکردەی شۆڕشگێری حەقیقی ئەوەیە کە خۆی‌و ئەو کەسانەی کە سەرکردەیان ئەکات بەخێراترین کات بکەیەنێتە دوا بەلەی حزبایەتی ٠

ئەوەبوو هاوڕێ کەمال عبدالله بەرێوەبەری مەکتەبی ڕۆشنبیری‌و راگەیاندن بۆ بەدڵەوە پێشوازی لەهاوڕێ جێگر کردوو بابەتی چاوپێکەوتنی لەگەل قوتابیانی دەورەکەداو قووڵکردنەوەی ئاستی شۆڕشگێرانەی خەباتکەران‌و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لەو قۆناغە ناسکەی ئێستادا نەتەوە تێکۆشەرەکەمان بەخۆیەوە ئەبینێ ٠

سەردانەکەی هاوڕێ صدام حسین بۆ قوتابخانەکە زیاتر لە دوو ساعاتی خایاند ٠

بۆمدیەن‌و تیتۆ لەمەسەلەی ناوچەی عەرەبی‌و مەسەلەی فەلەستین ئەکۆڵنەوە

دوێنێ جەزایرو یۆگۆسلافیادووپاتیان کردەوە کە هەرگیز ئاسایش لەناوچەی عەرەبیدانایەتەکایەوە ئەگەر بێت‌و هێزەکانی زایۆنی داگیرکەرلەهەموو خاکی عەرەبی داگیرکراودا نەکشێتە دواوەو گەلی‌عەرەبی فەلەستین بە تەواوی مافی ڕەوای خۆی دەستگیرنەبێت ٠

ئاژانسی دەنگوباسی (تانیوغ)ی یۆگۆسلافیا دەریخست کە ئەم دووپاتەکردنە لەو گفتوگۆیەدا هاتووە کە دوێنێ لەنێوان هەواری‌بۆمدیەن‌و جوزیف بروز تیتو کە پێرێشەو دوای گەیشتنی‌بۆمدیەن لە صوفیا بەسترا ٠

سەرۆك تیتۆو بۆمدیەن‌دووپاتیان‌کردەوە کە مەسەلەی فەلەستین بە مەسەلەی‌سەرەکی ئەزمێرنێت لەناوچەی عەرەبیدا ٠

چەند تەقینەوەیەك لە پاریس

پێرێ ئێوارە لە هەرێمی بریتانیای فەرەنسی سێ بۆمبا تەقیوەو زیانێکی گەورەی گەیاندووە بەوشوێنانە ٠٠ یەکێ لەو بۆمبایانە لەیەکێ لەئەپارتمانەکانی سەر بە کۆمپانیاو گاز تەقیوەو ئیدارەی دەزگاکەی تێکداوەو زیانێکی زۆری پێکەیاندووە ٠ بەڵام ئەوی تریان نزیك دوو ترێلە تەقیوەو هەردووکیانی تێکوپێکداوە ٠٠ کەچی سێهەمیان پێش ئەوەی بتەقێت پووچەڵ کراوە ٠

حکومەتی ئەندریۆتی لەئیتالیا دەست لە کاری خوی ئەکێشێتەوە

دوێنێ جۆلیۆ ئەندریۆتی‌سەرەك وەزیرانی ئیتالیا ڕاگەیاند کە ئەمڕو حکومەتەی‌دەست لەکارئەکێشێت دوای ئەوەی سێ حزبی سیاسی‌لەمانە حزبی شیوعی باوەڕیان نەداوە بەحکومەتەکەی کە لەحزبی دیموکراتی مەسیحی‌یەوە بنك‌هاتووە ٠

چاودێرەکەرە سیاسیەکان‌لەڕۆما ڕایان‌گەیاند کە لەوانە جارێکی‌تر داوا لە ئەندریۆتی‌بکرێت کە حکومەتێکی تازە لەجێگای حکومەتە کۆنەکەیداپێکبهێنێت ٠ دەنگوباسەکان وادەرئەخەن کە لەوانەیەحزبی دیموکراتی مەسیحی بەسەرۆکایەتی ئەندریۆتی‌هەوڵبدات سۆشیالیستەکان بۆلای خۆی بکێشێت تاکو حکومەتێکی ئینتیلافی پێکبێنن حزبی شیوعی تیانەبێت ٠

ئارەزایی بەرامبەردەست ئیوەردانی ئەمەریکا لەکاروباری فەرەنسا

دوێنێ سەرەك وەزیرانی فەرەنسا ریمۆن بار ئەو قسە ڕەسمیانەی ئەمەریکای ڕەتکردەوە کە دژی بەشداربوونی شیوعیەکان لە حکومەتەکانی وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا بڵاوی کردبووەوە ٠٠ هەروەها لە گفتوگۆیەکدا لەگەل یەکێ لە ئیستگەکانی خۆجێی فەرەنسا ووتی کە حکومەتەکەی گوێناداتە ئەو ئامۆژگاریانەی کە لە بارەی سیاسەتی ئەدرێتێ بار ووتی هەموو دەوڵەتێکی دیموکراتی مافی ئەوەی هەیە بەسەر بەستی دەستنیشانی سیاسەتی خۆی بکات ٠

سەرەك وەزیرانی فەرەنسا ئەوقسانەی بەدرۆخست کە ئەلێن تەنگوچەڵەمەی سیاسی فەرەنسا یەکێك بوو لەوپابەتانەی کە لە سەرانەکەی ئەو دوایەی جیمی کارتەر بۆ فەرەنسا لەگەل ڤالیری جیسکار دیستان سەرەك کۆماری فەرەنسا باسیان لێوە کردووە ٠ ئەوەی شایانی باسە قسەکەرێك بەناوی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا لەرۆژی هەینی ڕابردوودا بەپێچەوانەی قسەکانی بار باسی ئەوقسانەی کردبوو ٠٠ قسەکەرە ووتی شتێکی نابەجێنییە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بیروڕایەك دەربارەی ئەومەسەلەیە هەبێت مەسەلەی بەشداری حزبە شیوعیەکان لە حکومەتەکانی دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا کە بەشێوەیەکی توندوتیژ حزبی شیوعی فەرەنسا ئارەزایی خۆی بەرانبەری دەربڕی ٠

لەئەنجامی دەستدرێژی کردنەسەر بارەگای ڕۆژنامەی « الكفاح العربي »وگۆڤاری « الهدف »

وریایی دەربڕین بەرانبەر هەڵگیرساندنەوەی ئاگری شەڕ لەلوبناندا

دوێنێ ڕۆژنامەگەری‌لوبنان ئارەزایی خۆی دەربڕی بەرانبەر ئەوروودواوە تۆقێنەرەو تەقینانەی کە پێرێ شەودژی ڕۆژنامەی (كفاح العربي والهدف) کرابوون‌وروونی کردەوە کە ئەمە بیلانێکی تازەی ترەو مەبەستی‌ئەوەیە سەرلەنوێ وڵات بەرەو جەنگ ڕابێچبکاتو زیانێکی گەورە بەئاسایشی لوبناندا ئەگەیەنێت لەو بارودۆخەناسکەی ئێستادا ٠ لەلایەکی ترەوە ئەقابەی ڕۆژنامەگەری‌لوبنانی بەتوندو تیژی ئارەزای خۆی بەرانبەرئەوەهێرشانەی کە ئەکرێتە سەر دەزگاکانی ڕۆژنامەگەری‌کە قوربانێکی گەورەیان داوە لەکۆشتاری لوبناندا ٠

هەروەها ریاض طە سەرۆکی ڕۆژنامەنووسان لە لوبنان داوای کردووە کە دەزگاکانی ڕۆژنامەگەری بیاریزرێن یاخود مافی ئەواویان بدرێتی کە خۆیان بارێزگاری لە دەزگاکانی خۆیان بکەن ٠٠ لە هەمانکاتدا یەکێتی نووسەرانو ڕۆژنامەنووسانی فەلەستین ئارەزایی خۆیان دەربڕیوە بەرانبەر ئەو دەستدرێژیە ئارەوایەی کە کراوە بەسەر ئەمەدوو ڕۆژنامەیەداو دەریخستووە کە ئەمە بەشێکە لەوپیلانەی کە ئەیانەوێ لە لوبناندا جێبەجێی بکەن دژی ئەو هێزانەی کە ڕووبەڕووی ڕێکەوتنی خۆبەدەستەوەدەرانە وەستا ٠

دیسان بەرەی ڕەفزی فەلەستینی ئەویش ئەو دەستدرێژەی تاوانبار کردووەو ووتویەتی ئەمپیلانە تاوانبارە مەبەستی بەرپاکردنی جەنگە بۆ خزمەتی نەخشەی زایۆنی‌و ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستانو دارودەستەیان لەناوچەکەدا ٠

شۆڕشگێرەکانی ئەفەریقیا هێرش ئەبەنە سەردەزگاو ئۆردوگاکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرست

دوێنێ سێ پۆلیسی سازمانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ڕودیسیا بەدەستی شۆڕشگێرە ئەفەریقیەکان کوژراون کاتێك کە هێرشێکی مەردانەیان کردووە سەر شوێنەکانی ڕەگەزپەرستەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ڕۆدیسیاوە ٠ بەمە ژمارەی پۆلیسەکانی سازمانی ڕژێمی ڕودیسیا کە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا بەدەست شۆڕشگێرە ئەفەریقیەکان کوژراون گەیشتۆتە ٠٠٥ کەس لە ڕەگەزپەرستەکان ٠

لەلایەکی ترەوە هەواڵەکانی دەنگوباسەکان دوێنێ ئاشکرایان‌کردەوە کە کادەسەڵاندارێتی ڕەگەزپەرستی ڕۆدیسیا باساوانیەکی توندی خستۆتە سەر دەزگاو ئۆردوگاکانی سەربە ڕژێمەکەی لەترسی هێرشی شۆڕشگێرەکان کە لەم دواییەدا هێجگار دژوار بووە ٠

چاوەڕێ ئەکرێ هەڵبژاردنەوەی نوی لە ئیسپانیا بکرێ

سەرکۆماری پورتوگال ماریۆ سوارێش ـ کە تەکلیف کراوە ببێ بەسەرۆك وەزیران ـ مۆڵەتدا تا ڕۆژی چوارشەمەی ئایندە قابینەی نوێ پێك بهێنێ ٠

سوارێش پاش کۆبوونەوەی بێرێ شەو لەگەل سەرکۆماردا ووتی کەوا ئەگەر نەتوانی قابینە پێك‌بێنێ ئەوا دەبێ هەڵبژاردنی نوێ بکرێتەوە ٠

ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی حیزبی سوشیالیست کە سوارێش سەرۆکەتی چەند ڕۆژێکی‌نر کۆئەبێتەوە بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەی کە ناهێڵن ئەم گیروگرفتە وەزاریە کۆتایی‌بێت کە پێنج حەفتەیە بەردەوامە ٠

پێرێ سوارێش وتبووی کەوا خەریکە لەگەل سەرکردە موحافیزەکاندا ڕێککەوتنامەیەك ئیمزابکات کە ئەبێتە ئاسانکەری دروست‌کردنی قابینەی نوێ ٠

لەلایەکی‌ترەوە پۆلیسی ئەسپانیا گازی فرمێسك ڕێژو فیشەکی لاستیکی بەکارهێنا بۆ بڵاوەکردن بەو خۆپیشاندەرانەی کە پێرێ شەو لە هەردوو شاری سان‌سباستیان‌و بامبلونای ژووروی ئەسپانیا خۆپیشاندانی پشتگیرکردنیان بۆ ڕێکخراوی نهێنی باسك‌گێرابوو ٠

سەرچاوە ئەسپانیەکان ووتیان کەوا ئەمە دوەم شەوە کە لەم شارەدا پێکدا هەڵپژانی ئێوان پۆلیس‌و لایەنگیرانی ئەم ڕێکخراوە زوودەدا ، بەڵام ئەم سەرچاوانە باسی هیچ کوشتارێکیان نەکرد ٠٠

داخستنی پۆلەکانی دواساتی خوێندن لە زانکوی تاران

تاران ـ ئا٠د٠ع : دوێنێ لە تاران ئاشکرا کرا کەوا پۆلەکانی دوایی زانکۆی ئاریامیهر هەتا ئاگاداریەکی‌تر داخران ٠

سەرچاوەکانی زانکۆکە وتیان کەوا هۆی ئەم داخستنە ئەو خۆپیشاندانانە بووە کە ڕۆژانی شەمەو چوارشەمەی ڕابردوو ڕوویان دا ، و مەسەلەی دەستپێ‌کردنەوەی خوێندن لەکاتێکی تردا لەلایەن ئەنجومەنی زانکۆوە لێی ئەکۆڵرێتەوە ٠

بەرێز
برهان الدين عبدالرحمن
پیرۆزبایی لەبنەماڵەی « هاوکاری » ئەکات

پێخوشمالم کە لەپیرەوەری‌هەشتەمی ڕۆژنامە تێکۆشەرەکەتاندا ڕۆژنامەی(هاوکاری) جوانترین سڵاو پیرۆزبایيتان لێ‌بکەم ٠٠هیوادارم لەدووچەندانە کردن‌و بەردەوام‌کردنی سەرکەوتنەکانتاندا لەسەر ڕێگای خزمەت‌کردنی گەل‌و نیشتمانە تێکوشەرەکەمان عیراق سەرکەوتوبن ٠

سەرکەوتنی مەسەلەی‌گەلەکەمان لە هەلکێشانی ڕەگ‌و ڕیشەی پیەنگیران‌و خەراپەکاری لەزووروی نیشتیمان‌داو ئەوسەرکەوتنانەی‌لە بواری جێبەجێ‌کردنی قانونی ئۆتۆنۆمی‌و وەدیهێنانی‌هەلمەتێکی گەورەی ئاوەدانکردنەوەو دۆزینەوەی‌کار بۆگشت پێنج‌کاران‌و جێگیرکردنی ئاسایش‌و ئاسودەیی لەسێبەری دەسەڵاتی تەواوەتی نیشتمانی‌دا ئەنجامی ئەم سەرکەوتنە مەزنە بوون‌و چەندین ئەرکی زۆرو جۆربەجۆریان خستە سەرشانی‌ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بەعەرەب‌و کوردەوە ، کە ئەم ئەرکانە بەتێکرایی دەچنە ناوپرۆسیسی ئەو ڕیبازە تازەیەوە کە شۆڕشی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بۆگشت ڕۆڵەکانی عیراق وەدیهێناوە ٠

ئێوەش بەشی زۆری ئەم‌ئەرکەتان ڕاپەڕاندوە ٠٠ تەنیا ئەو شانازی کردنەتان بەسەکە هاوڕێی تێکۆشەر عثمان محمد فایق سەرنووسەری پێشوی ڕۆژنامەکەتان کە هەموو تواناوکوششی بۆگەل‌و نیشتیمان تەرخان‌کردبوو لەم ڕێگایەدا شەهید بوو ٠٠سڵاوتان‌لێ‌بێ‌و سەربەرزیی بۆ گشت شەهیدانی گەل‌عیراقمان‌و هەتاهەتایە هەربژی یەکێتی هاوپەیمانی چارەنووس‌لە نێوان عەرەبو کوردا بەسەرۆکایەتی پارتی بەعسی‌سۆشیالیستی عەرەبو سەرۆکی خەباتگێرمان احمدحسن بکر ٠

برهان‌الدين عبدالرحمن
ئەندامی ئەنجومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش‌و
وەزیری یەکخستنی
کاروبارەکانی دەوڵەت لەگەل
دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی‌دا

سادات بێ ئەوەی هیچی دەسکەوێ هەمووشتێکی دابەدوژمن

دوێنێ قسەکەرێك بەناوی‌ساداتەوە وتویەتی لیژنەی سیاسی ساداتی زایۆنیزمی‌هاوبەش وەك بوی‌دیاری‌کراوە ئەمڕۆ دەست بە کۆبوونەوەکانی‌خۆی دەکات ٠ لە گفتوگۆیەکدا وتویەتی ئەو بڕیارە دوای‌ئەو کوبونەوەیە دراو ، کەناو دەبرێت بە ئەنجومەنی ئەتەوەیی‌و سادات سەرۆکایەتی دەکات ٠

ئەوەبو دوێنێ سادات لە قاهیرە لەگەل باڵوێزی ئەمەریکادا کۆبونەوەیەکی کردبو واباسی دەکرا کە پەیوەندی بە ساداتو زایۆنیزمی دوژمنەوە هەیە ٠

هەر لەودەمەدا ابراهیم وەزیری دەرەوەی ڕژێمی سادات وتویەتی ٠٠ کە وەفدی ساداتی بو کۆبونەوەکانی لیژنەی سیاسی هاوبەش لەگەل دوژمندا دوێنی ئێوارە بەرەو فەلەستین زەوتکراو کەوتۆتە ڕێ٠ وەك ئاشکرایە وەفدەکەی سادات بریتی‌یە لە لیژنەیەك کە لە محمد ابراهیم کامل‌و بطرس غالی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەو عصمت عبدالمجید سەرۆکی وەفدەکەی سادات لە کۆبونەوەی قاهیرەی تەحزیریداو اسامه البازی وکیلی وەزارەتی دەرەوە پێکهاتوە ٠

و ئەمڕۆ دیاری‌کراوە بۆ کۆبونەوەی لیژنەکە ٠

پێرێ شەوێ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سایرۆس ڤانس سەردانەکەی خۆی بۆ قودسی داگیرکراو دواخستو وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاش هۆی دواخستنەکەی بەوە لێکدایەوە کە هەردوولا ساداتو زایۆنی نەیان توانیوە لەسەر خشتەی ئەو گفتوگۆیە ڕێکبکەون کەبەگفتوگۆی ئاشتی نێوان

(بڕوانە ل ٢)

دوو خۆپیشاندانی گەورە دژی هێزە ڕاسترەوە فاشیزمەکان لە تورکیا

دوێنێ هێزە نیشتمانی‌و شۆڕشگێرەکانی ترکیا دوو خۆپیشاندانیان بەرپاکردوە ٠ بەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە ئەنقەرە وتویەتی کە پۆلیسی تورکیا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی خۆی هێنابووە ناو شەقامە سەرەکیەکان‌و جێگا گرنگەکان ٠٠ لە لایەکی ترەوە هێزەکانی تری پۆلیس کۆڵانەکانی شەقامە سەرەکیەکانی کە خوپیشاندانەکە بەناویدا تێپەڕبو داگیری کردبوو ٠

Institut Kurde de Paris

لیکۆلینەوەی سیاسی

سیاسەتی سەرشۆڕکردن ئەنجامی لەوە باشترنابێ

وا بۆ دوومانگ دەچێ هەوڵوتەقەلای سازانو خۆبەدەستەوەدان بێی ناوەتە قۆناخێکی نوێوە • ئەم قۆناخە لەورۆژەوە دەستپێدەکا کە ئەنوەر سادات سەرۆکی رژێمی میسر لەجیاتی ئەوەی لەرێزی جەماوەری گەل‌و لەئەنجامی شەڕێکی رزگارکەرانەدا بچێتە بیت المقدس ، بەسەرشۆڕی‌و بەدووز لەویستو ئارەزووی کۆمەڵانی عەرەب خۆی لەماڵی دوژمن هاویشتو بەگەرمەوە دەستی ئەوانەی گوشی کەهەتا ئانیشکیان لەخوێنی رۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلی عەرەبدا سوورە •

لەبەرئەوەی ئەو هەنگاوە پرشوورەییە بەروبوویەکی بۆ رژیمی خۆبەدەستەوەدەری سادات نەبوو ناچاربوو هێندێك هەنگاوی بێشەرمانەتریشی بەدوادا بهاوێژی ، بەوهیوایە کەگوایە لەونەنگانەیە دەربازبێتو نەختێك (ئابروو) بۆخۆی پەیدابکاتەوە • ئەوە بوو کە لەپێشدا (کۆنفرانسی) قاهیرەی پێکهێناو بێهیچ تەریق بوونەوەیەك ئالای قەوارەی رەگەزبەرستی زایۆنی لەسەربانی هوتیلی (میناهاوس) لەجێگای ئالای فەلەستین کەنیشانەی زیندوویی‌و سەربەرزی عەرەبە ، هەلکرد •

پاش ئەوەی ئەوتیرەشی نیشانەی نەبێکا ، ئەمجارە (کۆنفرانسی) اسماعیلیەی رێکخست و (بیگن)ی دۆستی گیانی‌بەگیانی خۆی‌و دوژمنی داخ لەدڵو خوێنەخۆری ئەتەوەی عەرەبی بانگ‌کردە ئەو شارۆچکەیە کەسێجار بەرشەڕی دەستدرێژی‌کەرانەی رەگەزپەرستەکانی تەل ئەبیب کەوتوە • بەڵام ئەوەیە ئەنداری‌یە پرشوورەییە لەتیرۆریستی بەناوبانگیش نانێکی بۆ سادات تێدانەبوو ، هەردوای (وتوێژی دۆستانە) بیگن سەرۆك وەزیرانی دوژمن لەوتوێژە چاپەمەنیە دووقوڵی‌یەکەدا رایگەیاندکە (ئیسرائیل) بەهیچجۆر مل بۆدامەزرانی وڵاتێکی سەربەخۆی فەلەستینی راناکێشێ‌و تەنیا شتێکی کەئامادەیەبیکا ، ئەوەیە کە ئۆتۆنۆمی‌یەکی (ئیسرائیلی ـ ئەردەنی) بدا بەفەلەستینی‌یانەی لەکەناری رۆژئاوای چۆمی ئەردەن‌و ناوچەی غەزەدا دەژین •

دیارە ئەوکەسەی ئامادەیە شەرەفی‌خۆی‌و نەتەوەکەی بێشێلبکا ـ سینوورێك بۆخەیانەت ناناسێ‌و تانەورۆژەی سزای‌خۆی لەدەستی کۆمەڵانی گەل وەرنەگرێ ئامادەی دەستبەردار بوون‌نیە •• بۆیە ساداتیش بۆ درێژەدان بەورتبازی خەیانەت‌و خۆفرۆشی‌یە لەگەل بیگن رێك‌کەوت کەدوو کومیتەی سیاسی‌و عەسکەری ناوکۆیی پێك‌بێنن‌و ئەودوو کومیتەیە ناوبەناو لەقاهیرەو قودسی داگیرکراو کۆببنەوە • هەرچەند بڕیار وابوو کومیتەکان رۆژی دووشەممە ١٦ـ١ـ١٩٧٨ کۆببنەوە ، بەڵام سادات کە زۆر تامەزرۆی (بەرهەمەکانی) کۆبوونەوەی کومیتەی عەسکەری‌بوو ، پێشنیاری‌کرد کەرۆژی چوارشەممەی رابردوو لەقاهیرە کۆببێتەوە • ئەوەبوو ، رۆژی چوارشەممە وەفدی عەسکەری رژیمی سادات بەسەرۆکایەتی (جمسی) وەزیری شەڕی میسر لەگەل وەفدی قەوارەی زایۆنی بەسەرۆکایەتی عزرا وایزمان وەزیری دەستدرێژی دوژمن کۆبۆوەو ئەو ئەفسەرە میسری‌یانەی دەبوایە لەمەیدانی شەرەفدا لەگەل ئەفسەرە زایۆنی‌یەکان بەرەوروبوون ، لەسەرمێزی وتوێژی خۆبەدەستەوەدەرانە لەگەلیان دانیشتن •

کەچی ئەم هەڵوێستە شل‌وشەوێقەش نەك هەرنەیتوانی سیاسەتی داگیرکەرانەو مەزنی‌خوازانەی قەوارەی تەل‌ئەبیب بگۆڕێ ، بەڵکوو بوو بەهۆی ئەوەی زیاتر لەسەررێبازی داگیرکەرانەی خۆیان سووربن • بێجگەلەوە کە مۆشی‌دایان وەزیری دەرەوەی دوژمن بەئاشکرا رایگەیاندوە کە لەهەموو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا جێگایەك بۆ دامەزرانی وڵاتێکی سەربەخۆی فەلەستینی‌نیە ، وەفدە عەسکەری‌یەکەی میسوانی ساداتیش بێی لەسەرئەوە چەقاندوە کە (ئیسرائیل) بەهیچجۆر ئامادە نیە ئاوابیە جوولەکەنشینەکانی سینا چۆڵبکات‌و هێزەکانی بەتەواوی لەوناوچەیە بەرێتەدەر •

ئێستا ئەوپرسیارە دێتەگۆڕێ کە ئاخۆ باش ئەوەی بۆ هەموو دنیا دەرکەوتوەکە هەڵوێستی شل‌وشەوێق بەرامبەر بەداگیرکەر زیاتر دەبێتە هۆی چاوچنۆکی دوژمن ، سادات ئامادەیە دەست لەوسیاسەتە خەیانەتکاری‌یە هەڵبگرێتو بێتەوە ناورێزی جەماوەری ئەتەوەی عەرەبو هێزەشۆرشگێرەکانی یاخۆ تا ئاخرهەناسە لەسەر ئەورێبازە دەڕوا ؟

لەوەڵامی ئەوپرسیارەدا دەبێ بگوترێ تاقیکردنەوەی مێژوو ئەوەی نیشان‌داوین کەسەرکردەی هەروڵاتێك رێگای خەیانەتی گرتە بەر تا ئەوکاتەی هێزی بی‌ئەمانی گەلدەستی خەیانەتکاری‌یەکەی دەبڕی گەڕانەوەی بۆ نیەو رۆژبەرۆژ هەنگاوی خائینانەتری بەدوادا دەهاوێژێ •

دوارۆژی جیان کاپچێك وفان تیزو نوری سعیدو •• مان لەبیر ماوەو بێگومان پاشەرۆژی ساداتو هاوبیرەکانیشی لەوە باشتر نابێ ، هەرچەندی کۆنەپەرستی ناوچەو ئیمپریالیزمی جیهانیش دەستیان بەپشتەوە بگرن •

بیرەوەری «٥٧» هەمین ساڵەی سوپای عیراق

سوپای قارەمانی عیراق لە رۆژی ٦ی کانونی دووەمی ساڵی ٩٢١ وەکو رووداوێکی‌مێژویی گەورە لە دایك بو ، هەر لە یەکەم رۆژی ئەمەنیەوەچەکی خزمەتگوزاری‌و پارێزگاری کردنی گەل‌و سنوری‌عیراقی کردە شان ••

ئەوا بوو بە ٥٧ ساڵی‌ئەواو سوپای قارەمانی عیراق داکۆکی لەسەر گەل‌و وڵاتی عیراق ئەکات‌و سنوورەکانی لە پیلانی ئیمپریالیزم ئەپارێزێ ••

لە ماوەی ئەم ئەمەنەدا سوپای عیراق دوچاری گەلێك کێشەو مەیدانبازی گەورە گەورە بوە کە لە پێش هەموپانەوە کێشەی فەلەستینە •• سوپای عیراق ئەو سوپا سەواوایە نیە کە لە سەرەتای دروسبونیدا بە چەکی سوك‌و کەرەسەی جەنگی وردە پرچەك بو ، سوپای ئەمرۆی عیراق سوپایەکی بیروباوەڕ دارو خاوەن چەکی گەورەو نیستاش جاوی لە پەلاماری مەردانەو دلێرانەی سوپای ئەبەزی عیراقەوەیە رزگاری‌کا •

سوپای قارەمانی عیراق لە رۆژی خولقاندنی کێشەی گەلی فەلەستینەوە عەسەلەی فەلەستینی بە هەسەلەیەکی مەرکەزی ئەرکی پێویستی سەرشانی خۆی زانیوە ،

لەبەر رووناکی ئەو دەورەگەورەیەی سوپای ئازامان ئەیگێری وگێڕاویەتی ، سەرکردایەتی سیاسی ئەو بایەخەمەزنەی بەژیانی سەربازو ئەفسەرەکانی ئەم سوپایە داوە ، دیاری سەرکردایەتی شۆڕش لە بیرەوەری ٥٧ ساڵەی دامەزراندنیا • بە چاککردنی باری ژیانی سەربازی‌یەکان‌و زیادکردنی موچەیان‌و دەرکردنی بڕیاری لێ‌بوردنی سەربازی‌یەکان لە هەموو مەرجەکانی تەمەن‌و بلەی دەرچون لە کاتی وەرگرتنیاندا لە زانکۆکانی وڵاتدا ، ئەم بریارە شۆڕشگێڕانەی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش بۆ سودی رۆڵەکانی سوپای عیراق‌و هێزە چەکدارەکانی تری ، زیاتر هاندەری ئەم هێزە بەباوەرە ئەبێ کە بەدەستی چەکی پارێزگاری‌کردنی وڵات هەڵگری‌و بەدەستەکەی‌تری دڵسۆزانە بەشداری ئەو بزوتنەوە ئاوەدانی‌و پێشکەوتنە بکات کە ئەمڕۆ لە ساڵی شۆڕشی ١٧ی تەموزی مەزندا وڵاتەکەمان ئەیبینێ •

ئەمڕۆ سوپای عیراق بە پێی ئامۆژگاریەکانی سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕش بەردەوام لەسەر ئەو بەڵێنە بیرۆزەی ئەڕوات کە هەموخاکی فەلەستینی داگیرکراو لەدەست زایۆنیستەکان رزگار بکات‌و مافی رەوای گەلی دەربەدەری عەرەب لە سەر ئەو خاوەنی شەرعی خۆی‌و هەموخاکە پیرۆزە بگێڕێتەوە بۆ شوێنەواریکی ئیمپریالیزمی تیا بسڕێتەوە •

جگە لەو ئازایەتی‌و قارەمانەتیانەی کە لە رابوردوو ئیستادا تۆماری کردوە ، ئەم سوپایە پەیوەندی‌یەکی ریشەداری جگەرسۆزانەی بە هەموبنەماڵەو خێزانیکەوە هەیە لە عیراقدا •• رۆڵەی گەلی عیراق کۆڵەکەی راگری ئەم سوپایەیەو سوپاش بە هەموکەرەستەو جبەخانەو چەکی گەورەو بجوکیەوە بۆتە قەڵغانی گەلی عیراق لە روی ئیمپریالیزم‌و پیلانەکانیدا ••

کەواپە ، ئاوی ئەمری بکەینە خەڵاتی هەتا هەتایی ئەم سوپا قارەمانەمان‌و لە ناخی دڵەوە خۆشمان بوێ •

● هاوکاری ●

گفتوگو دەربارەی کێشەی قبرس

نیقۆسیا ـ ئا•د•ع : لەنیقۆسیا ئاشکراکرا کەوا سپیروس کیریانۆی سەرکۆماری قوبروس دوێنێ لەگەل رۆوف دنیکتاش سەرۆکی تورکەکانی قوبروسدا کۆبوەتەوەو لەو کۆبوونەوەیەدا کۆزرت فالدهایمی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ئامادەبووە •

ئەوەی شایانی باسە ، ئەمە یەکەم جارە کە سەرکۆماری قوبروس ، لەو کاتەوە کە بوەبە سەرکۆمار پاش مردنی قەشەمەکاریۆس لە ئابی‌رابردوودا ، لەگەل دنیکتاشدا کۆببێتەوە •

دنیکتاش لە کانوونی‌دووەمی ١٩٧٧ دا لەنیقۆسیالەگەل قەشە مەکاریۆسدا کۆبوەوەو کاتێ کە ئەمینداری‌گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانی‌سەردانی ئەو وڵاتەی مەبەستی ئەم کۆبوونەوەیەی ئیستای کیریانۆودنیکتاش لابردنی کۆسپی بەردەست‌بێ‌کردنەوەی گفتوگۆیەلەنێوان یۆنانیەکان‌و تورکەکانی ئەم دورگەیەدا •

بەهەشتەکەی سەرمایەداری تەنگوچەڵەمەشاڵاوی بۆدەبا!

سوید ، کە بە بەهەشتی‌سەرمایەداری دراوەتە قەڵەم ، لەم رۆژانەدا تەنگوچەڵەمەی‌ئابوری شاڵاوی بۆدەبا ••

ئەوەبو لە پارلەماندامو ناقەشەی گەرم لەبارەی ئەم زاراوە تازانەی ، وەکوگرانی ، بێکاری ، و ئاوسانی پارە ، دەکرێ کە ئەمانە هەمووی مانای تەنگوچەڵەمەی ئابوری‌یە ••

ئەم موناقەشانە گەیشتەڕادەیەك کە سەرەك وەزیران بە ئاشکرا بڵێ :

« ئێمە بەداخەوە ناتوانین‌بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا زاڵ‌بین‌کە تووشی وڵاتەکەمان‌ەو ئەو ئەگەر ئەمە بکرایە ، داخۆ ، کارتەر ـ خۆی ـ لە بێ‌ئابروویی ـ کەمتری بێدەگوتن !!

ئێمە بەداخەوە ناتوانین‌بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا زاڵ‌بین‌کە تووشی وڵاتەکەمان‌ەو ئەو ئەگەر ئەمە بکرایە ، داخۆ ، کارتەر ـ خۆی ـ لە بێ‌ئابروویی ـ کەمتری بێدەگوتن !! »

ئنجا بۆزانینی باری‌گوزەرانی ئەم « بەهەشتە » واچاکە لەم ژمارانەوەوردبینەوە کە رۆژنامەکانی سوید بلاویان کردۆتەوە ••

دەزگاکانی میری ئەخشەیان‌دانابو کە ساڵی ١٩٧٧ بەرهەم ١ر٧٪ زیاد دەکات کەچی ٢ر٣٪ کەمی‌کرد ! کەئەمە یەکەم کەم‌کردنە لەپاش‌دووهەم جەنگی جیهانی‌یەوە • هەروەها رادانرابو کەشتومەك نادرنە دەرەوە بەرادەی ١٪ زیادبکات کەچی‌زۆر لەوە کەمتربوو •• وە دلنیربو کە ٢٪ سەرمایەتەرخان‌کردن بۆ پیشەسازی زیادبکات کەچی ١٤٪ کەمی‌کرد ••

بەڵکوونیە ئەرازوی‌پارەدان (مدفوعات) گەیشتە ١٦ر٥ ملیار کرونە ••

سەرەك وەزیران دانی‌ئابوەودا کە کەم کردنەوەی نرخی پارەو دانانی باجی‌نوێ‌بوو بەهۆی زیاتر ئاوسانی پارە وە گرانی لە ٦٪ گەیشتە ١٣٪ بەرادەی ٣ر١٦ زیادی‌کرد کە ئەمە بوو بە هۆی کەم‌کردنەوەی کرێی راستەقینە بەرادەی ٤٪ ئەم دۆخەوای کردکە لە ستوکهولم و هەموو ناوچە گرنگەکان مان‌گرتنی کرێکاران رووبدا بۆ زیادکردنی کرێو دانانی‌رادەیەك بۆ بێ‌کاری‌و گرانی•• ئەم دۆخە گەیشتۆتە رادەیەك‌یەکێك لە رۆژنامەکانی ستوکهولم نووسی :« بەرنامەی حکومەت بۆوەستان بەرامبەر ئەم‌تەنگو چەڵەمەیە نەیتوانی وابکات تائێستا ئابوری وڵات‌بخاتەوە سەرێ ، هەرچەندە نرخی پارەی وڵات بەرادەی١٦٪ کەم‌کرایەوەو گەلێك بەش بوجەی ساڵی ١٩٧٨لابرا •• » •

بێزاری لەدەستتێوەردانی ئەمەریکا لەکاروباری ناوخۆیی وڵاتدا

گەشتە نۆ رۆژییەکەی ، کارتەری سەرۆکی ئەمەریکا لەسەرەتای ساڵی تازەدا ئەوەی دەرخست ، کە ئەمەریکا ، هەر چاووڕاوێك بکات دەربارەی دیموکراتیەت‌و پاراستنی مافی مروف‌و بەرگری‌کردن لە ئازادی گەلان ، گورج بەکردەوە ، دەری‌دەخات کە مەلبەندی سەرەکی ئیمپریالزمەو بوە بە ژاندرمەی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی کۆنەپەرستی هەموو جیهان ••

ئەوە بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەراست‌و ئەو وڵاتە عەرەبیانەی پیاندا گەرا ، بەئاشکرا هەوڵیدا بۆ رێك‌خستنیان لەگەل زایۆنی دوژمن وە لەبارەی ئەوتەوە ، بە هەموو توانا هەوڵیدا بۆ راگرتنی نرخی نەوت‌و زیاد نەکردنی بۆ سوودی مۆنۆپۆڵە نەوتی‌یەکانی ئەمەریکا •

ئەم رێرەوەی ئەمەریکا ، رێرەوی دەست تێوەردران لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان ، هەر دەرحەق بە وڵاتە بچوك‌و تازە گەشەکردوەکان نیە بەلکو لەوڵاتێکی وەکو فەرەنساو ئیتالیا بۆتە هەروازەنا لەسەر ئەم بێ ئابروویی‌و دەمەرێژییەی سەرەك کارتەر کە بەئاشکرا دەڵێت دەبی ئەیەلن ـ شیوعیەکان لە ئەوروپای رۆژئاوا هاوبەشی هیچ حکومەتێك بکەن ••

نازانین هیچ کار بەدەستێك لەهیچ وڵاتێك بە گەلی ئەمەریکایان گوت ، دەبێ کارتەر هەل نەبژێرێ وە ئەگەر ئەمە بکرایە ، داخۆ ، کارتەر ـ خۆی ـ لە بێ‌ئابروویی ـ کەمتری بێدەگوتن !!

سادات « پاشماوە »

هەردوولایان باسگراوە •

هەر خۆی ڤانس پێرێ شەو رای‌گەیاند کە کۆبوونەوەی سیاسی ساداتو زایۆنی کە بریاروابوو ئیمڕۆ لە قودسی داگیرکراو دەست پێبکا ، دواخرا ، بریاریش وابوو وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکاو زایۆنی دوژمنو رژێمی سادات لە کۆبوونەوەکانی ئەو لیژنەیدا ئامادەبن •

لە لایەکی ترەوە رۆژنامەی (نیوێورك تایمز) وتی لە حەفتەی داهاتوودا ئەمەریکا دەست بە جەو جۆڵێکی نوێ ئەکا بۆ تەکاندان بە رەوڕەوەی رێکەوتنی خۆ بەدەستەوەدەرانەی نێوان دوژمنو رژێمی سادات •

هەروەها رۆژنامەکە وای راگەیاند کە حکومەتی ئەمەریکا پێشنیازێك پێشکەش ئەکا بۆ گەیشتن بە رێکەوتنێکی وەختی سەبارەت بە دوارۆژی بەری رۆژئاوای ئوردنو کەرتی غەزە • وە وتی ئەو پێشنیازەش بەرەپێدانی پێشنیازەکانی پێشووی ئەمەریکان •

لە لایەکی ترەوە پیرێ شەو سەرەك وەزیرانی دوژمن مەناحام بیگن گفتوگۆو راوێژێکی زۆری لەگەل ژمارەیەك لە ئەندامانی وەزارەتەکەی‌داکرد • رادیۆی دوژمنیش بڵاوی‌کردەوە کە ئەندامانی وەفدی زایۆنی لە هەردوو لیژنە هاوبەشیە سەربازی‌و سیاسی‌یەکەی زایۆنی‌و سادات لەو گفتوگۆو راوێژکاریەدا بەشداربوون •

پەنجەشی بۆ ئەوە کێشا کە ئەو راوێژکردنە زیاتر لە سەعاتێك‌ونیوی خایاندووەو لە پاشانا کۆبوونەوەیەکی داخراوی بەدوادا بەستراوە مەناحام بیگن‌و وەزیری دەرەوەو وەزیری کشتوکاڵی تیا بەشداربوون •

هەروەها لە لایەکی ترەوە پێرێ شەو سەرۆکی ئەمەریکا لە راگەیاندنێکدا داوای لە زایۆنی دوژمنو رژێمی ساداتکرد ، زیاتر هەوڵو تەقەلا بدەن بۆ هێنانەدی ئەوەی پێی دەڵێن رێکەوتن •

کارتەر ستایشو سەنای خۆی بۆ دەستپێشکەری‌کردنە خیانەتکاریەکەی ساداتو پێوەندی‌کردنی بەدوژمنەوە نوێ‌کردەوەو بە کردارێکی ئازایانەی لەقەڵەمدا •

سەرۆکی ئەمەریکا بەنجەی بۆ ئەوەش کێشا کە ئەمەریکا بەردەوام دەست ئەغاتە کاروباری بزواندنی ئەو کارەی بەکاری ئاشتی گەرانە ناو ئەبرێ • وە وتی بەردەوام هەموو حەفتەیەك بەیوەندیی بە بیگنو ساداتو کاربەدەستانی تری ناوچەی عەرەبیەوە ئەکا •

لە لایەکی ترەوە رادیۆی دوژمن رای گەیاند کە لیژنەی سیاسی زایۆنی‌و سادات هەروەك بریاری لەسەر دراوە ئیمڕۆکە بەبێ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سایرۆس ڤانس کۆنەبێتەوە •

هەر پێرێ شەویش فەرمانڕەوای میسر لە قاهیرە لەگەل ئەندامانی وەفدەکەی خۆی بۆ کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەشی زایۆنی‌و سادات کۆبۆتەوەو هیچ شتێکیش دەربارەی ئەو کۆبوونەوەیە بڵاونەکراوەتەوە بەڵام ئەوەی راگەیاند کە محمد ابراهیم کامل وەزیری دەرەوەی ساداتو سەرەك وەفدی بۆ کۆبوونەوەی لیژنەکە دوای ئەوە چاوی بە باڵوێزی ئەمەریکا ـ ریتشارد ئیلتس ـ لە قاهیرە کەوتووە •

هەترسی‌یەکانی پرچەك‌کردن

گومەلی نەتەوە یەکگرتوەکان لە دوا کۆبونەوەیدا ، بانگەوازێکی ئاراستەی هەموو دەوڵەتەکانی جیهان‌کرد تاکو بوجەی خۆ پر چەك‌کردنیان کەم بکەنەوە ، وبەشێکی بۆ گەشەپێدانی ئابوری‌و کومەڵایەتی تەرخان بکەن ••

ئەو بانگەوازە گەلێك ژمارەو راستی تیدایە کە مووچرك بە لەشی مرۆڤدا ئەهێنی‌و نەترسی ئەم پر چەك‌کردنە تارادەیەك دەخاتە روو •• وەکو ئەوەی کە لەم کاتی ئاشتی‌یەدا ژمارەی سەربازی هەموو لەشکرەکانی جیهان ٢٢ ملیون سەربازو ئەفسەرە وە ٦٠ ملیون کەسی تریش لە دەزگاو کارگەی چەك دروست‌کردن‌و ئەو خزمەتانەدا کارئەکەن کە پێوەندی‌یان بەسوپارە هەیە •

ئەم ٢٨ ملیون کەسە بە قەدەر ژمارەی هەموو ئەو مامۆستایانە دەبن لەهەموو قوتابخانەو کولیج‌و زانکۆکانی جیهاندا کار ئەکەن •

ئەوەی هەموو جیهان خەرجی دەکات بۆ خۆپر چەك‌کردن‌و سوپا هەموو ساڵیك لە ٣٥٠ ملیۆن دۆلار زیاترە ، لەهەمووش سەیرتر ئەوەیە کە ٧٥٪ی ئەم هەموو بارەیە شەش دەوڵەت تەرخانیان کردوە وەچوار دەوڵەتە سەرمایەدارە گەورەکە (ئەمەریکاو فەرەنسا‌و ئەڵمانیای رۆژئاوا‌و بەریتانیا) لە نێوەی ئەم بارەیە زیاتر ئەوان خەرجی ئەکەن بۆ ئەم مەبەسە ••

ئەوەی سەرنج رادەکێشێ کە دەوڵەتە تازە پێگەیشتوەکانی جیهانی سێ خەرج کردنیان بۆ پر چەك‌کردن‌و سوپا لەزیاد بوونداید کە بەهەموویان دەگاتە ١٤٪ی هەموو خەرج کردنی جیهان بۆ چەك‌و سوپا • وە لە ساڵی ١٩٧٦دا نرخی‌کڕینی چەك لەلایەن دەوڵەتەکانی جیهانی سێوە گەیشتە ٣ر٧ ملیار دۆلار •• ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە هاتەهانەی دەوڵەتە سەرمایەدارە چەك فرۆشەکان لەم بوارەدا چ دەورێکی هەیە •

جیهان دەتوانی بەتەنها ٤٪ی پارەی چەك‌و سوپا ٣٠٠ هەزار کەس‌کە هەموو مانگێك لە برساندا دەمرن ، رزگار بکات وە بەنرخی پاپورێکی فرۆکە هەڵگر ، دەتوانرێ ١٠٠ هەزار منداڵ لەکوێری رزگار بکرێ ••

ئەم هەموو خەرج‌کردنی خۆ چەکدار کردنە دوو چەندانەی هەموو بەرنامەکانی گەشەپێدانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌یەو سێ چەندانەی هەموو ئەو پارانەیە کە بۆ تەندروستی‌و فێرکردن‌و رۆشنبیری تەرخان‌کراون •

چونکە بەپێی ئەو سەرژمێری‌یانەی کە نەتەوە یەکگرتوەکان لەم بارەیەوە بڵاویان کردۆتەوە ، دەردەکەوێ کە ساڵی ٢٥ ملیار دۆلار تەنها بو چاککردنی چەشنی پر چەك دانراوە بەڵام تەنها ٤ ملیار بۆ تەندروستی دانراوەو ١ر٧ ملیار بۆ فێرکردن دانراوە ٥٠ ملیۆن بو پێشخستنی‌چاپەمەنی دانراوە• ••

ئەم سامانە بێشومارەکە بۆ پرچەك کردن‌و پێشخستنی چەك دانراوە ، بەتایبەتی دۆزینەوەی چەکی کوشندەی تازە ، یەکێکە لە ئەنجامەکانی رێبازەوی ئیمپریالیزم وسەرمایەداری ، هەروەکو چۆن ئیستا ئەمەریکا دەیەوێ بومبای نیوترون‌و گەلێك چەکی‌تر ، دروست‌بکات

Institut Kurde de Paris

لە گەڵ یەکەم بەرهەمی چیرۆک نووسەکانمادا

بەسەرهاتی کنێر وسەرەتایەک بۆمەبەندی لۆژلە چیرۆکی کوردیدا

(بەسەرهاتی کنێر) یەکەمین نۆبەرەی بڵاوکراوەی کاکە مەم بۆتانیە لە بواری چیرۆکنووسینیدا .. لەژمارە ٨٧ی گۆڤاری هەتاوی ساڵی ١٩٥٧دا وبەناز ناوی (راپەڕ) بڵاوی کردەوە .

چیرۆکەکە بەکورتی باسی خۆکوشتنی کیژێکەو نامەیەکی لەدوا بەجێ ماوە (بۆ ئەو کەسەی ئەیەوێ) بزانێ هۆی خۆکوشتنەکەی چیە ؟ بێ گومان دەستانەوێ ئەو نهێنیەمان بۆ روون بێتەوە ، « کنێر » خۆ کوشتنی بەلاوە پەسەندتر بوە لەوەی (مێرد بەپارە بکا) .. نامەکەش بە رستەیەکی کاریگەرو پڕ لە ئەحەدا کۆتایی دێ « ئیتر بە خواتان ئەسپێرم گیاندارانی ماندو سەر لێ شێواوانی رووی زەوی » .

دایە لۆگ :

کاکە مەم هەر لەم چیرۆکەیەوە بایەخێکی گەورەی داوە بە دایەلۆگ و شێوە هونەریەکەی وەستایانە خستۆتە ڕوو .. لە کاتێکدا کارەساتی چیرۆکەکەو سێو دووکردنی دەروونی پالەوانەکان بەردەوامە .. لە پڕ دەنگێ لە پال داشێکەوە ئەو بەردەوامیە دەبڕێنێو بەبێ ناو هێنانی خاوەنی دەنگەکە .. یەکسەر دەزانین کام پالەوانە دە دوێ .. هەر کوت و مت وەك ژیان خۆی .. لەژیاندا هیچ مرۆڤێ کە دە دوێ .. ناوی خۆی ناباە .. یان نالی من قسە دەکەم .. بەڵکو کە گوییمان لێ دەبێ .. دەنگەکە دەناسینەوە .. ئەگەرچی چاویشمان لە قسەکەر نەبێ .. وەك لەم پارچەیەی چیرۆکەکەدا دەی بیسین .

(... تۆ بنواڕە هەموو گیانیشی نەلەرزێ !..

ـ کوا دایکتو وان

ـ هەموو نوستن .. منیش ...)

بەڵام ئەوەی لەم بارەیەوە لە چیرۆکنووسی تنیك داوە بەستنەوەی دایەلۆگەکانە بە مەنەلۆژەکانەوە . واتە لێکی جیا نەکردوونەتەوە .. دەنگ دەبیسین .. دوا بەدوای ئەویش بیرو لێکدانەوەی بێ دەنگ .. بەدوای یەك داو بێ پچراندن .

مەنەلۆژ :

لە جیاتی کردنەوەی مەنەلۆژو دایە لۆگداو لەو بەردەمەدا نابێتە جێگەی سەرزەنشت کردن ، بەڵکو بەپێچەوانەوە .. هەمیشە بەدوای قسەکردنێکدا چەند شتێکی تر بە خەیاڵماندا دێتو نایکەین بە (دەنگ) .. لە چیرۆکەکەشدا خوێنەر بەئاسانیو بێ کەواتەکردنەوە دەزانێ ئەمەیان دەنگ نیەو « شتێکی » ترە ..

کەواتە دەتوانین لێرەدا ئەوە بسەلمێنین .. کە سێو دووکردنی دڵو دەروونو مێشكو فیکرو هەستی پالەوانەکانو غایلەو خونوورە راگوزاریو پێچینەییەکان هەر لەم چیرۆکەوە تا کە بەرهەمەکانی ئێستای کاکە مەم دەگا ، بە باشی هەستی پێ دەکرێ .. واتە پالەوانەکانی هەر دیوی دەرەوە نیە . بەڵکو دیوی ناوەوەشیان لە ئارادایەو بایەخدانی چیرۆکنوس بەدیوی ناوەوەی پالەوانەکانی گەشتۆتە رادەیەك کە جێگەی دیارو شیاوی خۆی لە چیرۆکی کوردیدا بگرێ ، کە ئەم دیاردە بە لای چیرۆکنووسەکانی ترەی ساڵانی بەنجا دەگەمەن بوو .

ئەمجا با ئەم بەسەی چیرۆکەکە وەك نموونەیەك بگرینو دیاردەکانی تیدا بخەینە پێش چاو ..

(ـ شەو باش سوار ... خێرە وا بەوشەوە درەنگە هاتویتەدەرێ ؟ وەرامی نەدامەوە ! تەماشایەکم کرد .. سەرەڕای ئەوەی بەبیجامەوە هاتۆتە دەرێ ڤژیشی تنك چووە .. ئای نەعلەکانی بەدەستەوە گرتوە .. بۆ وا زەرد هەڵگەڕاوە .. من لام وایە شێتبووە ! ئێوارە لەگەڵ من بوو .. بەرووخۆشی گەلێ قسەو گفتو گۆمان کردووە.. تۆ بنواڕە گیانیشی نەلەرزێ ..!

ـ کوا دایکتو وان

ـ هەموو نوستن .. منیش خۆم بە خوێندنەوە خەریك کرد بوو .. نەتوانی کارەکەت بەمن بڵێی ؟!

نەلێم شێتبووە !! ئەو کوڕە شەرمنەی بەبزۆریش سەری بەماڵمانا نەئەکرد ، وابێ ئەوەی دێی بدەم چووە ژوورێ ..!

ـ دایە نەسرین .. هتد)

لە سەرەتاوە دایە لۆگەکە دەناسرێتەوە کە هی کچەی(١) ناو ماڵەکەیە .. ئەمجا باسی (سوار)و جلو بەرگەکانیو رەنگو رووەیتی لە سەرزمانی کچە .. دوای ئەوەش هەستو سەرسامی دەربڕینی کچەیە بەرامبەر بەو وەزعەی (سوار)ی تیدایە .. (ئای نەعلەکانی ؟...) کە هیچ نەبێ لێرەوە مەنەلۆژ دەست پێدەکاو لە (ئەلەرزێ ..!) دا کۆتایی دێ .. هەمدیسان لە (ئەلێم شێتبووە) وە تا (چووە ژوورێ ..!) .

ئەمەو چەند مەنەلۆژێکی بەهێزی تری تیدا بەدی دەکەین کە بە تێکڕایی لە خزمەتی ڕاستەو خۆیانەی بنیادنانی چیرۆکەکە دان ..

ئەم دەربڕینو هەوڵ دانەی چیرۆکنووس .. بە دیاردەیەکی بەپێتو بە سەرەنایەکی باش دادەنرێ لە چوونە ناوەوەدا بەرەو باس کردنی هونەری مەنەلۆژ لە چیرۆکی کوردیدا ..

هەندێ لایەنی هونەری لەم چیرۆکەدا خۆی بەلاوازی بەدەستەوە دەدا .. وەك ئەو پێشەکیەی کە لێرەوەی دەچێتە ناو چیرۆکەکەوەو دەتوانرا بەرێگاوە دەستی پێبکرایەو لە دەمەتەقێی نیوان (سوار)و کچەو نەسرینی دایکیەوە نەوە روون بکرایەتەوە .. سەرەڕای ئەوەی نووسەر ناوی کچە (کە پالەوانێکی مەرکەزیە لە چیرۆکەکەدا) ناهێنێ .. بەڵام ناوی (نەسرین) و (سوار)ی برای کنێر دووبارە دەکاتەوە .. کە هەردوکیان لە پلەی (کۆمبارس)دان .

جگە لەمەش کچە دەستە خوشکێکی مردوە .. لە جیاتی ئەوەی دەورێکی تەبیعی ببینێ لە بەشداربوونی خەم

بڕوانە ل : ٧

دڵ لە دەریای ویستەکانەوە

(١)

بولبول گوڵی لەباوەشی بەهار دەوێ
رووبار ناوی لە شەپۆلی دەریا دەوێ
گێلکە تاسەی شکاندنی تینوویەتی
لەگریانی هەوردەوێ ....
منیش نازدار :
تیشکی شادیم ... لەچاوانی ڕەشت دەوێ
ئەلقەی پەنجەم ...
لەگەنجینەی سوخمەت دەوێ
هێلانەی خۆم ...
لە باوەشی گەرمت دەوێ

(٢)

ئەی دلدارە دلگیرەکەم ..
ئەی نازانی .. نیگای بەهار بێچاوی گوڵ
چەند ڕوون تەلخو ناشیرینە ...!؟
ئەی نازانی ... سیمای ئاسمان
بێ تروسکەی چاوی گەشی ئەستێرەکان
چەند تاریکەو چاوگەی قینە ...!؟
ئەی نازانی ... کوتری دڵی (مەم)ێ
بێ تەماشای قەدوبالای خاتوو (زین)ێ
چەند خەمبارو ... چەند خەمگینە ....!؟
ئەی نازانی ... دڵی منیش ..
بێ ڕووخساری لەنجەولارت
بێ بینینی خەتو خالت
هەناسەیەکی بێ ژینە

کەریم مەحمەد حوسێن

لەگەڵ مێرۆك نووس کاك ئازاد هوندیانی

کاك ئازاد وەکو چیرۆك نوسێك توانیوەتی تاڕادەیەك بچێتە ناخی کۆمەڵو چارەی بەشێکی گیروگرفتەکانیان بکات بەتایبەتی لەم ماوەی دوایی‌دا چەند چیرۆکێکم کەوتۆتە بەرچاوو بگرە بەشێکیشیان کراونەتە عەرەبی . هەر ئەوانیش کاریان تێ کردم کە ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵ سازبکەمو بەخوێنەرانی بناسێنم .

پرسیار : سامانی فۆلکلۆری چیرۆکە نەتەوایەتیەکانمان وەکو تاقیگەیەك چ چێژێکت پێدەدەن ؟

وەڵام بچران لەفولکلۆر مایەی هاتنەکایەی ئەدەبێکی نامەعقولەو ئەدەبی نامەعقولیش لای من ڕەفزە . چالەم ڕوانگەیەوە لەنوسینەکانمدا هەمیشە هەوڵی ئەوەم‌داوە لەمێژوو دانەبڕێم . چونکە دابڕانم دەبێتە هۆی گوم بوونم لەناو گێژاوی ئەدەبێکی کرچوکالی ئەوها ساده کە بۆماوەی ساتێکیش نەمری وەدەست ناخا بەڵام لەهەمان کاتیشدا نالێم کەلە بەرهەمێکی ئەدەبی سەردەمدا کەلەپوو هەرشتێك بێت . بەڵکو ئەبێ کەلەپور لە بەرگێکی ڕازاوەی نوێدا پیشان بدرێو هەر شاکارێك بەوجۆرەبێ نەمرە ، چونکە بەلگەمان بەدەستەوەیە ، ئەوەتا ئەفسانەی (چیای ئاگری) مامۆستا (یەشار کەمال) کەرهەر بەشێوە فۆلکلۆریەکەو بمابایەوە ئەوا وەك (تحفە) یەك ئەبوو بەس بەڵام کەبەرگی نوێی کرابەبەراو توانی خۆی لەگەڵ گۆڕانکاریە (فکری)و تەکنەلۆژیەکاندا ڕابهێنێو سەرکەوتن دەستبخا .

پرسیار : ئەی بەڕای‌تۆ هیچ پەیوەندیێك هەیە لەنێوان باری دەروونی چیرۆکنوس‌و ژانەکانی کۆمەڵ .

وەڵام چیرۆك نوس بەتایبەتیو (ئەدیبو هونەرمەند) بەگشتی هەریەکەیان ئەندامێکی کۆمەڵن . ژانەکانی کۆمەڵیش ، ژانی هەموو ئەندامێکی بەتەنگەوە هاتووی کۆمەڵە کەواتە پەیوەندی باری‌دەروونی چیرۆك نوس‌و ژانەکانی کۆمەڵ ئەبێ چی‌بێت ؟ ئەوە وەك ئەو پرسیارەیە کەئەڵێ : پەیوەندی خانەیەك (خلیة) لەگەڵ ناوکی‌دا چی‌بێت ؟ چونکە بەڕای‌من هەرئەدیبێك لەژانەکانی کۆمەڵ دووزە بەرێزبوو مانای ئەوەیە یەکێك نیە لەکۆمەڵەکەی‌داو ناهەقیش نیە کەلەژانەکانی نەگات . چونکە ئەو ئەدیبە هەر بۆجیهانە سەیرەکەی خۆی ئەدوێو لەچوارچێوەی کەسایەتی دەرناچێت . ئەلبەتە ئەوجۆزە ئەدیبەش لای‌من بەمردوو دەژمێردرێ (ادبیا) .

پرسیار : خەز لەهەڵبژاردەی چەند ووشەیەکت دەکەین .

وەڵام دواووشەشم ئەوەیە : دەمەوێ دەنگم تێکەڵی دەنگی مامۆستا (محمدی ملا کریمو دلشاد مەریوانی) بکەمو بڵێم با چیرۆکی کوردیمان لەقاوغی کەسایەتیو کارلێکردنی (جزئی) لەگەڵ واقعی کرێکاراندا دەرچێتو لەواقعەکەیان بگات بۆ ئەوانیش بنوسێ .

ئامادەکردنی
غزاو خەیلانی

پێنەگۆڕکێ

● زمانەوانی ●

یەکێك لەو دیاردانەی کەتایبەتە بە زمانەکەمانەوە پێنەگۆڕکێیە .. گەلێ جار لەوشەیەکدا ، پیتێك یان بڕێ جێگاکانیان دەگۆڕێ‌نەوە ، بێ ئەوەی هیچ لە واتای وشەیە بگۆڕێ یەکجار کە وشەلە دایلێکتێکەوە دەگۆڕێ بۆ دایلێکتێکی تر ئەم دیاردەیەمان باشتر بۆ ئاشکرا دەبێ .

والە خوارەوە چەندنموونەیەك تۆمار دەکەم تاکو وەکو کەرەسەیەك لە بەردەم ئەوکەسانەدا بێ کە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردییان‌مەبەستە .

ئاشکرا	ئاشکار		زیخەڵان	خیزەڵان
بڕوانە	بنواڕە		زراو	زوار
بزوێنە	بزێونە		مانیلووس	مالینووس
بەفر	بەرف		مێژچە	مچۆلە
پشقل	قشپل		مێرووڵە	مێلوورە
پێخواس	پێخاوس		مرومۆچ	مجومۆڕ
تیپ	بیت		کوێخا	کێخوا
جەرگ	جگەر		کیرە	ڕیکە
چاوەڕوان	چاوەنواڕ		کیرەکیر	ڕیکەڕیك
داساکان	داکاسان		گۆیز	گێوز
دووڕمان	دروومان		نقوم	نقوم
وەڕی	ڕەوی		سەروسەمەنە	سەمەنیر
زیخ	خیز		سەرین	سەنیر
			فڕی	ڕفی
			قووچان	چووقان
			شەروان	شەڵوار
			شەقار	قەشار
			شێلوو	شلوێ
			تەرزە	تەزرە
			تەشبی	تەپشی
			تەشوێ	تەوشێ
			تووڕی	تینوڕ
			توێکل	تویلك ، تیکوڵ
			تەرح	تەحر

ئامادەکردنی : محەمەد فەریق حەسەن

چەند سەرنجێك لەکتێبی « مەمی ئالان »

بێگومان زیاندنەوەی کەلەپوری ئەتەوایەتمان کارێکی گەلێك گرنگەو پیرۆزەو پێویستە بە هەموو لایەکمان بایەخی پێبدەین ، ئەو نووسینانەی کە ئێستا لەبەردەستی خوێندەواراندانینو چنگ‌ناکەون ئەگەر بەزمانی خۆمان بوو پێویستەناوەناوە لە چاپیان بدەینەوەو کارێکی وا بکەین کە لە ناونەچن ، ئەگەر بەزمانی خۆشمان نەبوو ئەوا پێویستە وەریان بگێرینو بەشێتیکی هەندیان هەڵبگرین .. نکۆڵی لەوەش ناکرێت کە تا ئێستا هەندێ مامۆستاو نووسەرانمان ئەم کارەیان ئەنجام داوەو تا لە توانایاندا بووبێت درێغیان نەکردوە بەڵام هێشتا ئەو بەرێزانەی کە ئەم کارە دەکەن یان کردوویانە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن .

جا بۆیە دەڵێم ئەم کارەی کە (کۆڕی زانیاری کورد) لەم بارەوە دەیکات کارێکی یەکجار بەسوودەو ، تا ئەمرۆش بەگوێرەی توانای خۆی زمارە کێبێکی لەم سوچەوە خستۆتە بەردەست خوێندەواران .

ئەوەی ئێمەش دەمانەوێ چەند سەرنجێکی دەربارە بنوسینەوە دواکتێبی (کۆڕە) کە لە (زنجیرەی زیاندنەوەی کەلەپوری ئەدەبی کورد ژمارە (٩) یەو بەناوی « مەمی ئالان »ە .

لێرەدا نامانەوێ باسی ناوەرۆك‌و دڵداریەکەو بابەتی کتێبەکە بکەین ، چونکە ئەو چیرۆکە لە کوردەواریدا باوەو زۆربەی زۆری خوێنەواران شتێکی لێوە دەزانن ، بەڵام دوای بەراورد کردنی کتێبەکە لەگەڵ کتێبە لاتینییەکەدا چەند شتێك سەرنجی ڕاکێشام ئەگەر بۆ خوێندەوارانی نەمرکێنم لەسەر دڵم دەبێتە گرێو کەسەر .

بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر تامی لەداستانەکە وەربگرتایە ، جگەلەمەش ، هەقی هونەرمەندێك بەفیڕۆ نەدەرۆیشت کە وەختی خۆی وادیارە جاك چۆنە دیوی ناوەوەی پالەوانانی داستانەکەو وێنەی کێشاون ، بۆمانیش دەردەکەوت ئایا کورد وەختی خۆی هونەرمەندی بەوناوەی هەبوە ، یان هونەرمەندی میللەتێکی‌تر ، هونەرمەندەکەش بە ڕێنووسی کوردی ئێستا ناوی خۆی لەژێر وێنەکان نووسیوە (زیاد) .

٣ ـ کتێبە لاتینییەکە لەدوالاپەرەیدا ئەم هەڵانەی تیدا دەست نیشان‌کراوە کە لە کتێبەکەدا ڕووی داوە ، بەڵام وا دەردەکەوێ ئەم لاپەرەیەش سەرنجی ئەو دوو برایەی ڕانەکێشاوە ، بۆیە ئەم هەڵانە لە کتێبەکەی (کۆڕ)دا هەروەکوو خۆی ماونەتەوەو لەزۆر جێگادا ، مەبەستەکەیان شێواندوە . وا من لێرەدا بۆ ئەوەی خوێندەواران سوودی لێوەربگرن هەموو هەڵەکانو لاپەرەو دێریان دەستنیشان‌دەکەمو ڕوونوسی لاپەرەی کتێبە لاتینییەکەشیان‌دەخەمە پێش چاوان .

هەڵە	ڕاست	لاپەرە	دێر
ئان‌گۆتە	ئانگۆ	١٤	دوا دێر
برایێن	برایێنوی	٢٨	٢٢
جا	چاڤ	٥٢	١٣
حومەیلیا	حمێلیا	٥٤	٦
کەسرانە	کەسەرانە	٥٦	٢
دەروانە	دەرەوانە	٥٦	١٢
خیال	خیالە	٦٠	١٨
پسمێن	بسمامێن	٦٨	١٨
وە	وێ	٦٨	٢٩
یرە	یرۆ	٦٩	٤
تەوفاندنە	قەوتاندنە	٧٢	١٩
دەدەلفارت	دەدافورت	٧٤	١٠
یی	ژێ	٩١	٨
میرا	میرێ	٩٥	١٢
دیرا	دیسا	٩٨	١٨
دینا	منا	١١١	١
چڤان	چیان	١١٣	٣
بوە	خوە	١١٦	١٩
ئەخ	ئەز	١٢٠	٢١
بە	یکە	١٢٤	١١

٤ ـ ناوی کتێبەکە خۆی(داستانا مەمێ ئالان)ـەو ئەبوایە هەروەك خۆی‌بنوسرایە .

لە دوایشا هیوای زیاترخزمەتکردن بۆ کاك صالح عەلی گوللیو ئەنوەر قادروهەموو برادەرێکی‌تر دەخوازم کە ئەم جۆرەکارانە دەکەن بۆخزمەت کردنی کەلەپوری میللەتەکەیان .

عەبدوللا زەنگنە

خەوەکانی ئەم پایزە نادرکێنم

ئەژی گۆران
١٩٧٧/١٢/٩

ـ لەخەومابو .. چیەرازت ..
باسی لانی گەرم کردوی .. دو کەرۆیشکی
سەرسینەتی ئەدایەروم
ـ خەوبینینی .. دو کەرۆیشکی تیروقەلەو ...؟!
ـ لەباخەلتا .. چۆن ئەتوانن .. ئارام‌بگرن ..
چاویان بەجوت بجێتەخەو ..؟!

★

ـ ئەگەر ڕێم‌بەی ...
لاسارنابم .. دو چۆلەکەی کز هەڵ‌نیشتو ..
لەسەرسینەت هەڵ‌نافرێنم ..
ـ خۆ بەرۆکت .. بەربەرۆژەی کوێستانێکە ..
ئەگەر ڕێم‌بەی !.. حەزو تاسەم .. لەبن پرچی
خەوالوتا ..
هێلانەی خۆیان گەرم‌کەن ..
ـ تۆ گوێ‌بگرە .. تۆ گوێ‌بگرە ...!
چپەی ڕازیان .. خەوەکانم ئەگێڕنەوە ..
ـ خەوی پایز گەروانەلێ ..!
چۆن ئەتوانم بیدرکێنم ..

پەخشانە شیعر

گەڕانەوەی کات

جەزا عەلی ئەمین

بیردەکەیەوە ..
ڕوانینەکان دەبنە هەنگاو
دەتبەن‌و پێنازانی !
کات‌زمێرەکەی دەستت
تا لەنەرمەکانی کەمریت تاك دەکاتەوە
بەرهەوایان دەدا ،
ئەو چرکانەی ئەلماس بەبێ‌دەنگیتا ئەمێنن
بیشکێنە ...
باخلیسکەی وەرزەکان نەبیسی
باشۆرەبی ئەندامت نەشەمزێ
تاسەکانی تیا نەوەرێ
منیش لەبێدەنگیما نەسووتێم ..

× × ×

بریا دەمزانی بیر لەچی دەکەیەوە
دەشێ خۆشت نەزانی !
ـ سات وەگێرە !
ئەوە گولە بەهاریەکانن
لە هەناسەما شین‌بوون
بۆنیان‌کە :
ئەوە ڕووباری تەمەشاکانمە
خۆ وەبەر پلوسکیان‌دە !

× × ×

وادێی ، وادێی
شەپۆلەکانی زێی جووك کەوی دەکەی
پوولەکەی ماسییەکانی دەبژێری
گەڵای سوورەچنار دەکەیە پویلانەی
خەوەکانت
لەجلەکانی خاتو تەستی دەگەڕێی
بیانتوێنی ،

× × ×

کچێ ! بیر لەچی دەکەیەوە ؟
نیسێی ئاسۆسی هەڵدەدەیەوە
بۆ لوولاکی فەرخ دەگەڕێی
هاشەی کەلەکە بەرد نابیسی
بیرکردنەوەت پان دەکاتەوە

× × ×

ئەوە تۆیو بەتەنیانی
کێ دەڵێ من‌نیم ؟
یان ئەستیو فەرخ‌نین
لەشەپۆلەکان دەبنەوە
سێبەری هەورانیان لەسەرە

Institut Kurde de Paris

سەرۆکی بەڕێز سوپاسنامەیەکی لە سەرۆك تیتۆوە پێ ئەگات

بەڕێز سەرۆك احمد حسن البکر بروسکەیەکی سوپاسنامەی لە سەرۆك جۆزیف بروز تیتۆ سەرەك کۆماری یوگسلافیای سۆشیالیستی یەکگرتووە لەوەرامی ئەو بروسکەپیرۆزبایەدا کە سەرۆك بەبۆنەی جەژنی نیشتمانی یوگسلافیاوە بۆی ناردبوو پێی گەیشتووە ٠

ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە ٠٠

سەرۆك احمد حسن البکر سەرکۆماری عیراقی بەڕێز سوپاسی ئێوەی بەڕێزو گەل و حکومەتی عیراقی دەکەم بۆ ئەوسلاوو ئاواتو خۆزگەجوانانەی بۆ ئێمەتان داواکردووە بەبۆنەی جەژنی نیشتمانی کۆماری یوگسلافیای سۆشیالیستی یەکگرتووە ٠

چاکترینو جوانترین ئاواتەخوازی بۆ ئێوەی بەڕێزو گەل و حکومەتەکەتان دەخوازین ٠

جۆزیف بروز تیتۆ

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەیانی بەڕێز دکتۆر ولید رءوف احمد سلیمان عەبیدی کۆلیجی سەیدەلە لەزانکۆی بەغدا چۆتە کۆشکی کۆماری و بۆ سوپاس کردنی سەرۆك بەدانانی لەو پلە نوێیەدا ناوی خۆی لەدەفتەری میوانداریدا تۆمار کردووە ٠

هەروەها بەڕێز کارلوس سیانوس وەزیری کارو زامنی کۆمەڵایەتی قوبرس چۆتە کۆشکی کۆماری و بەبۆنەی سەردانی لەوڵات ناوی خۆی لە دەفتەری میوانداریدا تۆمار کردووە ٠

هەروەها بەڕێز ئەندازیار ذاکر عبدالجلیل محمد سەرۆکی دەزگای گشتی گواستنەوەی ڕێگای ئاو کۆشکی کۆماری و بۆ دوعاخوازی سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی وڵات ناوی خۆی لەدەفتەری میوانداریدا تۆمار کردووە ٠

لەسەر جێبەجێ کردنی ئامۆژگاریکانی شۆڕش و حزبە سەرکردەکەی ، لەوەزارەتی ناوخۆ :

چارەسەرکردنی گیروگرفتی هاووڵاتیەکان بەشێوەیەکی دیموکراتیانە

بۆ جێبەجێ کردنی ئامۆژگاریکانی شۆڕش و حزبە سەرکردەکەی لەچارەسەرکردنی گیروگرفتی هاووڵاتیان بەڕێز سعدی عیاش عریم جێگری وەزارەتی ناوخۆ بۆ بەریوەبەرایەتی گشتی دوێنێ بەیانی چاوی بە موراجیعەکانی وەزارەت کەوت ، لەوچاوپێکەوتنەدا کە بەریوەبەری بەشەکانی وەزارەت ئامادەبوون بەدەنگ داخوازی ئەوموراجیعانەوەچونو داواکرا کە بە گورجی و یەکەوراست گیروگرفتی هاووڵاتیان چارەسەرکرێت ٠

بەڕێز سعدی عیاش عریم بەئاژانسی دەنگوباسی عیراقی ڕاگەیاندووە کە ئەمشێوە ئاکارەی وەزارەتی ناوخۆ دەچێتە خاڵوی دەکات ئاکارێکی دیموکراتیانەی دووفاقە ٠ فاقی یەکەم چارەسەرکردنی گیروگرفتی هاووڵاتیانە لەڕێگای پاساو ڕژێمەوەچارەسەرێکی گورج و گۆڵ و عادیلانە ٠ فاقی دووهەمیش لەناوبردن و نەهێشتنی ڕژێمە بەرایی کردنی ئیشوکاری هاووڵاتیان بە گورج و گولی و بەبێ ئەوەی مافیان بخورێت ٠

وڵامێك لە بەڕێوەبەرایەتی سینەمای دلشادەوە

١ ـ هەمیشە ـ هەوڵەزەکان ـ ی سینەماکەمان ئیش ئەکەن ٠

٢ ـ تا ئێستا چەندجاری کورسی یەکانمان نوێ کردۆتەوەو دەستمان پێدا هێناوە ، بەڵام ئێمە چی بکەین ئەگەر هەندێ کەس هەبن ، بۆ پێکەنینی هاوڕێکانیان ٠٠٠ یان بۆ ئازایەتی !! بەنوکە چەقۆ کورسی یەکان ٠٠ هەڵدڕن ! ئەبێ گوناهی ئێمە چی بێ !

٣ ـ دەربارەی دەرگای ئاودەست داخستن ، لەڕاستیدا ناچاربوین ئەوەبکەین بۆ ئەوەی پاك بکرێتەوە ، لەشوشەی شکاوو توێکلەشتی تر ، کە بەداخەوە هەندێ کەس ئەوەنەکەن ، وەدوای دۆزۆڵ دەرگایان کرایەوەو هەموو ڕۆژێکیش اسیدێنیکی پێوەدەکرێت ٠

٤ ـ دەربارەی فلیم ، هەسەلەی تازەوکۆنی و باشی و خرابی فلیم ، تەنگوچەڵەمەیەکی گشتی ، هەندێ فلیم هەیە هەربەزمان ناکەوێت ٠

هەرچۆنێبێ ئێمە حەز بە پێشنیارو ڕەخنەی دروستکەرو سەرنجی دلسۆزانەی هاووڵاتیەکانمان ئەکەین بۆ سودی گشتی ، نەك بۆمەبەستی تایبەتی ٠

سینەمای پشدەر

هەروەکو ئاشکرایە بوونی سینەما لە شارەکان داپێویستیەکی گرنگەو ڕوویەکی پێشکەوتووی ئەو شارە نیشاندەدا ٠

بەمەرجێ تەنها مەبەستی خۆیی تیا نەبێو گوێبدەنە بەرژەوەندی خەڵکیش کە بۆ بەسەربردنی کات پەنای بۆدەبەن لە شارەجوانەکەمدا سینەمایەك هەیە ٠ بەڵام بێدوودڵی دەڵێم نەبوونی باشترە ٠

ئەو فیلمانەی کە نیشانی دەدەن ، بەڕادەیەك کۆن بوون کە کەڵکی ئەوەیان نەماوە نیشان بدرێن ، کە خەڵکی ناویان ناون ٠

« فیلمی سانی گرانیەکە »

وە لە کاتی ئیش پێ کردنیان زیاتر لە چەند جارێك دەپسێن لەبەر کۆنی ٠

هۆی سینەماکە نوێ نەکراوەتەوەو شەبەقی زلی تێکەوتوە ـ کورسیەکانی بە کەڵکی لەسەر دانیشتن نەماوەن ئەوانەی سینەماکە ئیش پێدەکەن شارەزایی یان لە چۆنیەتی ئیش پێ کردن و کاربۆن لێدان دانیە ، هیوادارین بەڕێوەبەرانی سینەمای پشدەری قەڵادزێ تۆزێ لەبەر بەرژەوەندی خۆیان و خەڵکی سەیرێکی سینەماکەیان بکەن و ئەگەر لوا جار ـ جار فیلمی نەختێ نوێ بهێنن ٠٠

عمر هیوا
قەڵادزێ

« هاوکاری » وکۆمەڵانی خەڵك

ئامادەکردنی سەربەست

پردەکەی سەید صادق

● ئەم وێنەیە ئەخەینە بەردەستو بەردەمی بەڕێوەبەرێتی ڕێگاوبانی پارێزگای سلیمانی کە وا بۆماوەی پێنج شەش ساڵ ئەچێ قەولیاندووە ئەوبردەی وا لەم وێنەیەدا دیارە کە تەنها ئۆتۆمبیلێکیش ناکێشێو هەتا ئێستا بۆتەهۆی گەلی ڕوداوی ناخۆش لەناوشاری سەید صادقدا گەورەبکەن یان لاوانەی بۆبکەن بۆ پەرینەوەی ڕێبواری پیادە یان پردێکی تر دروستبکەن ٠

● دانیشتوانی شاری سەید صادق هەرچاوەڕوانن و ئازانن بەڕێوەبەرێتی ڕێگاوبانی پارێزگای سلیمانی نیازی چیە ؟

حمە سعید حمە کریم فرج

لەڕیزی یەکەمی ئەندامانی پارتی لە سلیمانی

سەرۆکی بەڕێز وەزیری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا :

بۆکەسانی ناوهێزەکانی چەکدار و ئەمنی ناوخۆو سەرۆکایەتی موخابەرات هەیە لە کۆلێج و خوێندنگاو قوتابخانەکاندا بەبێ گوێدان بەشێوازی وەرگرتن وەربگیرێن

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری ئەوەی دەرکردوە کە دەبێت کەسانی ناوهێزی چەکدارو هێزی ئەمنی ناوخۆو سەرۆکایەتی گشتی موخابەرات لەزانکۆو کۆلێج و قوتابخانەکانداو مرگیرین بەبێ ئەوەی گوی بدرێتە مەسەلەی تەمەنوساڵی دەرچونو زۆرکەمی نمرەو دەوامکردنو شیوازی وەرگرتن ٠

ئەمەش تەواوی بڕیارەکەیە

بەپێی دەسەڵاتی بڕگەی «أ»ی ماددەی چل و دووی دەستوری وەختی لە کۆبونەوەی ڕۆژی ٤ـ١ـ١٩٧٨دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دا ٠٠

١ ـ بەوەرگرتنی کەسانی ناوهێزی چەکدارو هێزی ئەمنی ناوخۆو سەرۆکایەتی گشتی موخابەرات لە هەموو زانکۆو کۆلێجو خوێندنگاو قوتابخانەیەکدا بەبێ ئەوەی گوێبدرێتە ئەو شیوازی وەرگرتنانەوە کەپەیوەندیان هەیە بەمەرجی تەمەنو بڵەی دەرجەو ساڵی دەرچون دەوام کردنەوە ٠

٢ ـ لەکاتێکی موناسیبدا وەزارەتی بەرگری و ناوخۆو سەرۆکایەتی گشتی موخابەرات لیستەی ناوی ئەوکەسانە دادەنین کە خۆیان هەڵی دەبژێرن بۆ ئەوەی بدرێت بەو دەزگایانەی لە بڕگەی «١»ی ئەم بڕیارەدا دەستنیشانکراوە ٠

٣ ـ ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوەو دەسەڵاتی هەمو ئەوانە دەگرێتەوە کە لەبڕگەی (١)دا ناویان هاتووەو لەوەوبێش قەیدەکانیان کۆژاوەتەوە لەوانەی لەمەوبەر لەکۆلێجو خوێندنگاو قوتابخانانەدا ناویان نوسراوەو نەیانتوانیوە خوێندن تەواوکەن سەرلەنوێ ناویان دەنوسرێتەوەو لەو قوناغەی خوێندنیدا دەستدەکەنەوە بەخوێندن کەلەوەبەر تێیدا بون ٠

٤ ـ لەسەر وەزیرە موختەسەکان پێویستە کەئەم بڕیارە جێبەجێبکەن ٠

احمد حسن البکر
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بەڕێز وەزیری ڕاگەیاندن پێشوازی سەرنوسەری ڕۆژنامەی « المجاهد »ی جەزایری کردوە

دوێنێ بەڕێز سعد قاسم حمودی وەزیری ڕاگەیاندن پێشوازی بەڕێز محمد فضیل سەرنوسەری ڕۆژنامەی المجاهدی جەزایری و وەفدەکەی تەکی کردوە ٠ لە کۆبونەوەکەدا باسی دەوری ڕاگەیاندنی عەرەب کراوە لەبەرەوەرو وەستانی ئەو نەخشە پیلان گێریانەی دژی نەتەوەی عەرەب سازدەکرێن بۆ نەهێشتنی مەسەلەی فەلەستین ٠

کۆبونەوەی لیژنەی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە هەولێر

لیژنەی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز لە پارتیزگای هەولێر ئەم بڕیارانەی دوایی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵسەنگاندوە بە بەرزکردنەوەی ڕادەگوزەرانی بەشێکی زۆری جەماوەری گەل لیژنەکە لەو کۆبونەوەیەدا کەبە سەرۆکایەتی هاوڕێ علی حسین ئەمینداری نهێنی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لقی هەولێر سکرتێری لیژنەکەئەوەی دوپات کردۆتەوە کە لایەنگیریەکی تەواوی هەموئەو هەلوێستانە دەگرێت کە سەرکردایەتی سیاسی لەمەیانی ناوخۆو عەرەبی و دەولیدا نیشانیاندەدات ٠

لیژنەکە لە کۆبونەوەکەیدا لە دۆخی ناپوری و گوزەرانی هاووڵاتیانیان کۆلیوەتەوەو بریاری دامەزراندنی لیژنەیەکیان داوە لە چەند ئەندامێکی بۆ لێکۆلینەوەی باری ناپوری و پێویستی هەروەك لیژنەکە لەچونیەتی جێبەجێ کردنی ئەو پێویستیانە هەروەك لیژنەی لەچونیەتی پشتگیری کاری بەرەی کۆلیوەتەوە بە جۆرێك بەرەبەمێنرکات بۆ بەرەنگاربونەوەی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستان ٠

ئا٠د٠ع

وەزیری پیشەسازی و کانەکان سەرلە پارێزگای سلێمانی ئەدات

دوێنێ ڕۆژی یەکشەممەڕێکەوتی ١٥ـ١ـ١٩٧٨ بەڕێز ئاجح محمد خلیل وەزیری پیشەسازی و کانەکان بەسەردانێکی ڕەسمی هاتە پارێزگای سلێمانی و لەلایەن بەڕێز جعفر عبدالکریم حسین جێگری پارێزگاری سلێمانی و هەمو سەرۆك دائرەو دامەزراوو کارگەکانی پارێزگاوە پێشوازیکرا ٠٠ بەڕێزسەری لە کارگەکانی چیمەنتۆو شەکرو جگەرە لە پارێزگەکەداو بەتاو کارگەکاندا گەڕاو سەیری چونیەتی ئیش و کاری کردن وە سەرنجی کاری فەرمانبەرو کرێکارانی ئەو کارگانەی کرد کە هەولی زیادکردنی بەرهەمیان داوەلەسالی ڕابردوودا وەلەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەروبەڕێوەبەری گشتی کارگەکاندا کۆبوەوەو باسی گیروگرفتو هۆکانی زیادبونی بەرهەمیان کردو چارەسەریان دانا بۆ گەلێکیان ، دوای ئەوە لەهۆلی کارگەی جگەرەدا کۆڕێکی فراوانی پێکهێنا بۆ کرێکاران و فەرمانبەرانی هەرسێ کارگەکەو لەسەرەتادا پێخۆشحالی خۆی دەربڕی بە ئامادەبوان و ئەوەی سەلماند کە سەرکردایەتی سیاسی سورە لەسەر جێبەجێ کردنی هەمو داخوازیەکانیان و بڕیاری ئەوەی دا کە هەمو گیروگرفتەکانیان بۆ جێبەجێ بکات ٠

لەمسەردانەدا چەند سەرۆك دامەزراوێکی گشتی لەوەزارەتەکە هاوڕێیەتی وەزیری بەڕێزیان کرد بۆ لێکۆلینەوە لەو ئیش و کارانەی کە سەر بە دامەزراوەکانی ئەوانن ، ئەمەو سەردانەکەی وەزیری بەڕێز نزیکەی (٦) سەعاتی خایاندو بەرەو هەولێر پارێزگای سلێمانی جێهێشت ٠

بەڕێز وەزیری خانەسازی و ئاوەدان کردنەوە

پێویستە کۆمپانیای گشتی بەڵێندەری پشت بەشێوەی زانستی ببەستێت

بەڕێز طە یاسین ڕەمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری خانەسازی و ئاوەدان کردنەوە داوای کردوە کە پشت بەجێبەجێ کردنێکی ڕاستەوخۆ ببەستن وەك شێوەیەکی بنەڕەتی لە بەجێگەیاندنی پرۆژەکانی ئاوو زیراب لەچوارچێوەی پرۆگرامی بەرهەمهێنانی ئەم ساڵدا ٠

بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە گفتوگۆیەکیدا کە لەگەڵ کارگیرانی کۆمپانیای گشتی بەڵێندەریی پرۆژەی ئاووزیرابدا کردویەتی ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە پێویستە کۆمپانیاکە لە هەمو ئەو ئیش و کارانەدا کە بەجێیان دەگەیەنێت پشت بەشێوەی زانستی نوێ ببەستێ ٠ بەڕێز وەزیری خانەسازی و ئاوەدان کردنەوە ئامۆژگاریی خۆی پێش کەش کارگیرانی کۆمپانیاکە کردوە کەپێویستە هەوڵێکی زیاتر بدەن بۆ جێبەجێ گەیاندنی پرۆژەکانی پرۆگرامی بەرهەمهێنانی گشتی ئێستا کە لە چوارچێوەی ئەو کاتەدا کە بۆی تەرخان کراوەو هەولی ئەوە بدرێت کە چاکترین خزمەت گوزاریی پێشکەشی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بکرێت ئەویش لە بۆچونو ئامۆژگاریکانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشەوە ٠

بەڕێز وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی پێشوازی وەزیری کارو زامنی کۆمەڵایەتی قوبرسی کردوە

دوێنێ بەڕێز بکر محمودرسول وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی پێشوازی بەڕێزمارکوس امبانوس وەزیری کاروزامنی کۆمەڵایەتی قوبرس و وەفدەکەی تەکی کردوە ٠

لەو چاوپێکەوتنەدا باسی پەیوەندی هەردوولاکراوە لەمەیانی کاروکرێکاروکاروباری کۆمەڵایەتیداو چونیەتی بەرەپێدانی ئەوپەیوەندیە ٠ وەفدەکەی قوبرس گوتیان لەو ڕاقەدورودرێژە گرتوە کە بەڕێز وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەربارەی ئیش و کاری وەزارەتەکەی و دەزگاکانی ئەو وەزارەتە لە پێشکەش کردنی خزمەت گوزاریی کۆمەڵایەتیدا بە هاووڵاتیان ٠

هەڵبژاردنی یەکێتی نووسەرانی کورد ـ لقی هەولێر

بەپێی ڕەزامەندی پارێزگای هەولێر بەنوسراوی ژمارە ٩٤ ٧ی لە ١٢ـ١ـ١٩٧٨دا یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر داوا لە ئەندامانی دەستەی یەکێتی ئەکات کە سەعات ١٠ی بەیانی ڕۆژی هەینی ٢٧ـ١ـ١٩٧٨ لە بارەگای یەکێتی ئامادەبن لەکاتێکدا نصاب تەواو نەبو هەڵبژاردن دوا ئەخرێ بۆ ئێوارەی ٣٠ـ١ـ٩٧٨ لەهەمان شوین لە سەعات (٥)دا لەبەرئەوە داوا لە ئەندامان کراوەکە ئابونەی ساڵانە بەر لە کاتی هەڵبژاردن بدەن بەزمارەی یەکێتی ٠

کۆڕێك لە سلیمانی

ئێوارەی هەینی ڕێکەوتی ١٢ـ١ـ١٩٧٨ ، یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی ، لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان کۆڕێکی مێژوویی لەژێر ناوی (شارەزوور مێژوودا) سازکردو گەلێك لە ڕۆشنبیران و جەماوەرانی شاری سلێمانی ئامادەی ئەم کۆڕە بوون ، ئەوەی شایانی

بەڕێز وەزیری بازرگانی داوای نەهێشتنی بێکاری ڕووپۆشراودەکات

بەڕێز حسن علی نەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بازرگانی ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە پێویستە پشت بە فرۆشتنی ناراستەوخۆ ببەسترێت بەهۆی وەکیلەکانەوە ٠

لەو سەردانەدا کە دوێنێ لەتەك بەڕێز سەرۆکی دەزگای گشتی بازرگانی کەلوپەلی کارکردنەوە لە کۆمپانیای مەخزنە عیراقیکانی (ئورزدیباك)ی داوە داوای کردوە کە پشت بە نمایشی جوگرافی ببەسترێت لە دابەش کردنی وەکیلەکاندا بە پێی پێویستی یەکی ڕاستەقینە بۆ هەر ناوچەیەك ٠

هەروەك داوای کردوە کە ئەو بەتالەو بێکاریە ڕووپۆشراوە نەهێلرێت لە ڕێگای دابەش کردنێکی ڕێك و پێکی کارگیران بەسەر ئەو جیگاو شوێنانەدا کە پێویستی تەواویان بەکاری ئەو کارگیرە هەیەو لەڕێگای لێکۆلینەوەی هەمەیکەلی بەریوەبەرایەتی دەزگاکانەوە سەرەڕای بەرەو ڕوکردنەوەی خەرجی بەریوەبەرایەتی بەرەوڕوکردنەوەیەکی تەواوو بلندکردنەوەی چالاکی هەمو دامەزراوو دەزگاکانی سەر بە دەزگای گشتی بازرگانی کەلوپەلی کارکردن لە پێشکەش کردنی چاکترین خزمەت بە هاووڵاتیان ٠

لەسەرێ

عبدالقادر خلیل

لەبەرە بەیانی ڕۆژی ١٣ی ١٢ دا کە کاتێك دەنگی بانگی بەیانی دەدا لە منارەکانی مزگەوتی ازهەرو حسینو شافعی دەستە دەستە نوێژکەران دەڕۆیشتن بۆ نوێژی بەیانی زورپەیان ڕوناکی لە ڕویاندا بەدی نەدەکرا ٠ تەنها ئەوە نەبێت لەبەر خۆیانەوە دەیانگوت هەروا بەخۆش ئەم ڕۆژە ئابەیتەسەر ٠ گڕی خەشمو نارەزایی لە تروسکەی چاویانەوە دەردەپەری ٠ لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا ئافرۆسی ساداتیان دەکرد ئافەرۆسی ئەو ڕۆژەیان دەکرد کە سەری ساداتی تێداشۆڕ کرد لەهەمو ماڵێکدا مۆمی نارەزایی داگیرساوە هیچ ماڵێك لەو ڕۆژە شوومەدا جەژنی نەکرد ٠ دایکی شەهیدەکان کسپە لەدڵیانەوە ٠ دێت لەگەڵ نوێژی بەیاندا دەست بەرز دەکەنەوەو داوای خویان دەکەن ودەڵێن ئەم سەرشۆڕیە پەسند نەکەیت ئەم خائنە بەم کردارەی ناوی ڕۆڵە شەهیدەکانی زراندین ٠ هیچ خێزانێك لە میسردا جەژنی نەکرد کەسێك ناوی نەخستە سەرئاگر کەسێ هیچی نەخوارد هەمو لایەك ئەنجامی ئەم سەردانە بێ ئابروە دەزانن دەزانن ڕۆژێك دێت دەبێت قاهیرە باوەش بگرێتەوە بۆ ئەو جانەوەرانەی کە بونە هۆی وێرانی پورت سەعیدو سویس و داگیرکردنی سیناو غزەو جۆلان ٠ دەبێت دەست بخەنە سەرسنگ ٠ دەنگی فرەی فرۆکەکان بەرەبەرە نزیك دەبێتەوە ئیستگەی ڕادیوی قاهیرە بلاوی کردەوەکە وەفدی اسرائیل گەیشتنە ئاسمانی قاهیرە ٠ سەرەکی وەفدەکە لە پەنجەرەی فرۆکەکەوە تەماشایەکی قاهیرەی کردو بزەیەکی لێوەهات و پشتێنی کورسی یەکەی توند بەستو فرۆکە کەم کەم نزم بوە وە بەرەو زەمینی قاهیرە هاتە خوارەوە بەلێنی دابو کە ئەوەل هەنگاوی کە دەبێتەسەر زەمینی قاهیرە چاوو بنوقێنێت نەك درۆبێت ٠ ئەو پێلاوانەی دەخرێتە موزەخانەی تل ئەبیب دەبێت چاك هەنگاو داگرێت تا گەردی چاك هەڵگرێت ٠ زەنگە ڕۆژێك بێت هەر ئەو پێلاوە بخرێتە مەزادەوە ٠

Institut Kurde de Paris

گۆگرد ..
بەرەنجی هرۆشی ئەدم وڵاتە بۆتە بەرهەمی ژیان و ئاوەدانی



لەژێر دروشمی (دەرهێنانی نیشتمانی ڕاستەوخۆی سامانی کانەکان کە شۆڕشێکبوو بەعسی بەرپای کرد) .. کۆمپانیای گشتی گۆگردی-میشراق لەپارێزگای نینوی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابووردو ناهەنگێکی گێڕا بەبۆنەی چەژنی شەشمینی کانەکانی عێراقەوە وە بە بۆنەی بەرپابوونی پیشەسازیەکی نوێوە لەوولاتدا کە لەژێر سایەی شۆڕشی ١٧ی تەمووزی نەتەوەیی سۆشیالیستەوە هاتەکایەوە .

بەرهەمهێنان دەستی پێکرد لەبیرەکانی میشراق لەبیستو هەشتی کانوونی یەکەم ساڵی ١٩٧١ واتا پاش ساڵو نیوێك لەسەرەتایی دەستپێکردنی پرۆسیسەکانی دۆزینەوە لەچالەکانی میشراق . ئەویش دەقی ئەوپاپۆرتەی نووسینگەی (ئا.د.ع)ە بەم بۆنەیەوە لەژێر ناونیشانی گۆگردی میشراق بنکەیەکە لەبنکەکانی ئابووری نیشتمانی گەشەسەندو ..

نیشانە جیۆلوجیەکان وادەگەیەنن کە لەزۆربەی ناوچەکانی عیراقدا بەتایبەتی ئەوجیگایەیی کە دەکەوێتە نێوان فەتحەو موسڵەوە خاوبوونەوەیەکی گۆگردی لەژێر زەویدا ئەوقبووە وە زۆربەشیان کە لەبواری ئابووریدا سوود بەخش بێت ئەو گۆگردەی میشراقە دەکەوێتە پاشووری مووسڵەوە بە ٤٥ کیلۆمەتر لە پارێزگای نینوی ، وە کۆمپانیا گەورەکانی گۆگرد لەجیهاندا ئاوڕیان لەوڕاستیە داوەتەوە وەکو کۆمپانیای گۆگردی تکساس لە ئەمریکا کە ساڵی ١٩٥٢ داخوازێکی پێش کەش بەحکومەتی عیراق کرد تا بتوانێت گۆگردی عیراق دەربهێنێت بەڵام تێکچوونی نرخەکانی گۆگرد بووە هۆی مۆرنەکردنی ئەم ڕێککەوتنە ، وە دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووز کۆمپانیای - تکنو ئیکسپۆرتی سۆفیتی هەڵسا بە پشکنین و دۆزینەوەی کانەکان لەعیراقدا کە گۆگردیش دەگرێتەوە وە وای دەرخست کە زۆر شوێن گۆگردی تێداهەیە دەتوانرێ بەشێوەیەکی ئابووری دەربهێنرێت و دیاری کردنی دەولەمەندترین جێگای گۆگرد کە میشراقە ، ئالەوکاتەوە کۆمپانیا مۆنۆپۆلەکان جموجوڵێکی زۆریان نواندوە بۆ وەدەست هێنانی ئیمتیازی دەرهێنانی گۆگردی عیراق ، ئەوەبوو کە بەکرێگیراوی مۆنۆپۆلەکانی ئەمریکا (اندرسن) پۆلێکی مەزنی گێڕا لەمبوارەدا وە لەوەدابوو مۆر کردنی حکومەتی لە ساڵانی شەستەکانەوە وەدەست بخات ئەگەر بهاتبایە تووشی بەرەنگاری کۆمەڵانی خەڵکو هێزە نیشتمانپەروەرەکان کە پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لەپێزی پیشەوەی بوو نەبووایە وە هەڵمالینی پەردە لەڕووی هەموو لایەنەکانی .. پاشماتنی شۆڕشی ١٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨وە کاتی موحاکەمەکردنی تاقمە سیخوورو جاسوسەکان ساڵی ١٩٦٩ ئەوهەموو پیلانانە ئاشکرابوون کە لەدوای پەردەوە سازدەکران بۆ وەدەستهێنانی ئیمتیازی دەرهێنانی گۆگرد لەلایەن کومپانیاکانی ئەمریکاوە .. وە ئەوشۆڕشە دروشمی دەرهێنانی نیشتمانی سامانە سروشتیەکانی بەرزکردەوە ، سەرەڕای ئەوەش ڕێکەوتنێك مۆرکرا لەنێوان کومپانیای کانەکانی نیشتمانی عیراقو دەزگای (سنتروزاب)ی پۆلۆنیا لە ڕێکەوتی ٣١-٥-٩٦٩ بەوپێیە ئەم دەزگایە بەلێنی دامەزراندنی کانزایەکی تەواو لەگشت ڕوویەکەوەدا بۆ دەرهێنانی گۆگرد لەژێر زەویدا لە ڕێگەی تواندنەوەیدا لەژێر زەویو دەرچوونی بەچەشنێکی شل بۆ ئەوبیرانەی کە بەتایبەتی بۆ ئەمەبەستە ئامادەکراون وە دوای پاك کردنەوەو پاڵاوتنی بەهەوای دەرەوە ڕەق هەڵدێتو ئەستوور دەبێت وە لە شوێنیو ڕێی تایبەتی باردەکرێ لەکەنارەکانی عیراق بۆ ڕەوانەکردنی بۆ هەندەران .

خاوبوونەوەکانی گۆگردی میشراق :

گۆگرد بەشێوازێکی سادە لەتاشە پەردەکانی کالسیۆمدا هەیە بەشێوەیەکی جیۆلۆژی درووست دەبێت کە پێی دەڵێن نینانەوەی خوارەوە (القارس السفلی) دوای تواندنەوەو نیشتنەوەی ئەو تاشە بەزدانە لەچەرخی (مایوسینی) ناوەڕاستدا .

وە باوڕێکی تر لەئارادا هەیە گوایە گۆگرد لەئەنجامی پرۆسیسی ئیختیزالی تاشە بەردی گەچینەوە پێك هاتووە کە ئەویش جۆزە بەکریایەك بەشداری دەکات بەیارمەتی مادەی هیدروکاربون . وە لە قووڵایی جۆزبەجۆردا پێك دێتو بەشێوی سێ تەختەیی لەیەکدا ڕاو وە هەریەکێك لەم تەختانە جۆزە چالێکی بۆ ئامادە دەکرێ .

قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی گۆگردی میشراق :

پرۆسیسی هەڵکەندنو دۆزینەوە لە میشراق دەستی پێکرا مانگی نیسانی ١٩٧٠ بۆ تەواوکردنی کاروباری هەڵکەندن کە ساڵی ١٩٦٠-١٩٦١ کۆمپانیای (تکنو ئیکسپۆرتی سۆفیتی بۆی هەڵسابوو وە پشکنینو دۆزینەوە زۆر زانیاری بایە دەستەوە سەبارەت بە ڕووفی جیۆلۆژیو کانەکان وە لەسەر ئیشکی ئەوزانیاریانە یەدەگێکی باشی گۆگردی دەستنیشان کرا لەژێر زەویدا وە دیاری کردنی ئەوناوچە ئابووریانەی چالی میشراق وە لە ڕۆژی ٢٨-١٢-١٩٧١ کاری هەڵکەندنی بیرە بەرهەم هێنەرەکان دەستی پێ کراوە پرۆژەکەش بەشێوەیەکی ڕەسمی کرایەوە لەشەشی کانوونی دووهەمی ١٩٧٢ لەبیرەوەری دامەزراندنی سوپای عیراق ، ئەم چالەی میشراقە ئەکرێتە چوار بەشی پیشەسازیەوە کە بەگشتی گۆگردیان لێ دەردەهێنرێت .

ناوچەی پیشەسازی یەکەم

ناوچەی پیشەسازی دووهەم

ئەوەی کە ئاوی پیس بێت لەناوچەی دووهەمدا پاك دەکرێتەوە لە ئۆکسجین بەهۆی ڕەتبوونیەوە بەتاو ئەو جیگا تایبەتیانە کە ئامادە کراون بۆ ئەمەبەستە ، دیسانەوە هەواڵە دەکرێت بۆ مەنجەلە زەبەلەمەکانی ئاوو هوولم کە بریتی یە لەئاوێکی ڕوونو بێ ئۆکسجین وە ئەم ناوچەیەش بەو بیرانە هەوای پاڵپەستوو دەبەخشێت کە بۆ بەرزکردنەوەی گۆگرد بەکاردێت لەژێر زەویدا .

ناوچەی پیشەسازی سێهەم :

بەشێوەیەکی گشتی ئەم ناوچەیە پێك هاتووە لەچەند کۆمەڵە بیرێکی بەرهەمهێنەر کە هەریەکێکی لکاوە بەزووری ڕکێنو جاودێریەوە کە لەم ڕێگەیەوە ئاوو هەوای گەرمی پاڵپەستوو دابەش دەکرێت ، بەڵام هۆکاری گەرمیش دەوورێکی باشی هەیە لەدا پۆشینی بۆریەکانو حەوزەکانی گۆگردی شلو لەرێگەی ئەم بۆرپانەوە دەچێت بۆ ژووری ڕکێفو دابەش کردنی گۆگرد ، وە بۆ مەبەستی دەرهێنانی بۆ سەر ڕووی زەوی هەوای پاپەستور دەکرێت بە بیرەکەدا کە ئەبێتە هۆی دەرچوونی گۆگرد بۆ سەرەوەو تێبەڕ بوونی بە ژوورەکانی ڕکێفەوە وەبەرەو تانکی دابەش کردنی گۆگردی خاو دەچێت لەوێشەوە بۆ ناوچەی چوارەم ..

ناوچەی پیشەسازی چوارەم

لەبەر ئەوەی گۆگردی خاو ڕادەیەکی گەورەی مادەی قیری تێدایەوە ئەم گۆگردەش کە لە کانزای ئەم ناوچەیە دەردە هێنرێت لەگەڵ مادەی کیمیاویدا مامەلەی دەکەن بۆ پاك کردنەوەی لەو مادە قیرە دوای ڕەت دەکرێت بە شێوەیەکی شل بۆ پاڵاوتنیو جیاکردنەوەی ئەو سەرسەریو مادە زیادانە ، ئنجا دەچێت بۆ شوێنی تایبەتی کە لەوێ ئەستوور دەبێتو بە سوتینەرەکان دەفرۆشرێت . وە ئەو پرۆژانەی کە لەم ناوچەیەدا هەیە وەکو کارگەی ترشاکی کبریتیك کە وزەی دەگاتە ٥٠ تەن لە ڕۆژێکدا وە ئاشەکانی البنتونایتو گۆگرد لە ناوچەی چوارەم کەوزەی بریتی یە لە حەوت تەن بنتونایت لە ساعانێکدا وگۆگردیش لە ٢ تا ٣ تەن دەبێت ، وەپرۆژەی گۆگردی شل لە ناوچەی چوارەم کەوزەی دەگاتە ٦٠٠٠ تەن هەموو تانکیەك کە پرۆژەکە خۆی لەدوو تانکی گەورە پێك هاتووە .

بنکەی کۆمەڵایەتی لە هەولێر

« بنکەی کۆمەڵایەتی بریتیە لە دەزگایەکی کۆمەڵایەتی لە زۆر شوێنی شارەکاندا کراوەتەوە ، لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کۆمەڵ .. جا چی کۆمەڵایەتی بێ یان ڕۆشنبیری چی ئابووری بێ یان تەندروستی ئەمەش لەرێگای بەرەپێدانی تواناو قابلیەتی دانیشتوانو مەشق پێکردنیان لەسەر هەندێ کارو پیشەی دەستی سادەو پێش کەش کردنی خزمەت گوزاری پێویست »

کردنەوەی بنکەی کۆمەڵایەتی بۆ شارێکی وەك هەولێر پێویستیەکی گەورەیە .. هەرچەندە ئێستا بنکەیەکی کۆمەڵایەتی لە گەڕەکی سەیداوە « ئاشتی ئێستا » هەیە بەڵام ئەوە بەس نیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کۆمەڵ لە شاری هەولێر .. ئەمیش لەبەر دوو هۆ :

١ - ئەو بنکەیە دەتوانی تەنیا خزمەتی ناوچەیەك لە گەڕەکی سەیداوە بکات کە لێی نزیکە ..

٢ - کۆچ کردنێکی خێرا لە گوندەکانەوە بۆ شار ئێستا تووشی هەولێر بووە ئەمەش ئاشکرایە کە کۆمەڵی گوند پاشکەوتووترن لە کۆمەڵی شار جا پێویستیان بە خزمەت کردنێکی فرەیە . ئەمەش لەسەر ئەستۆی بنکەی کۆمەڵایەتیە .

بەم زووانە بەسەردانێکی ڕەسمی چوومە ئەم بنکە کۆمەڵایەتیە لە هەولێر .. وچەند پرسیارێکم ئاراستەی بەرێوەبەر « نەسرین حەمید » کردو بە ڕوویەکی . خۆشەوە وەڵامی دایەوە منیش بە پێویستم .. زانی بەشێك لەو گفتوگۆیە لە ڕۆژنامەی « هاوکاری » بۆ خوێنەران بخەمەڕوو :

● **لەکەیەوە ئەم بنکەیە دامەزراوە ؟ وەباری ژیانی خەڵکی ناوچەکە چۆنە ؟**

— لە ئەیلولی ساڵی «١٩٧٤» دامەزراوە .. هەرچەندە هێشتا وەك نەمامێکی شلکەو ڕەگی باش دانەکوتاوە .. بەڵام لەو ماوەیە کورتەدا توانیومانە خزمەتێکی باشی کۆمەڵ بکەین لە هەموو ڕوویەکی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو ئابووری و تەندروستیەوە .. و خەڵکی ناوچەکە گشتیان لە گوندەکانەوە کۆچیان کردوەو بە کرێکاریو ژیانێکی بخۆوبڕۆوە بەڕێوە دەچن .. تا ئێستاش زۆر خوونەریتی کۆمەڵایەتی بە سەریاندا زاڵە ..

● **لە بارەی بەڕێوەبردنی ناوەخۆوە چۆنن ؟ وەژمارەی کار بە دەستان چەندن لە بنکەکەدا ؟**

— لە بارەی بەڕێوەبردنەوە زۆر باشینو بەڵام کار بەدەستمان کەمو تۆزەرمان هەر نیە .. سێ «٣» مامۆستاشمان هەیە ... بەشەکانی بنکەکەش زۆرن لە چاو ژمارەی مامۆستاکان ..

● **دەتوانی بەشەکانمان بۆ بژمێری ؟**

— بەڵێ هەشت «٨» بەشی سەرەکیمان هەیە .. لەوانە :

١ - باخچەی زارۆکان .
٢ - مافوور کردن .
٣ - لابردنی نەخوێندەواری .
٤ - دوورمان کردن .
٥ - ئیشی دەستکرد .
٦ - چنین .
٧ - چێشت لێنانو ڕەچاوکردنی ئابووری .
٨ - دانەنخانە .. هتد

وایە دوای سەری ساڵ بکەوێتە خزمەت کردن

● **پەیوەندیتان .. لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە چۆن**

— پەیوەندیمان لەگەڵ خەڵکی زۆر باشەو زۆر زوو سەرمان لێ دەدەن .. هەر گیروگرفتێکیان هەبێ دەیخەنە ڕوو ئێمەش گەر لای ئێمەوە چارەمان بۆ دۆزینەوە ئەوا باشە .. ئەگەر نا پەیوەندی لەگەڵ دەزگا میریەکانی تر دەکەین کە یارمەتیان بدەن .

بەڵام ئەوەی جێگای داخە تۆ زەر «باحثەکەمان نیە لەگەڵ مامۆستای ئیختساس .. یان ڕێنمایدەی کۆمەڵایەتی .. تا سەر لە ماڵەکان بدەنو باشتر بۆ ناخی گیروگرفتەکان شۆڕ ببنەوە .. یان هەندی گیروگرفتی تر هەیە کە تۆزەر لە کاتی سەرلێداندا هەستی پێ دەکات .. لەوانەیە تاکەکانی خێزان خۆیان هەستی پێ ناکەن .. وەلە هەموو مانگێکیشدا لەگەڵ دایکەکاندا کۆ دەبینەوەو لە گیروگرفتی گشتیوە دوێین .

● **مامۆستا « نەسرین » دیارە بەشەکانی مەشقی پیشەیتان زۆرە .. بەڵام ئایا تا ئێستا هیچ پێشانگاتان کردۆتەوە ؟**

— .. تا ئێستا .. تا .. بەڵام بە هیواین بەم زووانە پێشانگایێ بکەینەوە گەر جێگایێ باش هەبێ .. و

بروانە لا : ٧

کتێبی هاوکاری

صدام حسین

خەباتمان و سیاسەتی نێودەوڵەتان

دوانەکەی هاوڕێ صدام حسین بۆ ڕۆژنامەنووسی میسری سکینە سادات لە ١٩-١-١٩٧٧دا .

- ٤ -

پ : عیراق هەڵوێستێکی دیاری کراوی دەربارەی هەسەلەی فەلەستین هەیە ، ئەو بڕوای بە چارەسەرە ئاشتی یەکانی نی یە ، پرسیارەکەش ئەمەیە : ئەگەر عیراق بڕوای بە توانای بوونی چارەسەری ئاشتی یانە نەبێت ئایا دەتوانرێ بیر لە زیندوکردنەوەی بەرەی ژوورو بکرێتەوە ، هەڵویست سەبارەتی بە ئاکۆکی نێوان عیراق - سوریا دەبارەی ئەم مەسەلەیە چی یە ؟

هاوڕێ جێگر :

پێش ئەوەی تۆ وەك ڕۆژنامەنووسێك بپرسی و منیش وەك لێ پرسراوێکی ڕەسمی وەڵامت بدەمەوە ، ئەمەوێ بە سوك و ئاسانی هەڵوێستەکەمان باس بکەم ، هەڵوێستەکەمان هەروەك ئێمە بۆی ئەچین بەتەواوەتی ئەمەیە ، ئێمە چۆن بیر ئەکەینەوە ؟ ئێمە وانە بینین کە برایانی عەرەبمان دوو تێگەیشتنی هەڵەیان هەیە ، وە هەندی جار لە هەڵسەنگاندنی پارسەنگی هێزەکانی نێو دەولەتان و لەو کارانەدا کەتەوزمە نێو دەولەتیەکان ئەیکەنە سەر مەسەلە نیشتیمانی یەکان ، لەهەندێ لایەنیانەوە لەپێ لایان داوە . هەندێك وانەزانن کە مەسەلەی نیشتیمانی لە گەشەکردنیدا یاخود لە باڵادەستی دا یان لە سەرنەکەوتنی دا پابەندی تەوزمە نێو دەولەتیەکانە ، کێشەکەش وا تەماشانەکرێ هەروەك مەسەلەیەکی قەدەری بێت بەجۆرێك کە ویستی ڕاهێنانی تەوزمە نێو دەولەتیەکانو کارتێکردنیمان و ویستی توانای بزوتنەوەمان لێزەوت بکات ، بەبێ گوێ دان بەوەی تەوزمە نێو دەولەتیەکانو ڕێختەکانیان چۆنن . من ئەمەوێ هەموو ئەمانەت بۆ باس بکەمو ئەمەوێ تۆش بایەخ بەم بابەتەبدەی . هەندێکی تریش بایەخ بە تێگەیشتنی تەوزمە نێو دەولەتیەکانو پارسەنگی هێزە نێو دەولەتیەکان نادەنو بەحسابی خۆیان نرخێکی ئەوتۆی نادەنێ ، ئەمانە ئەڵێن ئێمە بەویستی نیشتیمانیو بەبێ ئەوەی هیچ پێویستیەك بە تێگەیشتنی تەوزمە نێو دەولەتیەکانو ڕێختەو ئەنسیرەکانی هەبێ هتد ... ئەتوانین هەموو شتێك بڕیاربدەین و ڕەنگی ڕێختەکەی بڕێژین !

ئەم دوو تەوزمە لە نیشتیمانی عەرەبدا باوونو بڵاون ، ئەتەوەی عەرەب بەقۆناخێکدا تێپەڕی ، تیایدا بایەخی بەو شتانە نەئەدا کە لەدەرەوەی نیشتیمانی ئەئەوەیی یاخود لەدەرەوەی هەریمی دانو وای بۆئەچوو کە هەرشتێك لە چوارچێوەی سنوری قوتردا بێتەکایەوە ئادەمیزاد چۆنی بوێ ئاوەها ئەتوانێ ڕەفتاری تیادابکات ، بەبێ گوێدانە ڕێختەکانی سیاسەتی نێو دەولەتانو ئەنسیرەکانیان یاخود بەیوەندی بێ یانەوە . هەروەها هەمان شت ئەوشتە ئەگرێتەوە کە لە نێو هەریمێکی عەرەبو هەریمێکی دراوسێدا دێتەکایەوە . ئەم قۆناخە کۆتایی عات ، قوناخێکی تر هات عەرەبەکان تیایدا دەستیان کرد بە بایەخدان بە سیاسەتی نێو دەولەتان ، بەڵام هەندێکیان ئەو کارەی سیاسەتی نێودەولەتان ئەیکاتە سەر مەسەلە نیشتیمانیەکان بەتوانایەکی لەئەندازە بەدەر بەگەورەیان دانە نا . وەوای بۆئەچوون کە ئەمە ئەتوانێ خواستی نیشتیمانیو تواناکانی لەکارتێکردنی هەمیشەیی دا زەوت بکات . کەوابو ئێمە چۆن لە سیاسەتی دەولەتان دەگەین و چۆن بایەخی بێ ئەدەین ؟ .

لەسەرەتادا ئێمە وای دانەنێین کە تەوزمەکانی سیاسەتی نێو دەولەتان لەدەرەوەمانەدا لەکارکردنەکانیو لەرێختەکانیدا لە کۆمەڵە لە کارکردە -

عامل - تك پێك دێتو وڵاتانی تری غەیری ئەمەریکاو یەکێتی سۆڤییەت دەوریان تیایدا هەیە نەم دەورەش لە پێك هێنانی ڕێختەکانی سیاسەتی نێو دەولەتانی ئەمەریکاییدا یاخود لە پێك هێنانی ڕێختەکانی سیاسەتی نێو دەولەتانی سوفیەتیدا کاری خۆی ئەکات .

بۆ نموونە ئەمەریکا کە ئەبینێ گشت دەولەتانی ئەمەریکای لاتینو دەولەتانی ئاسیاو ئەفەریقا پشتگیری سیاسەتەکەی ئەکەنو ئەوروپاو ئوسترالیاو ژاپۆن دۆستو سۆبندخۆرنی ، ئەو کاتە لەسیاسەتی نێو دەولەتانیدا بەرامبەر بە مەسەلەی عەرەب بەجۆرێك ڕەفتار ئەکات جیاوازە ، لەگەڵ ئەو ڕەفتارەی کە دۆخەکە لەمە جیاتی ئەیکرد ، ڕەفتارە سیاسی یەکەشی بە بازنیکدا ئەبێ کە لەبایەخی ئەو مەسەلانەی عەرەب کەم ئەکاتەوە کە لەبەردەستدان وە دوژمنانەش ئەبێ بەتایبەتی ئەوکاتەی ئەبینێ عەرەبەکان ناتوانن لە کارکردنەسەر سیاسەتی نێو دەولەتاندا یاخود لە بەکارهێنانی توانایاندا بەکارهێنانێکی ڕاست دەوری خۆیان بەشێوەیەکی دروستو ڕەوان بگێڕن . بەڵام ئەو (ئەمەریکا) کاتێك ئەبینێ کەئەو تەوزمە دروستبووەی لە ئەمەریکای لاتینو ئاسیاو ئەفەریقاو وڵاتانی عەرەبدا ڕووبەڕووی کوسپ ئەبێ ، ئەوکاتە ناچار ئەبێ ڕێختی سیاسەتە نێو دەولەتیەکانی والێ بکات کە لەگەڵ سیاسەتە نیشتیمانی یەکانی ئەم دەولەتانەو ئەو وڵاتانەدا بگونجێ یاخود حیسابێکیان بۆ بکات . کەوابو ئێمە چ وەك عەرەب یاخود وەك عیراقی یان وەك میسری لە ڕاهێنانی سیاسەتی نێو دەولەتانو دیاری کردنی ڕێختەکانیدا دەوری خۆمان هەیە ، ئەمەش وانەگەیەنێ کە ڕەنگی سیاسەتی نێو دەولەتان هەمیشە لەدەرەوەی چوارچێوەی خواستماندا نارێژرێ . بگرە خواستمان لە ڕاهێنانیدا دەور ئەگێڕێ ، لیرەوەش لایەنێك لەو موناقەشەیەی کە دەربارەی مەسەلەی شەڕی نێوان عەرەبو زایۆنی ئەکرێ دەست پێ ئەکات . ئێمە وای ئەبینین کە سۆڤییەتیەکان بێگانەنو ئەمەریکاییەکان بێگانەنو ئەفەرەنسایەکان بێگانەن جا با هەڵویستو ڕێختەکانیان جیاوازبێو جا بەیوەندیمان بەهەر یەکێك لەمانەو بەوانی ترەوە هەرچۆنێك بێت ئەمە لە چوارچێوەی دۆستایەتیدا بێ یاخود تەنانەت لە چوارچێوەی هاوبەیمانیەتیدا بێ . ئەوان ناتوانن بەهەمان ڕێختو تێگەیشتن مەسەلەکانمان دەربڕن وەك ئەوەی ئێمە خۆمان دەری ئەبڕین . وە لەبارو دۆخی لەباردا بێگانە لەژێر چەتری ئەوەیبە بەیەکگەیشتنی ستراتیجیەکان یاخود ئەوەی بە بەیەکگەیشتنی قازانجەکان ناوئەبرێ مەسەلەکەمان دەرئەبڕێ ، بەم پێیە کاتێك سۆڤییەتیەکان ئەبینن عەرەبەکان خۆزانەگرن وە ئەتوانن بەردەوام بن لەجەنگدا ئەوا پشتگیری عەرەبەکان ئەکەنو چەکیان ئەدەنێ ، بەڵام کاتێك ئەبینن عەرەبەکان هەمیشە لەیەکەم دەست لێوەشاندنەوە (ئەکەون) ، نابێ دوای ئەمە وای بۆبچن کە ئەوان لەبێناو عەرەبدا هەندێك کاری وا ئەکەن کەلەوانەیە زیان لە سوردو قازانجی خۆیان بدات . ئەوەی تەنیا بە هەڵکردنی پشوەبایەك یاخود لەسەرەتاکانی هەڵکردنی باوبۆزاندا بکەوێ ، نابێ چاوەڕی ئەوەبێ کە بێگانەیەك دەرئەکەوێو کلیلەی دەرباز بوونی ئەداتێو لەئەنجامی ئەم هەڵویستەیدا زیانێکی وای لێ ئەکەوێ کە پێ ئەبێتەوە . ئنجا ئایا ڕۆژئاوا ، بەکردەوەو بەگشتیو لەمەدا ئەوروپاو ئەمەریکا هەروەها ژاپۆن لەمەلبەندی بڕیارو سیاسەتدا لەلای خۆیانەوە ، لەمەوبەر لە مەسەلەی عەرەب ئەدەگەیشتنو ئەوان ئێستاکە تێی گەیشتون ؟

- ماویەتی -

Institut kurde de Paris

زانایێ کوێ وەدەردانت جەگەرخوێن

○ ژێرەڤان ○

زانایێ ئەز ل سەر تاخفم بێتفی بێ گۆتن و بێ ناخفتنێ نینە ، زبەرکو نیاس و شەهرەزایێت وی ئیت گۆتار ل دوی گۆتاری ل سەر نقیسین نەمازە ژ زانایێت ئێکجار پەیسکبلندێت کورد و بیانی چێترین نیشانەنە زبو چەسپاندنا فێ راستیێ .

ژ زانایێت کورد یێت کو چەند بێژی تێکەل ، نیاس و شەهرەزایێت جەگەرخوینی تەمر جەلادەت بەدرخان بو ، یێ کو ژ رێڤە جەگەرخوین ب نافێ « سەیدایی » ب ناف کری ، ل سەر رێز و سەر و بەر و رەوشتێت کوردی ، نو بەرهەمێ وی د گۆڤارا « هاوارا » رەنگین و هەنجەمکا وێ « روناهی » یێت لە شامێ د سالا (١٩٤١ ١٩٤٥)یدا بلافدکرن کو نافێ نافیری لە وەلاتێ کوردا بەلاف دبو . ژبلی دیوانا وی یا یەکێ کو ب هژمارا (١٩)ێ کتێبخانا هاواری یاکو سالا (١٩٤٥)ێ ل چاپخانا تەرەقی ل شامێ هاتیە چاپکرن و « رومان » یاکو ب ناڤێ « جیم و گولپەری » ب هژمارا (٢٠)ێ کتێبخانا هاواری سالا (١٩٤٦)ێ ل چاپخانا تەرەقی ل شامێ هاتیە چاپکرن . نەمر جەلادەت بەدرخان ژینەنیگارا جەگەرخوینی وەکی سەرتا یا پێشگۆتنا دیوانا وی یا نافبری بەلافکریە گۆتی یە[1] نافێ وی شێخ موسە . نافێ باپێ وی « حەسەن » و نافێ دیا وی « عەیشان » بو . « حەسەن » کوڕێ « مەحمەد » کوڕێ « مەحمود » « مەحمود » ژی کوڕێ « عەلی » یە . ل گورا کو سەیدا ژ منرا گوتی یە[2] ، ئەف « عەلی » دگەل برایێ خوە ژ ناف کوردلان ، ژ گوندێ « پێکەندێ » هاتیە « حەساری » ناف دەکشوریان . « حەسار » ب « کەرجوسێ » ئەیە نو دکەفە رۆژئاڤایێ « حەسکیفێ » .

حەسەن کچەك و دو کوڕ هەبون . کەچا وی « ئاسیا » نوخریا (نەخریا) وی بو . دپەی (ددوی) کچکێرا خوەدێ کوڕەك دابویێ بە نافێ « خەلیل » . د پەیرا و د سالا (١٩٠٣)ێیاندا شێخ موسی د گوندێ « حەساری » دا ژ دیا خوە بویە . وەختێ بافێ وی چۆ رەحمەتێ (چو بەر دلۆڤانیا خودێ) ، شێخ موسی هێژ کچك بو . ل جەم برایێ خو خەلیل دما . لێ ژبەرکو ل بەردەستێ ژنبرێ دەبارەنەکر بەر ب خوەها خوەڤە درەڤیا .

حەسەن بەریا سەڤەربەریا سالا (١٩١٤)دان ژ « حەساری » بارکربو و هاتبون « عامودێ » . وەختێ کو چۆ رەحمەتێ زاروویێن وی ژ نوڤە ئەگەریا بون « حەساری » . پشتی دەمەکی دیسان هاتنڤە « عامودێ » ئو ل وێ دەری جهبون (جهواربون) ئێدی شێخ موسی ل چەم خوەها خوە دما . خوەها وی ئەو دشاند (تنارت) بەر پەز و جارنا ژی ژێرا پالەیی و رەنجبەری ژی دداکرن . لێ جەگەرخوین کو د کوراهیا دلێ وی دا ئاگرەکێ موقەدەس فێ دکەت قیما (ئێمناهیا) خوە ب فێ ژینێ نەدئانی ، ژ نك خوەها خوە ژی درەڤی ئو گوند کوند ل مەدرسان و خوەندنگەهان دگەریا . گەلەك نەکەتن نافێ ، ئەو شێخ موسێ سێوی و شڤان بو « فەقەم » . شێخ موسی ئو جافێن خوە ل دنیا زانستیێ فەکر .

هەر وەکی د کوردستانێدا عادەتە ، شێخ موسی هەر و هەر مەدرسێن خوە دگوهارتن . پشتی کو د مەدرسێن دەشتێدا دخوەند ، چۆ وەلاتێ سۆران ئو ژێ گەهشتی یە هەتا دەشتا لەهیجانێ د ناف کوردستانا عەجەمدا ، وەختێ جەگەرخوین ژ وەلاتێ سۆران ڤەگەریا دەشتێ راست ب راست چۆ وەختێ کو چۆ رەحمەتێ زاروویێن وی ژ نوڤە ئەگەریا بون « حەساری » . پشتی دەمەکی دیسان هاتنڤە « عامودێ » ئو ل وێ دەری جهبون (جهواربون) ئێدی شێخ موسی ل چەم خوەها خوە دما . خوەها وی ئەو دشاند (تنارت) بەر پەز و جارنا ژی ژێرا پالەیی و رەنجبەری ژی دداکرن . لێ جەگەرخوین کو د کوراهیا دلێ وی دا ئاگرەکێ موقەدەس فێ دکەت قیما (ئێمناهیا) خوە ب فێ ژینێ نەدئانی ، ژ نك خوەها خوە ژی درەڤی ئو گوند کوند ل مەدرسان و خوەندنگەهان دگەریا . گەلەك نەکەتن نافێ ، ئەو شێخ موسێ سێوی و شڤان بو « فەقەم » . شێخ موسی ئو جافێن خوە ل دنیا زانستیێ فەکر .

هەر وەکی د کوردستانێدا عادەتە ، شێخ موسی هەر و هەر مەدرسێن خوە دگوهارتن . پشتی کو د مەدرسێن دەشتێدا دخوەند ، چۆ وەلاتێ سۆران ئو ژێ گەهشتی یە هەتا دەشتا لەهیجانێ د ناف کوردستانا عەجەمدا ، وەختێ جەگەرخوین ژ وەلاتێ سۆران ڤەگەریا دەشتێ راست ب راست چۆ گوندێ « تەلشەئیرێ » ئو تێدا ب جهێ بو ، نو د خوەندنێدا پێ دا ئەردێ (دخویندنێ شەهرەزابو ئو پێشدا چو) . خوەندنا خوە ل نك سەیدا (عبید الله) قەداندبی ژی (دویماهی پێ ئینابو) ژ بەرکو مەلا (عبیدالله) دفێ نافێدا چۆ بو رەحمەتێ ئجازا خوە ژ برایێ وی مەلا (فتح الله) ستاندیە .

شێخ موسی سێوی یێ کو ب رێڤەبو ، بو فەقەم (ژ وێڤەبو فەقە) ئێدی گەهشتی بو پایا سەیداتیێ وی سەیدایی کو پشتدا د ناف کوردانداب نافێ جەگەرخوین دەنگ پێ دایە . پشتی تەمامکرنا خوەندنا خوە شێخ موسی مەلاتی یا گوندان دکر . دبو پێشمێژێ گوندیان مەهدا وان دبری (ژن لێ مەهرکرن) زەکاتا وان دخستە وێزکا شریعەتی ئو ب فێ ناڤی دژی .

فێ ژینێ ژی گەلەك دوم نەکر . جەگەرخوین دەف ژ مەلاتیێ بەردا (دەست ژ مەلاتیێ بەردا) ئو دەست ب جۆتکاریێ کر . دگەل کورمانجان دو گوند ڤافاکرن . نافێ گوندێ کو ب خوە تێدا رونشت کربو « جەهنەمە » سەیدا ژ بو جەهنەمێ دگرت ، ما ژ خوە نە وەلێیە . مللەتێ کو ب سەرخوەیە ما سەکانا وی نەجەهەنەمەیە ؟!

جەگەرخوین وەختێ کو دەف ژ مەلاتیا گوندان بەردا بەرگەهێ (راپێچا) خوە ژی گوهارت . جب (جوبە) و شاش نافێتن ، ریها خوە نادرێژ و چارکەنار ئەدلاند (ب سەرێك ڤەئینا) ئو داوێن کەتە قەلەڤاتا خورتێن (لاوێت) وی زەمانی هەر وەکی د وێنەیێ وی دا شانی دده[3] .

وەختێ جەگەرخوینی ئەف ئنقلابێن (گوهورین) ما (هوسا) چێدکن ، د ناف مللەتی وی دازی ب دەستێن چەند بزارتان ئنقلابنە مەزن چێدبون . وەلاتێ ژۆری د شەرێ سەرخوەبونێدا شکەستی بون ، قەهرمانێن وی شەری یێن کو ژ کوشتنێ خلاسببون ، خوە دابون جیان ئو بەرا نەیارێن خوە ددان . هێن دن خوە گهاندبون دەرڤەیی وەلێت ، جڤاتن داتانن (جڤات دبەستن)و ژ ڤەلاتا وەلاتێ خوەڕا دخەبتین . سەیدا ژی شورێ (شیرێ) خوە ژ کالێن (کافلان) کشاندبو ، بەرا پوت و لاتێن بیر و باوەرێن نەراست ئو خورا ڤەیان ددا . شەرێ نەیارێ هوندر (ناف خو) دکر . ل کورمێن داری ل کورمێن کو دار دخوارن دگەریا ، ئەو کورمێن کو سەیدایێ خانی سێ سەد سالا پێش مە کرنە .

سەیدا راست ب راست بەلا خوە دابو میر و بەگ و ئاغا و شێخان . ژ لەورە ژ خوەرە دژمنە خورت و دژوار پەیداکرن . جارنا جەلێ تەنك دبو ، لێ سەیدا بێ پەروا شورێ خوە د سەر سەرێ وانرا ڤەدوشاند و ئەشکەرە دگوتە وان .. ئەز دکم ب فی شوری سەرێ وە ژێکم . لێ دڤێت بێتە گوتن کو زەلامێن کو د رێزا نەیارێن وی دە هاتنە دیتن پەیانیە هێژا ئو وەلاتپارێز پشتەڤانیا وی دکرن ئو ژ تایێ وی دبون ، نەمازە رەحمەتی حاجو ئاغا راست ب راست دەستێ خوە داتانی پشتا وی د رێیا گینگەشی و کەشمەکەشێدە ئەو دهێفوت (ناف تێ ددان) ئو ژێرا دگوت تەخسیر مەکە ، هەر عەیب و کیماسیا مە بێژە ، لێ تێکەلی دین و دنیایێ مەبە . تشتێن کو ل زۆر گوتی برەکی ژینەنیگاریا جەگەرخوینە . هەر وەکی ژبەر بێکافیێ د فێ دیوانیدا مە هەر تشت کورت کەتەبر کریە . مە ژینەنیگاریا سەیدا ژی ب کورتی گوت . د جارا بێتدا بیر و رایێت کوردەکێ دی دەرباری زانایێ مەزن دێ پێش کێش کەین .

(١) ئەف ژینەنیگارا جەگەرخوینی د بەرپەرێ (٦ـ٨)ێ ژ دیوانێیە وەکو تێکستێ مەنقیی بێ گوهورین .

(٢) ئانکو ل سەر گوتنا سەیدایێ جەگەرخوینی ب خو ، نەمر جەلادەتی ئەف سەرکوزەشتی یە نقیسی یە .

(٣) وێنەیێ نافبری د سەرێ دیوانیدا بەلافکریە .

شەڤبێریەکا کوردەواری

گوندێ هێمنەو ، بەفرا دباریت ، شەڤە ، پەردەکا سپی ل کەفیا بەفرێ یا پ سەرێ گوندی دا هاتیە دادان ، چیاوو دۆل و دارو درەختو رەزو چەم بجلکێ زڤستانێ یێت هاتینە ئەشارتن خەلکێ گوندی د خانویێت خودادو لبەر سوپێت خو یێ خۆ کرکری . گرمە گرما . سوپێیەو ، دمرڤەژی سەرمایەکە ژ هەر خودێوو تۆ دزانی . ئەم هەموو دزانیین کو شەڤێت زڤستانێ دتاری و درێژن .

بەلێ راستە زڤستان گەلەك یا نەخۆشە ب تایبەتی زڤستانا گوندێ مە ، پالەو جووتیار دمرناکەڤن ، شڤان و پێریڤان ناچنە بەر پەزی ، زاروگ و بجویك ناچنە دەرێ ویاریا بکەن ، کاروانی دەرناکەڤن ، هەمی ئەو رێکێت بو گوندی ئێن بەفرێ یێت گرتین .

کۆچکا گوندی یا گەرم بووی هەمی یێت رونیشتین و یێ شەرت و شەرتانێ دکەن ، کانی کی ژ هەمیا بێ زیرەك و جەلەنگەو ناترسیت ؟ یەك ژوان رابوویەو گوتی ئەز ناترسم . ئینا پیرەمیرێت کوچکێ هەمیا گوتێ ئەگەر تۆ راست د بێژی ، دێ تۆ شێی چیە ناف گۆرستانا گوندی و ئەڤێ دارێ لسەر گۆرێ فلان کەسی چەقینی ؟ ئینا وی لاوی پەرسف دافە و گوتێ بەلێ . وەخت درەنگی شەڤێیەو تاریەو ، بەفرا دباریتو سەرمایە . لاوی دارێ خو بدەستێ خوگرتو سەرو چافێت خو گرێدانو چرایەك دگەل خۆ ئیناو کەفتە رێیا گۆرستانی هەموو ئەوێت ل کۆچکێ رونیشتین باوەر نەکر کو دێچیت ، ئینایەك ژوان دویڤرا چووکادێ چیت یان نە ، چافدیریا وی بکەت ئەو لاو هێدی هێدی یێ بەرەڤ گورستانی دچیتو یێت دترسیتو کەس دیار نینە ، گەهشتە گۆرستانێو زویکا دارێ خۆ ل وی گوری چەقاند یێ کو ل کوچکێ دەست نیشان کری ، بەلێ ژبەر ترسێو تاریا شەڤێ نەزانی کو جلکێت وی یێ دگەل داری دا دهاتیە چەقاندن وەختێ رابوویەڤە کو بزڤریتەڤ کوچکێ نەشیا بچیت .. گەلەك ترسیار هزر کر کو مریەك یێ ل گۆرستانێ رابویەڤەو جلکێت وی یێ دگرتین ! ئینا هەوارکر ... وەرنەمن هەوارە وەرنەمن .. ئینا ئەو مروڤێ ل کوچکێ دویڤدا هاتی گەهشتە وی و گوتێ :

هەی مال ویران ، تو هند ترسیای ؟! ئەڤە تە دارێ خوێن بجلکێت خوڤە چەقاندی . هەردوو پێکڤە هێدی هێدی هاتنەڤ کوچکێ و ئەڤ رویدانە ڤەگێراو هەمی بێ کەنین و شەڤا خو ببرە سەرێ .

مهدی طاهر

«سندەبادی» و هۆزانا «تەپ ڤیاو مێ نەئانی» دا

براستی رەخنەگرتن رێکەکا کویرودویرە ، هەروەسا چرایەکێ روهنە ل رێکا تورەوتورەڤانیدا ، زۆر تشتێن هەین نقیسڤان دێ کێشیتو دانیتدێ هنگی بێ هەستیت لدەمی روهنکرنا رەخنەگری تێتەسەرودێ کاریت پەیکەکا دی بسەر کەڤیت .

ژڤانا مە ل چ رەخنەگرەکی نەوە کو هزرێن لەنك راگرین ، بیرێن گرتی فالاکەینو ، هزرارەخنەگری وەسا دەست پێدکەتو دیاردبیت کو نەو گوتن پرتەکن ژ چەرگێ نقیسڤانیو چبکێن خوینا سۆرن ژ دلێ وی تێنەخارێو هەر رەخنەگرەکی دیتنەکا تایبەتی یاهەیو دڤێت کو بێ نرڤەکریبیت لسەر دەستوداریو رێڤەچوونا کاروانێ ژینێ ژ هەمی لایەکیڤە .

ئەم دکارین هندە تایێن دی ڤەبەرژنین ژ هۆزانا برادەر خلیل محمد دهۆکیو هندە تیرۆژکێن ژیانا وی دمرپێخین لدویف وان سیبەلێن پەردایەنەسەر گەمیا نارینا خۆ ، لسەر وێ هوزانا هاتیەنقیسین ودهاوکاری ژمارە (٣٩٨)دا هاتی یەبلاف کرن . ئەم دشێین ژیانا هوزانڤانی بکەینە دو قوناخ ، یانێکێ : ئەڤیندارە لێ نارینا وی دهێلیتو ئەو بهارا دڤێت ناخەملینیت :

ئەم بهارا تە گوتی نەخملی .

یادووێ : هوزانڤان دزڤریت پشتی ڤەجنقینەکێ لدەمێ زانی کو نارینا وی دێ ژدەستچیتو دێ هێلیت ، دیاربوو کو یێ نەچارە ، ڤیاخو شرین کەت بەرامبەری وێ ، برێکەکا دی ، برێکا هەلامتەیێ (الاسطوریة)و قارەمانیێو چەلەنگیێ . ل ڤێرە دوو هزردیاردبن ل مێژکێ هوزانڤانیدا :

١ ـ دڤێت خۆ دیارکەت بووان کەسێن دگەل دژیت لدەورو پشتێت خۆ کو یێ رەوشەنبیرە ، زانایەو بسەرڤەچوویە ، هەروەسا دیاردکەت بۆ زانایێن کوردو خویندەواران کو ستێرارەوشەنا وی یاگەشە لە عەسمانێ تورێ کوردی .

شیرێ شێرا .. گەر تەڤیا ..

ئەڤە کاکلا چێرۆکا رەمزڤانێ حاکمێ نەساخە ، خالا مێرخاسیێیە ، گەر تە ڤیا ، وەك ڤەرهادی « ئەز ژبەر تە کونکەم چیاکی .

هنگی من بهێلە هەژیمە .

ڤەرهاد شەیدایێ ئەڤینا خۆبوو دگەل شرینێ قوربانێ حەژیکرنێبوو . هەروەسا گوتنێن مەزنا :

کەس بخوزی یا ناگەهتە باڤێ کەزی یا

هۆسا هوزانڤانەروشەنبیریا خۆ دیاردەکەتو قارەمانیێو مێرخاسیێو ئەڤینادروستو پاك و گوتنا مەزنا ئەڤانە هەمی پرتن هەڤپشکن دتورێ مە کوردادا ، ئەڤانە هەمی خرڤەکرن بۆ خوینداوارێن خۆ .

٢ ـ ئەڤ رویدانەو تەیستێن نەدوویرن ژ مێژکێ هوزانڤانیو دبنە گوهورینەکا سایکۆلۆژی ژبەر وێ کیماسیا لنك هوزانڤانی . حەزکر خو ژێ قورتال کەت لێ بسەرنەکەت دگەل نارینا خۆ وەسا لدەڤ خۆ دیاربوو کو یێ نەچارەو ئەگەرا هێلانێ نزیکترە ژ وی ئەڤجار زیرەکیو چەلەنگی کرە بەرخو دگەل کراسێ هەلامتەیێ ، دبێژیت :

گەر تە رۆژ ڤیاو م ژ تەرانەنانی
گەر تە « شیرێ شێرا .. »ڤیا
م نەنانی .

.. زۆر جانە تە دڤیا ببیەسندەبادو رەمزڤانو ڤەرهاد .. سندەباد گەلەك دزانن کو خودان کریارو ب سەهم برو لدەمێ هەرۆ سحارا رادبوودچوو رافو نێچیرا بۆ نارینا خۆ ـ ئەوا رەڤاندییە ناڤچیادا ـ هنگی داهێت تاکو کەلەخەك ئاتیبا ، چ تشتێ نارینا وی گوتبایێ بۆ مە بینە ، قەت نەدگوتی : نەهێکێن قورتا ، چاڤێن غەزالا ، زخێن نەهنگا ..

صدیق شرۆ

بروانە ل : ٧

هەڤالا مە

عزەت نوری

هەڤالامن

هەکە روژ ژ روژئاڤا هەلێتنو شوینا روناهیێ تاریاتیێ بدەتن ...

هەکە ئاڤا رویبارا سەرنەڤرازبیتو هەمی تشتەکێ جیهانێ بێت گوهارتن ...

ئەڤینا من بوتە هەر وەك هەرەو دێ هەرمینیت ، ژبەرکو هەڤال ...

ئەڤینا تە ، هێزو ئەژەنا منەو ئەز نەشێم خو لسەر بێت خو بگرم ...

ئەز نەشێم مەتاکو بەرێ خو بدەم خو ... بێ ئەڤینا تەو لەوما ، دژیم هیڤیاتە ... چاڤ لرێ یا هاتناتە ...

خوشی یا من ژ خوشی یا تە یەو ئەڤ ژینا من ...

چەپکەکێ هەلالێن بوهارا ئەڤینا تەیە .. هەڤالامن

هەڤالا .. دلێ من .

ئەرزی و پەنگاوی یا ئالۆزی

نقیسینا عبدالکریم فندی

گوڤارا « بەیان » یا هێژا ژمارە (٤٢) لەیڤا حوزەیرانێ سالا ١٩٧٧ژێ . هەلبەستەکا بەکربەگێ ئەرزی بەلافکر ئەڤا ب ناڤلەخاتوینێ هەلدایی ژ تویژاندنا هێژا صادق بهاءالدین ئامێدیو و سەیدایێ نافبری گەلەك ژێدەر دگەل ئێك هەڤبەرکربونو ژبەر ئەڤ هەلبەستا تویژاندی دێ بیتە ژێدەر بو دواڤژێو بهزرو ڕامانێت من هندەك تشتێن نالوزو لەنك تێدا هەبون وەکو :

١ ـ گەلەك رێزکێن ل حاشیەو فەروزا نقیسین راستو دورستترن ژوان ئەوێن هاتینە سەری بو مەتنو نافەروکێ بشوەکێ تویژاندی وەکی فێ مالکا خوارێ بونمونە :

خیالا دلبەرێ ناکەم م دیت نێ هاتو پەیدابو

(بنیرە بەرپەڕی (٩)ی)

کو بهزرو رامانێت من پەیڤا « نێ » مالکێ بێ هێز دکەت وەکی پەیڤو ئاخفتنا عادی لێدکەت . لەوان ئەڤ مالکە هوسا بهێزو دورستترە :

خەیالا دلبەرێ ناکەم م دین ئاگەهە کو پەیدابو

هەروەکی د فەروزێداو نەسخا « ح. ب و ئامی » هاتیەنقیسین .

٢ ـ گەلەك لەنگین کێشو سەنگا یێن دناف مالکێن سەیدا صادق ئامیدی تویژاندین هەین ئو بو نموونە :

قەومستانی ب چەنگالان ب بینن توقێ چ قەسمالان

(بنیرە بەرپەڕی (١٢)ێ)

بهزرا من سەنگو کێشا وێ یالەنگە ، چونکی نیف مالکا ئێکی (٨) هەشت دەنگە ، لێ نیف مالکا دوێ (٩) نەهـ دەنگەو ، دڤیا مالك هەمی هەشت دەنگ بن د هەلبەستێدا ، لەوان دڤیا ئێك ژ مالکێت فەروزێ بێتە سەری وەکی « بنێر توقێ چ قەسمالان » یان هەر مالکا سەری پەیڤا « ب بینن » بکەینە « ب بین » دا مالك راستو دورستبیت .

٣ ـ سەیدایێ بەرێزو هێژا گەلەك نیف مالك یێن دوبارەکرینو ئەڤ چەندە هەلبەستێ بێ هێزدکەتو وەسا دیاردکەت هەروەکو ئەرزی هوزانڤانەکێ بێ هێزو توانا وەکو دوبارەکرنا ڤان نێف مالکا : « ژ رویباری ڤەگەریابو » دگەل چارینا « تەزین دابو ب سورافێ » هاتی یە دیسان چارەکا دی ئەڤ نیف مالکە دگەل چارینا « هژاندن زولفو سنبل بو » یا دوبارەبوی . (بنیرە بەرپەڕێ (١٢)ێ)

دیسان نیف مالکا « بەرو دامان بە خەرجی نە » و دگەل چارینا « طلسمەك پاکی زێرینە » هاتی یە . هەروەسا یا دوبارەبوی دگەل چارینا « هەمی خارا خەتاینە » . (بنیرە بەرپەڕێ « ١٣ »ێ) .

لەورا ئەڤە بهزرا من ڤەچوینەکا راست نینە ، ئەرزی وەناکەت .

٤ ـ یادیارو ئاشکەرایە کو بارا پتر ژ هەلبەستێن کلاسیکی یێن چوار مالکی و تورا کوردیدا ، مالکا چوارێ پەیوەندیو گرێدانەك دگەل مالکا ئێکێ یا چوارینا دویڤرا یاهەیو ئەرزیێ نەمر لسەر فی بناغەی هەلبەستا خو یا ڤەهاندیو گەلەك هەلبەستێنو خو یێن دی ب فی رەنگی یێن داناین وەکو « بەیتا جولی یەکی ، بەیتا تەرکی ، بەیتا سەیرانی ... هتد . » بەلێ موخابن ئێکێ وەکی سەیدایێ صادق ئامێدی خودانێ دەستێ فرەهو درێژ د توا کوردیدا ، کولومتێ بەرزو بلند و زارێ کرمانجیا ژوری بکەڤیتە هندەك سەرداچونا لدەمێ تویژاندنا فێ هەلبەستێ ، ئو هێژا ئامێدی گەلەك ئالوزی یێن ئێخسینە بەنگا ئەرزی هەلکری ئو یالێك باچاندیو وەربادایو دناڤ ئێك هەلکری هەروەکو دبێژن تەڤنێ ئەرزی یێ کریە ریس و ، بەرزی ئامێدی ژ سەرێ هەلبەستێ هەتا جوارینا « ٧ » حەڤتێ دروست بەنگا هەلکری ، بەلێ پشتی جوارینا حەڤتێ گولولکا ئەرزی یا ئالۆژاندیو سەروبنکری چونکی بهزرو رامانێت من دڤێت ژ جوارینا هەشتێ بەرپەڕێ « ١١ » یانزدێ پێهەلو هەتا دویماهیا بەرپەڕێ « ١٢ » دوانزدێ ب فی رەنگی جوارین دەستبێ بکەنو بکەڤنە دویڤ ئێکو بچن :

بروانە ل : ٧

ئەو ڕۆژەی بەیەك ناگەین

به تالیەکەوە وتی : هەموویان بەدنیهادن ، کینەدارن ، ئەی لە روخساری گرژو هۆنیانا بەدی ناکەیت ؟

ووتم : باله دا خابەرن .

وتی : بەلام ئەوانزۆربەن .

وتم : هیشتا بەهێزین ، ئەتوانین بەرگە بگرین .. ئارامبگرە .. مەسەلەکە زۆرلەوە قولترە ..!

وتی : بەلام ..!

وتم : تکایە ..! هەمدیس بگەڕینە وە ئاو گیژەنی قسەو چەقەچفا وەیی و گیرانەوەی شتە خراپەکان ..؟

وتی : کەیفی خۆتە ... باوابێ ..

بێدەنگبو ، لە پەنجەرەی بانەکەوە چاوی لە گولالەکان زەق ئەکردەوە .. بێدەنگیەکە بەردەوام بو .. خرپەی دەرون رێی نەئەدا قسە بکا .. کچێکەو ئەیەوێ بگاتە ئەنجامێکی راستەو راستی گیروگرفتەکەمان .. جلەوی کار بگرێتەدەست ، تا نوچ نەدەین .. حەزم ئەکرد

ئەگەر هەمو تەمەنیشم لەسەر دانابێ ..

لەجانتاکەی پاکەتەکەی دەرکرد .. جگەرەیەکی داگیرساندو لە دوکەلەکەی راما ..

حەزم ئەکرد بیم بە جگەرەکەی دەستی ، تا لەتێو پەنجەکانیدا بسوتیمو بچمە ناخ سیبەکانیو لە قورگی بێتمە دەرەوەو لە پاشا بەسەرازادی پەرشو بلاوی ناسمان بم .

سەیریکردم ، بێدەنگیەکەی بچراو وتی :

ـ تاکەی وابین .. ئەرێ تۆ بێزار نەبوی ؟ من حەز ئەکەم لەیەك دابڕبین ، چونکە باشترین چارەسەرێکە ..!

ئەم قسەیەی ونجرو نجری کردم .. ئازارێکی گەورەی یێ بەخشیم .. حەزم لەمەرگی خۆم بو .. نەك ئەم قسانەی .. هەستم بە دڵتەنگیەکی سامناکو بێ پایان ئەکرد .. وەکو بڵێی : زەوی ئەمسورێنێو بۆ جیهانێکی نادیار وسەرگەردانی تورێ ئەوام .. لەشوێنی خۆم رەق بومەوە .. ئەندێشە فراندمی .. دیم لەسەر پایەی فرۆکەکە سەر ئەکەوێ .. راستە : ئەوەی ئەو رۆژە پێی وتم : کە ئەبێ بار بگەمو برۆم ، واهاتە دی .. ئەبێ ئەنجامی دلداریمان لەیەك دابڕانبێ .. ئەو کچە درۆی نەکرد .. راستی ئەکرد .. چونکە خۆی سەرگەردانە وهەمو دنیا بەختەوەری ئاکا .. سروشتی تایبەتی خۆی هەیە ، سەر بەستەو نایەوێ وەکو ئامراز ئیش بکات ..

دژی رۆتینەو حەز لە خۆبادانو فرۆفێلو چەپەندازی ناکا .. زۆر لەگەڵما راستبو .. بەلام ئەو رۆژانە من گوچ بوم ، بڕوام پێ نەکرد .. فشەم بەقسەکانی ئەهات ، ئارە زوەکانی خۆم بەلاوە مەبەستبو .

ژیانم بێ ئەو هیچە .. بۆ شاییەکی سامناکە .. هێزێکی سەراساو سەر شێتانە منی بەئەو بەستوە .. ئەو بۆ من هەمو شتێکە .. هێزم بێ ئەبەخشی .. خۆشەویستیو ، هەموشتێك .. بەلام وا ئەم ئەڕواو دوای چەند ساتێك فرۆکەکە فڕیو هەمو شتێ ئەبڕێتەوە .. سەرگەردان بوم .. ئەوم لەبیرکرد .. لەبیرکرد کەلە تەنیشتما دانیشتوە .

بروانە ل : ٧

● فؤاد حسین احمد ●

Institut Kurde de Paris

ئەرزیو « پاشماوە »

موزەصەع تەیرو قومچینە
رەخـا رەخ بەلـگو رویش‌نە
هـەمی درو مارینە
ل سـەر ئەنیێ تەمەنابو
لـەر ئەنیێ یەکا یەك تێ
بەماو بەلك‌و نـەترەك تێ
ژ سـیانێ موبارەك تێ
بەوێ صـورەت موهەیابو
بەوان صـورەت موژەیەن‌بو
شەراب‌و پـاك‌و رەوشـەن‌بو
وەکـو باغێ بە چیمـەن بو
دو زولفـا سوجدە کیشابو
دو گیسو بـون د سوجدی‌دا
سەرا ئـەو بو د بەژنی‌دا
هـەوانی جارەکێ لێـدا
هەژانـدن زولفـو تاتابو
هەژاندن زولفـو سـنبل بو
رەخ‌و جەبهە وەکو گول بو
لسەر روکێت قرافـل بو
د مابەینـی ئەنیێ مابو
نـەنی مابـو د مابەینی
دو ئەبرو مثلێ قەوسـینێ
مەیانـا « طرفـة العینی »
نەقاشی سـورمە کێشـابو
دو چاڤان سورمە یا رەش‌بو
ژبەر خـالان مونەقەش‌بو
ب صورەت سورگولا گەش‌بو
ب سـورافێ تەرین دابو
تەزین دابو ب سـورافێ
رەشاندی بو ب گول نافێ
نـەوێ رۆژێ ژ بـالافێ
ژ رویبـاری فەگـەریابو
فەگـەریابو ژ رویبـاری
ژ دەڤ‌و لێڤا شەکر باری
دو گیسونە سیەھ تاری
وەکی ئیـلان ڤەهونـابو
وەکی ئیلان ڤ گرگر تێن
ژ شـەش بەندان مە زرزر تێـن
سەراسەر گەوهەرو دور تێن
ب چـەنگالا ڤەوسـتابو
ڤەوسـتانی ب چەنگالان
بنێر طوقێ چ قەسـالان
دورو گەوهەر ب مثقالان
چو جاران کەس نەکێشابو
لدویماهی سوپاسیا سەیدای هێژا دکـەمو ژێ دخوازم جارجارا پیلێن زانین‌و شیرەتێن پر سودو قازانج یێن د دەستێن وی‌دا بو مە بەلاف‌کەت و ، روناهی‌بدەتێ ٠

بەسەرهاتی « پاشماوە »

خواردن‌دا ٠٠ هاتـوە وەك لیڤرسراوێکی (تـەحقیق)ی فلیمی پۆلیسی ئەم لاو ئەولا دەکا بەدوای ئاسارو کەرەسەی خۆکوشتنەکەدا دەگەڕێ ٠٠٠ شووشەی ژەهـرەکە دەدۆزێتەوە دلۆپەکانی بەلێوی (کنێر)ەوە دەبینێ ٠٠ نامەکە دەخوێنێتەوە ٠٠ بـە (تەداعیش) دەگەڕێتەوە بـۆ ماوەیەك لەوەو بەرو قسەکانی کنێری دەکەوێتەوە یـادو بەراوردیان دەکا لەگـەل مەسـەلەی خۆکوشتنەکەی‌داو پەیوەندی نیوانیان دەردەخـاو هەموو دەداتە دەم یەك ٠٠ کە بەراستی زۆر کاری‌یەکی زۆری پێوە دیارەو دەتوانرا گشت ئەم شتـانە بە شێوەیەکی ئاسایی روون بکرایەتـەوە ، ئەویشـی لەسـەر سەرزمانی بەشـدارانی تازیکەوەو بەهۆی دۆزینەوەی پەیوەندی نیوان ئەو قسـانەو بیرەوەریەکانی کچە کە لەمەو (کنێر) ٠

ت/۲/۹۷۷

(۱) لـە چیرۆکەکەدا رەگەزی ئەم پالەوانە بەتەواوی ئاشکرا نیە ٠٠ واتە نازانیـن کچەیان کوڕە ٠٠ بـەلای خۆمەوە وام هەست‌کرد کـە « کچە » بۆیە هەر بە کـچ ناوم هێناوە ٠٠ بەهەر حال ٠٠ لەگەل مانەوەی گومانم‌دا لـەم بارەیەوە ٠٠ بەلام کارێـکی ئەوتۆ ناکاتە سـەر بـۆ چوونەکانم ٠

نە، هەرگیز « پاشماوە »

بەئاگری جگەرەکـەی پەتی خەیالەکەی سـوتاندم ٠٠ لەگەلی سازابوم ، وەخت نەبو دەستم بسوتێنی ٠٠ کەچـی لەپر دەستم کێشایەوە ٠٠ کـە سەیریم کردەوە ٠٠ دیم‌بەزەقی وبەسەراسیمەیی سەیرم ئەکا ٠٠ وەکو بڵێی : بیـەوێ بمخنکێنی ٠٠

بەتورەییەکەوە وتی :

تۆ کابرایەکی لاسـارو هەرزەو شێتی ٠٠ بۆ وازم لێ ناهێنی ٠٠!

وتم : ئەی خۆشەویستیم ٠

وتی : تۆو خۆشەویستیت بۆ دۆزەخ ٠

وتم : بەلام ٠٠

وەلامی نەدامەوە ٠٠ هەلساو جانتاکەی هەلگرتو لەیانەکـە دەرچوو ٠٠ بەتەنیا مامەوە ٠٠ لەوپەڕی ئەندیشەوە گەڕامەوە ٠٠ تا شتێکی‌تر دورست‌بکەم، بەلام بێ هودە بو ٠٠

بێ ئەنجام بوم ٠٠ نیگەران بوم ٠٠ دوبارە لەجیهانی سەرگەردانیا سەرگەردان بومەوە ٠

هوزانا « پاشماوە »

هەمی بوخاترا رزامەندیا نارینێ داکەفتە دەریـاو دەریانوشاو لناڤ سیپەلێن ئاڤا ژبەر هندێ ٠

حەتا شیرێ شێرا بـۆ دئانی ٠

بدر شاکر السیاب ـ دەمێ کەتیە نەخۆشخانێ ل لەندەن ، نامەیەکا هوزانی کو بنافێ . رحلة السندباد ـ بۆ ژنا خۆ هنارد خۆدیارکر کو ئـەوژی سندەبادە خودان هێزو کریارە ئەو بخۆ زۆرێ نەچارە بوو قار بوو ٠ براەمر خلیل دهـۆکی دڤیا خۆ بکەتە سندەباد شیرێ شێرا بینیتو خۆ بکەنـە فەرهادێ دلسۆز قوربـانێ شیرینێ جیا کونکەت ، مـە گەلەك بێ‌خۆشە ، لێ نەشـیا خۆبگریت ، نەچاریا خـۆ دیارکرو روندکا بێ زەفەریـێ داوەزاند گاڤا دبێژیت :

تۆ خودێ کەی من نەهێلە

جانتربوو هـەکە برادەری باوەری بخۆ هەباو ب رەنجـا خۆو ئەفینا خۆو ، هەبوونا خۆ دیـارکربا ٠ هیڤیداری سەرکەفتنا برادەری‌مەو ٠٠٠ وی پایێ هافێژتیە پەیسـکا تورێ کوردی ٠

بنکەی « پاشماوە »

بەرهەممان فرەیە ٠٠

● ئایا بۆ دجەی بنکەکـە چەندە ؟ بەشی پێوسـتیەکان دەکات ؟

ـ مانگانەمان «۲۰» بیست دینارە ٠٠ بەش دەکـات ٠٠ بەلام گەر زیاتر بێ ئێمـەش چالاکیمان زیاتر دەبێ ٠٠

● دوا پرسیارمان ئەوەیە ئەو کۆسپانە چین کە لـە چالاکی‌تان دەکوژێ ٠٠

ـ زۆر گیروگرفتمـان هەیە ٠٠ لەوانە :

١ ـ تۆژەرمان نیە ٠٠ کـە گەورەترین کۆسپە ٠٠

٢ ـ مامۆسـتا یـان رێنمایدەی کۆمەلایەتیمـان پێویستە ٠

٣ ـ ئوتوموبیلمان‌نیە بـۆ گواستنەوەی کاربەدەسـتانو قوتابیان ٠

٤ ـ بنایەکمان بچوکـەو قەوارەی چالاکیشمان بـەرە بەرە فراوان دەبیت ٠

٥ ـ پزیشك لە بنکەکەمان نیەو بەسەردانیش هەر نایە ٠

٦ ـ پەرتووکخانەمان نیە بۆ کتێبی منداڵان بەتایبەتـی بەزمانی کوردی ٠

پێش ئەوەی هیوا حافیریان لێ بکەم ٠٠ لەگەل بەرێوەبەر « نەسرین حەمید »دا چـاوم بە هەموو بەشەکان کـەوت‌و دلسوزی‌و خۆماندوو کردنـی مامۆستایانی بەرەقی پێـوە دیار بوو ٠٠ منیش لە کۆتایی زۆر سوپاسی بەرێوەبـەر « نەسرین حەمیـد »و مامۆستایەکان دەکەم هیـوا دارم هەرگیز درکی نەکەن لە پێناوی خزمەت کردنـی کۆمەلەکەمان ٠

خۆزگە ناتەواویەکانیشیان جێ بەجێ دەکرا ٠٠

کاکل حەسن محمد
بەشی رێنمایی کۆمەلایەتی وێنە گرتنی بەلال میرانی

بۆزانـین

لە پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێـدانی ئەتەوایەتی بەرنامەی رەنێوهێنان ئەمینداریەتی گشـتی بەرێوەبردن کارو خانەسازی ناوچەی کوردستان قۆنتەراتی نزینی ژمارە ٧٧/٧١ بۆ دروست‌کردنی کۆگای بەریوەبەریەتی ئەرومردەی بارێزگای دهۆك لە کاروباری فەسلی ٦٠ ، مادەی (١)یەك ، زنجیرەی ٩ لە بەرنامەی رەنێو هێنان سالی ١٩٧٧ ٠

لەبەر بەرزبوونی ئەو نرخانەی کە وا قۆنتەراتچیەکان پێشکەشیان کردووە بەنسبەت بۆ زانینەکەمان ژمارە ٧٧/٦٧ بریارمان‌دا سەرلەنوێ ئیعلانەکە دووبارە بکەینەوە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە :

١ ـ ئەتوانرێت کۆمەلـە ئیستمارەی مەرجـەکانی قۆنتەراتەکـە لەمەلبەندی ئـەم بەرێوبەریەتی‌یە یاخود لە بەرێوە بەرێتی‌کانی پارێزگای دهۆك بـە (ـر١٠) دە دینار دەست‌بکەوێت کـە بەدرێتەوە ، بەمەرجێك قۆنتەراتچی مەرجە گشتی‌و تایبەتەکانو هونەریەکان بکرێت کاتێك قۆنتەراتەکەی کەوتـە ئەستۆ ٠

٢ ـ دوای ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش کات زمێری دوانزەی نیوەڕۆ رۆژی کەشـەممە رێکەوتی ٢٩ـ١ـ١٩٧٨ ئەبێت‌و ئەدرێت سکرتێری لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەمەلبەندی ئەم ئەمینداریەتی یەدا ٠

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە ئەبێت لەگەل تەندەرەکاندا بن :ـ

أ ـ بارمتـەی سەرەتایی (پێشـەکی) نزیکەی (ـ/١٠٥٠) هەزارو پێنجسەد دینار لەشێوەی کەفالەتی بانق کـە بۆ ماوەی شەش مانگ لەرۆژی داخستنی قۆنتەراتەکەوە بەکار بێت ، یاخود لە شێوەی چەکێکی مۆرکراوی بێت ٠

ب ـ پێناسی زووری بازرگانی لەگەل بەلگەنامەیەکدا لە بەرێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچوبێـت‌و بۆ ئەم ساڵ تازە کرابێتەوە ٠

ج ـ بەرنامەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن ٠

د ـ پێناسی پلەی قۆنتەراتچیەکان ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لە کاتی خۆیدا پێشـکەش نەکرێت یان هەموو مەرجەکانی‌تیدا نەبێـت پشت‌گوێ ئەخرێت ٠

٥ ـ ئەم بەرێوە بەریەتی‌یە لەسەری نیە نزمترین تەنـدەر لەرووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی‌تر قبول‌بکات ٠

٦ ـ هەر رۆژێکی دواکەوتنی‌کار (ـر١٥) پانزە دینـار سزا ئەدرێت‌و پێویستیشە قۆنتەراتچیەکە کاتێـك قۆنتەراتەکەی ئەدرێتی ئەندازیارێکی سەرپەرشـتی کەر دابنێت ٠

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لەرۆژی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکانەوە ٠

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لەگـەل تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا ئەدرێتـە ئەو قۆنتەراتچیەی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە ٠

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لەگـەل تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا ئەدرێتـە ئەو قۆنتەراتچیەی کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە ٠

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچی پووڵێکی (٢٥٠) فلسی بـە تەندەرەکەوە بلکێنێت ٠

١٠ـ ئەو تەندەرانە پشت‌گوێ ئەخرێن ئەگەر لە زەرفێکی داخراودا نەبن ٠

١١ـ لە بەجێهێنانی قۆنتەراتەکەدا پشـت بەمەرجـە گشتی‌یەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بەهەر دوو بەشی یەکەمو دووەمیەوە ، ئەپەسترێت ٠

١٢ـ هەر سڵ کردنەوەیەك لەلایەن قۆنتەراتچـەکانەوە لەنێو تەندەرەکان بنووسرێت بەهـیچ ئەژمێردرێ‌و رەفز ئەکرێ ٠

شیروان علی امین
ئەمینداری گشتی کاروخانەسازی

بەیاننامە

قورعە کێشانی سێیەمی ساڵی ١٩٧٧ دانەوەی بەشی بەلگەنامەی قەرزی عیراقی ساڵی ١٩٧١ لەرۆژی یەکشـەممە ٢٥ـ١٢ـ١٩٧٧ لەبارەگای بانقی مەرکـەزی عیراقی لەبەغدا بەئامادە بوونی ئەو لێژنەیەی کەوا سـەرپەرشـتی دانەوەی بەلگە نامەکانی کردووە جێ‌بەجێ‌کرا ، (٥٠٠٠) بەلـگەنامەی داوەوکۆمەڵی نرخەکانی (٥٠٠ر٠٠٠) دینار بووە بەپێی ئەو تەفسیلاتانەی کـەوا لەخوارەوە باس کراوە ٠

هەڵگری بەلگەنامەکان پێویستە لەسەریان بەلگەنامەکانیان لە بانقی مەرکەزی لەبەغدا یا لە لقەکانی لە پارێزگای بەسرەو موسـل پیشان بدەن ئەویش لـە ٣١ـ١٢ـ١٩٧٧ دەست پی ئەکات بۆ ئەوەی نرخەکانی وەرگرن‌بەپێی مادەی چوارەمی بەیانی وەزیری دارایی ژمارە ٦ ساڵی ١٩٧٧ ٠

قورعە کێشانی ساڵی ١٩٧٧ بۆ دانەوەی‌بەشی‌ی بەلگەنامەکانی قەرری عیراقی سـاڵی ١٩٧١ ، دانەوەی ١٩٧٥ـ١٩٨٠ کە وا لـەرۆژی یەکشـەممەی ٢٥ـ١٢ـ١٩٧٧ جێ‌بەجێ‌کرا ٠

ژمارەی زنجیرە	بەلگەنامەکان	لە	تا	ژمارەی زنجیرە	بەلگەنامەکان	لە	تا
١	١٠٠	٥٠١	٦٠٠	٢٦	١٠٠	١٤٠٠١	١٤١٠٠
٢	١٠٠	٧٠١	٨٠٠	٢٧	١٠٠	١٤٢٠١	١٤٣٠٠
٣	١٠٠	٩٠١	١٠٠٠	٢٨	١٠٠	١٤٦٠١	١٤٧٠٠
٤	١٠٠	١٥٠١	١٦٠٠	٢٩	١٠٠	١٥٠٠١	١٥١٠٠
٥	١٠٠	٢٤٠١	٢٥٠٠	٣٠	١٠٠	١٥٢٠١	١٥٣٠٠
٦	١٠٠	٢٩٠١	٣٠٠٠	٣١	١٠٠	١٦٠٠١	١٦١٠٠
٧	١٠٠	٣٠٠١	٣١٠٠	٣٢	١٠٠	١٦٢٠١	١٦٣٠٠
٨	١٠٠	٣٦٠١	٣٧٠٠	٣٣	١٠٠	١٦٣٠١	١٦٤٠٠
٩	١٠٠	٣٩٠١	٤٠٠٠	٣٤	١٠٠	١٦٩٠١	١٧٠٠٠
١٠	١٠٠	٤٠٠١	٤١٠٠	٣٥	١٠٠	١٧٤٠١	١٧٥٠٠
١١	١٠٠	٥٩٠١	٦٠٠٠	٣٦	١٠٠	١٨٦٠١	١٨٧٠٠
١٢	١٠٠	٦١٠١	٦٢٠٠	٣٧	١٠٠	١٩٦٠١	١٩٧٠٠
١٣	١٠٠	٦٥٠١	٦٦٠٠	٣٨	١٠٠	١٩٨٠١	١٩٩٠٠
١٤	١٠٠	٦٨٠١	٦٩٠٠	٣٩	١٠٠	٢٠٢٠١	٢٠٣٠٠
١٥	١٠٠	٧١٠١	٧٢٠٠	٤٠	١٠٠	٢٠٨٠١	٢٠٩٠٠
١٦	١٠٠	٧٩٠١	٨٠٠٠	٤١	١٠٠	٢٢٣٠١	٢٢٤٠٠
١٧	١٠٠	٨٢٠١	٨٣٠٠	٤٢	١٠٠	٢٢٤٠١	٢٢٥٠٠
١٨	١٠٠	٩٢٠١	٩٣٠٠	٤٣	١٠٠	٢٤٨٠١	٢٤٩٠٠
١٩	١٠٠	١٠٩٠١	١١٠٠٠	٤٤	١٠٠	٢٥٢٠١	٢٥٣٠٠
٢٠	١٠٠	١١٤٠١	١١٥٠٠	٤٥	١٠٠	٢٧٧٠١	٢٧٨٠٠
٢١	١٠٠	١١٦٠١	١١٧٠٠	٤٦	١٠٠	٢٨١٠١	٢٨٢٠٠
٢٢	١٠٠	١١٧٠١	١١٨٠٠	٤٧	١٠٠	٢٨٢٠١	٢٨٣٠٠
٢٣	١٠٠	١١٩٠١	١٢٠٠٠	٤٨	١٠٠	٢٨٤٠١	٢٨٥٠٠
٢٤	١٠٠	١٣٥٠١	١٣٦٠٠	٤٩	١٠٠	٢٨٩٠١	٢٩٠٠٠
٢٥	١٠٠	١٣٩٠١	١٤٠٠٠	٥٠	١٠٠	٢٩٩٠١	٣٠٠٠٠

Institut Kurde de Paris

خارچك

رووەکێکی کێوی‌یەو لە کەژەکانی کۆتایی پایزو سەرەتای بەهاردا لە خۆووە دەردێ ٠٠ لەبەر ئەوەی سروشت ئەی خولقێنێ بە کشتوکاڵ ناکرێ ، ئەم رووەکە گەلێك مادەی (ئەلبومین)ی تیایە ، لەبەر ئەوەیە ئەو کەسانەی کە خارچك ئەخۆنو دورنو لە گۆشت خواردنەوە بە هۆی خواردنی قارچکەوە کەلەبەری کەمبونەوەی ئەو مادانەی کە لە گۆشتدا وەری ئەگرن لە لەشیانا پڕ ئەبێتەوە ٠٠ چونکە لە هەر سەد گرام گوشت نزیکەی ١٥ ـ ٢٠ گرام مادەی (ئەلبومین)ی تیایە ، لەگەل ئەوەدا کە هەندێك قارچك لەو ئەندازەیەدا نزیکەی زیاتر لە (٣٠) گرام ئەلبومینی تیایە ٠

جکە لەوەی قارچك گەلێك مادەی مەعدەنی وەکو : سودیوم ، کالسیوم ، سیلیس، کلور ، کوبالت ، مەنزیۆمی تیایە ٠٠ وە هەر لەبەر ئەمەیە ئەو کەسانەی کە دوچاری کەمبونی مادەی مەعدەنی بون لە لەشیانا وە یان کەمخۆنو سیلاوین هەرچەند قارچك بخۆن بۆیان سودمەندە ٠٠ دیسان لەبەر ئەوەی فوسفوری تیایە خواردنی کار ئەکاتە سەر زیاد کردنی چالاکی مێشکو توانای بەهێز ئەکات ٠

هەندێك قارچك ئەوەندە ناسکو بە تامە کە خەلکی بە کاڵی ئەیخۆن ئەمانەشی لە وڵاتی خۆمانا پڕی ئەڵێن (قارچکە بەر سورکە) کە لە کۆتایی کەژی پایزو سەرەتای کەژی بەهاردا بە پڕی زەمینەی ئاوو هەوا سروشت لە خۆوە ئەڕوێ ٠٠

ئەگەر ویستت قارچك بکوڵێنی نابێ زۆر بکوڵێ ، وەیان ئەگەر لەناو رۆنا سور بکرێنەوە خواردنی لە گەدەدا فورس ئەبێتو بە ئاسانی هەزم نابێ ، باشترین شێوەی خواردنی قارچك ئەوەیە کە لەسەر ئاگر ببرژێ ٠٠

لە وڵاتی خۆمانا گەلێك جۆر قارچك هەیە کە هەر جۆرەیان لە کاتێکی دیاریکراوو تایبەتیا دێنە بازاڕەکانەوە ، لە هەندێك وڵاتاندا کە قارچکی گەورەو زۆری تیایە لە کەژی بەرهەمیا ئەیکەنو وشکی ئەکەنو لە کەژەکانی ترا بۆ ناو چێشتو خواردەمەنی تر بەکاری ئەهێنن ٠ لە گەلێك وڵاتانی تریشدا بەم جۆرە وشکی ئەکەنو زوربەیان ئەیان نێرن بۆ هیندستان ٠

وەکو زانراوە قارچکی وشك کراوە مادەی (سنتونین)ی تیایە کە دەرمانی کرم کوشتنە ٠

سەرەتای هونەروکومەڵ

مرۆڤ ـ وەك قۆناغێك ـ لەپێشکەوتنو دروستبونیدا هونەری هێنایە کایەوە ٠ هونەر یەکەم ئایەتو زمانی سەرتاپای خێزانی مرۆڤایەتی بو لە سروشتدا ٠ بەکار هێنانی دەستی مرۆڤ بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ جیهانی بوندا پلەی ئابوری خۆ ژیاندنی هینایە کایەوە ـ ڕاوکردنو دۆزینەوەی ئاگر ـ مۆری ئەو قۆناغە سەرەتاییەی مرۆڤایەتی لەنەمرۆی ئەشکەوتەکانی (تامێرای) ئیسپانیو (هەزار مێردو شانەدەری) کوردستاندا ئەخوێنرێتەوە کە بۆ پتر لەپانزە هەزار ساڵ لەمەوبەر ئەگەڕێتەوە ٠

ئەفسونو مەرگ لەخوێنی مرۆڤایەتیدا دەربڕینی مانو ئەمان بوە لەمونەردا : نیگار کێشان ، سەماکردن و ٠٠ هتد ٠ بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێ نێچیرەکەی ڕاوبکات ٠٠ پێشەکی ئەبێ ئەخشەی بۆ بکێشێ ، بۆیەکا ئەبینین نیگاری ئەو گاو ئاسکو بزانەی لەسەردیواری ئەشکەوتو تاشی شاخەکاندا هەڵگۆڵیوە هەندێ جار تەنانەت تیرنکیشی کردوە بەلەشی نێچیرەکەوە ٠

تەنها سەرچاوە بۆ خوێندنەوەی ژیانی ئەو سەرەتایەی مرۆڤایەتی ، ئەو نیگارو سیرامیکانەن کە لەپاشیان بەجێماوە ٠٠

جا چۆن قسەیان کردوەو بەچ زمانێك ؟ ئەوەیان کەس نایزانێ ٠ نهێنیەکانی سروشت ، جوانی وزبریو سەرماوگەرمای ٠ لەوشتانە بون کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ترسو بیرکردنەوەیان خستۆتە دڵی ئەو ئازاڵە جوانەوە ٠

بینین‌وبیستن ٠ هەست‌کردنو بزوتنەوەی لەناخیدا دروست کردوە ٠ ئەو لەسروشتدا وسروشت‌لەودا ٠

هارمۆنی سەردەمێکی دڕی بون بوە لە ڕەنگ ودرزی پاشماوە هونەریەکانداٚ ئەدوین ٠٠ هەر ئەو خولیاو کۆنتراستەش بۆتە هۆی پتر خۆ گونجاندنو پەروەردەبونی سەرنجە ڕاستەقینەکانی ئەو کۆمەڵەی کەمندالدانی هەمو شارستانیەتی مرۆڤایەتی ئەزمێردرێن ٠

شیروان محمد رشید

بەیۆنەی مەرگی شارلی شاپلنەوە

شارلی شاپلنو پیشەسازی هونەری سینەما وەکو یەك کۆنەو لەدێرینیدا هاوبەشن ، گەورەی ئەم ئەکتەرە قۆشمەو کۆمیدیە باشمەرگی لە شەوی سەری ساڵی پاردا ٩٧٧ زیاتر دەرکەوتو لەسەر هەموزارێکبو ، وە ئەبی شارلی شاپلن تەنیا یەکێك بوبی لە ئەکتەرە کۆنەکانی مەیدانی سینەما بەڵکو یەکێکبو لەدامەزرێنەری کۆمپانیای یەکێتی هونەرمەندەکانی هۆلیود ٠ شارلی شاپلن لەو فلیمە بێدەنگانەدا کە لەسەرەتای زیانیدا دەری‌کردن ناوبانگێکی گەورەی پەیداکردو دنیای بەلای خۆیدا ڕاکێشاوو خەندەی کامەرانی و خۆشی بەسەرلێوی بەشێکی زۆر لەخەلکی دنیادا دابەش دەکرد گریانی دەخستەچاوو دڵی زۆرکەسانی تریشەوە ، ئەم هونەرمەندە زۆر خەڵاتکرا ، ئەوەبو بەریتانیا کە شوێنی لەدایك بونێتی لەتەمەنی ٨٥ ساڵیدا لەقەبی سوارچاکی دایە ٠٠ بەڵام لە بەر هۆی سیاسی ئەمەریکا دەری‌کرد تا ساڵی ١٩٧٢ بۆی گەڕایەوەو خەلاتێکی لەخەڵاتەکانی هۆلیۆد بێبەخشرا ، باشمردنیشی ئەم هونەرمەندە گەورەیە لەیاد ناچێتو بەردەوام لەدڵی ئەو کەسانەدا دەژی کە لەفلیمە نایەبەکانیدا ئامی خەندەو فرمێسکیان دەچێشت ٠

ئەم دوایە ، کچە نوسەری جەرمەنی (ئەلیس شفارتسەر) ڕیپورتاجێکی لەگەڵ ژنەنوسەرو فەیلەسوفی وجودی (سیمۆن دی بۆفوار) ساژاندوە ٠٠ یەکێ لەو پرسیارانەی لێی‌کردوە ، لەبارەی منداڵ نەبوونیەوە ئاراستەی‌کردوە (تەمەنی دوبۆفوار گەیشتۆتە حەفتا ساڵو پتریش هێشتا نەیهێشتوە منداڵی ببێت !!) ئەمیش لە وەلاما وتویەتی :

ـ من هیچ لەوە پەشیمان نیم کە نەمهێشتوە منداڵم ببێت ، نا بەڵکو هەمو ڕۆژێ بیرۆزبایی لە خۆم ئەکەم ، چونکە کە دایك‌و دابیرەکان ئەبینم چۆن هەمو کاتی خۆیان بۆ منداڵ تەرخان‌کردوە ، بێ ئەوەی شتێ لەو کاتە بۆ خۆیان تەرخان بکەن ، دڵم پێیان ئەسوتێ ٠٠ ئەخوازەڵا کە منداڵەکان پێ‌ئەگەنو گەورە ئەبن ئیتر بیرای بیرای بیر لە همو قوربانیانەی دایك‌و دابیرانیان ناکەنەوەو ٠٠ نا بەڵکو گاڵتەشیان پێ‌ئەکەن٠٠!

ڕێگەوە

دەسەڵاتی خۆزاگرتنو دەسەڵاتی خێر خۆازی سەرکەوت ، هەموومان سەرەڕای گرانی باری ڕۆژگار لەپێناوی چەسپاندنی بنکەی حوکمی ئۆتۆنۆمی کارمان‌کرد لەسەریشمانە زیاتر لەپێناوی چەسپاندنی بنکەی حوکمی ئۆتۆنۆمیدا لەم ڕۆژگارەدا کاربکەین ٠

هاوڕێ صدام حسین

چاپکراوی نوێ

★ لەم ڕۆژانەدا چەکە چیرۆکێکی ـ لەتیف حامد ـ کەوتە بازاڕەوە لە ژێر ناوی (لەتیف حامدو گەرانێك بە دووای شتەکاندا) نووسینی : شێرزاد عبدالرحمن ٠ کە کتێبخانەی ئالی لە سلێمانی چاپی‌کردووە ٠

★ (دەنگێ لە گەرد عازەبانەوە) ئۆبەرەیێکی بەرهەمی شیعری ئیبراهیم ئەحمەد شوانی‌و لە چاپخانەی ڕاپەرین لە سلێمانی چاپکراوە ٠

ڕۆژی فەڵاچوکردنی نەخوێندەواری

بەبۆنەی ڕۆژی فەڵاچوکردنی نەخوێندەواری لە هەولێر ، بەرێوەبەرایەتی فەڵاچوکردنی نەخوێندەواری لە هەولێر چەند بنکەیێکی تازەی کردەوە لەوانە : دوو بنکە لە گوندی ـ پیرزین ـ کە (١٥٠) قوتابی تیا ئەخوێنێو دوو بنکەی تریش لە گوندی ـ شاوەیس ـ کە دیسان (١٥٠) قوتابی‌یان تیایەو بنکەی ـ کەس نەزان ـ و ـ دیبەگە ـ و ـ قوشتەبە ـ و ـ هەریر ـ و ـ ئاقوبان ـ و ـ بونجینە ـ و ـ جەلی ـ و مەلبەندێکی ئافرەتان لەناو پارێزگای هەولێر ٠

□■□

مەرگ لەستێمەری نیوتروندا !

ئەم خۆنیشاندەرە دەموچاوی خۆی داپۆشیوەو بەرگی ڕەشی پۆشیوە کە ئەویش نیشانەی مەرگەو لەبەرقاپی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا لە واشنتۆندا ڕاوەستاوەو نارەزایی خۆی بەرامبەر بۆمبای نیوترون نیشاندەدات ، وەك ئاشکرایە ئەم جۆرە بۆمبایە بەو تیشکەی لە ئەنجامی تەقینەوەیدا پیدا دەبێت زیندەوەرو مرۆڤ لە ناودەبات بەبێ ئەوەی وێران بکات !

ئامۆژگاریەك بۆ ئەوانەی کە قارچك ئەخۆن :

نابێ هەر جۆرە قارچکێکیان لە بیابانەکانا دی بیکەنو بیخۆن ، چونکە گەلێك لەو قارچکانەی کە لە بیابانانە گەورەکانا دەردێن چەندان جۆر ژاری تیایە کە ئەبێتە هۆی ژاراوی کردنی گەدەی مرۆڤەکەو دوچاری نەخۆشی ژارگرتووی ئەکاتو زۆربیشی لەوانەیە ببێتە هۆی مردنی مرۆڤەکە(*) ٠

ئەو کەسانەی کە قارچکی ژاراوی ئەخۆن هەندێکیان لە دوای ٤ ـ ٥ سەعات و هەندێکی تریان دوای ١٢ـ١٤ سەعات نیشانەکانی ژارەکەی تیا بەدی ئەکرێ وەکو : ئەل تێکەڵ بون ، بوورانەوە ، تینوێتی زۆر ، کۆلنەو ئازاری دڵ ٠٠٠ لەم حاڵەتانەدا پێویستە نەخۆشەکە بە گورجی ببرێتە لای پزیشك ٠٠ خۆ ئەگەر هاتو شوێنی نەخۆشەکە لە پزیشکەوە دوربو ئەوا پێویستە ١٠ ـ ١٥ گرام (سولفات دوسود) بکرێتە ناو نیو لیتر ئاوەوەو بیدرێتێ بیخواتەوە ٠

وەیان بە ئاوو خوێ یەکی شلەتین یان ... جۆشدراو وە یان ڕۆنی گەرچەك گەدەی نەخۆشەکەی پێ بشۆردرێت ٠

(★) لە وڵاتی خۆماندا وەها باوە گوایە ئەو قارچکانەی ئەبنە هۆی ژاراوی کردنی گەدەی مرۆڤ، مار گەستوێتیو ژاری تێکردوە ٠٠

برهان قانع
کردوێتی بە کوردی

ڕۆژنامەکەیان ئەوجۆرەشتانە قبوڵ ناکات

لە یەکی لە ڕۆژنامەوەرزشتیکانی فەرانسادا ، کاری ڕۆژنامەنوسیك ئەوەبوکە ڕەملی بۆ ئەنجامی رایسس لێدەدا ، وارێکدەکەوت کە هەموجارێك ئەو ڕۆژنامەنوسە بەدروبکەوێتەوە ، تەنیا جارێك نەبی ناوی ئەسپێکی بردکە ڕێی تێ نە ئەچو ئەو ئەسپە یەکەم بێت ، کەچی‌ئەسپەکە یەکەم بو لە خوێنەرانی ڕۆژنامەکە زۆریان‌گرەویان لەسەر ئەو ئەسپە کردبو لەپاداشتدا بەریوەبەری‌ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەنوسەکەی لەئیش دەرکردو پی‌ی وت« ڕۆژنامەکەی ئێمە ڕۆژنامەیەکی زۆر لەوەبڵندترە ئەم جۆرە ڕەملە نابەجێیانەی تێدالێبدرێت » ٠

قولەی بیزا لە لاربونەوە ڕاوەستاوە !

لەماوەی ٨٠٠ ساڵی ڕابوردودا قولەی بیزا لە ئیتالیا تادەهات لارتردەبۆوە ، بەڵام لە ساڵی پارەوە لە لاربونەوە ڕاوەستاوە ئەم ڕوداوە بۆتە هۆی سەرسورمانی زاناکان چونکە هەست بەوەناکەنو خەیاڵیان بۆ ئەو شتە ناچێت کە بۆتە هۆی ڕاوەستانی لاربونەوەی ئەوقولەیە، ئەوەی شایانی‌باسە ئەو قولەیە ساڵی یەك ملیمەتر لاردەبۆوە تا لەساڵی ١٩٧٤دا گفتوگۆیەکی فراوان لە نیوان پسپۆرەکاندا کرا بۆئەوەی کارێکی وابکەن لەسەترسی هەرسهێنانو ڕوخان قوتاری بکەن ٠

ئەم « بەیان »ە بخوێنەرەوە

ژمارەی (٤٥) گۆڤاری بەیان کەوتە بازاڕەوە وئەم بابەتە بەتامانەی تێدایە :

★ هۆرمۆنەکان و پەیوەندیان بەدەروونو لە شەوە ـ اکرم قەرەداغی ٠
★ سایکولوژیەتی ڕەفتاری مرۆڤ ـ نازم گۆران ٠
★ لە ئەستێرەی مەریخدا ـ مجید ندیم
★ بابەتایەر ـ عبدالکریم حمید
★ باشکۆی درایا باشگریرا ـ محمد احمد سعید
★ مەلا مەنسوری گرگاشی ـ صادق ئامێدی
★ شەوێك ـ چیرۆك ـ محمد موکری
★ ئێوە ئەم دەنگانە دەبیستن ـ چیرۆك ـ جەزا عەلی
★ ئەنترفیۆ ـ شانۆ ـ گۆرینی ـ عبدالغنی یحیی
★ لەباڵ کێلێکدا ـ کاکەی فەلاح ـ شیعر
★ ئەم زریانە شێتە ـ نەژاد عزیز ـ شیعر
★ بەروتی ـ صلاح شوان ـ شیعر
★ لاوك ـ نجیبە احمد ـ شیعر
★ باران ـ پەرۆش ـ شیعر
★ دەنگی خوێنو لۆرکا ـ فاضل جاف
★ ئیزدیو جەژنا جەماین ـ خلیل جندی
★ چیرۆك بۆ منداڵانی کورد ـ محمود زامدار
★ بنچینە کۆمەڵایەتیەکانی ئافرەتی کوردەواری لای نشین ـ برهان قانع ٠
★ لەگەڵ تۆمارێکی فراوانو تایبەتی دەربارەی هونەر لە هەولێر ـ احلام منصور ٠

ڕشتەی هەڵبژاردە

بەخوا سەیرە ٠٠٠

شارون ئونگفر ژنێکی ئەمریکاییەو لە تەمەنی سێو حەوت ساڵی دایە ٠٠ ڕۆژیکیان لە گەڵ هەزارەها خەڵکدا ئامادەی ئەو ئاهەنگە بوبو کە بەبۆنەی تێپەڕ بوونی چل ساڵ بەسەر کردنەوەی پردی گۆلدن لە شاری سان فرانسیسکودا ئەیانگێڕا ٠٠ شارون لەبەر چاوی جەماوەرەکە خۆی لە لوتکە پردەکەوە هاویشتە ناو ئاوەکەوەو بەم جۆرە بوو بەشەستەمین کەس کە بەم شێوەیە مردوون ٠٠

چی نووسراوە دەربارەی کورد ٠٠٠

★ خوورەوشتو نەریتی کورد (عاداتو رسوماتنامە اکرادیە) مەحمود بایزیدی ، مۆسکۆ ، ساڵی ١٩٦٣ ، بەزمانی فەرەنسی ٠

★ چەند گەشتێك بە کوردستانو فارسدا « دوبەرگ » أ٠ ل٠ بیرد ، بیشوب ، لەندەن ، ساڵی ١٨٩١ ٠

★ هۆزەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ئو ، بلاو ، لایبزك ، ساڵی ١٨٥٨ ـ ١٨٦٢ ، بەزمانی ئەڵەمانی ٠

لە سەرەتێدا ٠٠٠ قەڵای جولنگی

● هەندێ لە میژوونوسەکان دەڵین کە جولنگی لە حکوومەتی ـ لولو ـ دا میرێکی زۆر ناسراوو بە ناوبانگ بووە ، ئەو دامو دەستگایەی کە لە ساڵی ٣٩٧١ی پێش زایینداٚ هەبووە ٠٠ ئاشوورییەکان توانوویانە لە ١٨٠٠ی پێش زایینداٚ ئەم حکوومەتە لە ناو بەرن ٠٠ ئەوەی شایانی باسە هەتا ئێستا کەلاوەی قەڵایەکی مێژوویی‌یکی زۆر کۆن ماوەتەوە بەناوی قەڵای جولنگی ، ئەو قەڵایە لە ناوچەی چەمی ڕێزانی پارێزگای سلیمانی دایە ٠

وتەی بەنرخ

× ئەگەر ویستت کەمو کوڕی ئافرەتێك بزانیت ، بە ئەنقەست لای ئافرەتێکی تر ستایشی بکە ٠
ـ ماری کوریس ـ
× ئەگەر نادەمیزاد پلنگێ بکوژی ئەوە ئازایەتی‌یە خۆ ئەگەر پلنگێ نادەمیزادێکی کۆشت ئەوە درندەیەتی‌یە !!٠
ـ برنارد شۆ ـ

مەتەڵ ٠٠٠

× ئەم لای کەلەك ئەولای کەلەك لە ناوراستا چەرخو فەلەك ٠
× ئەم لای پەرژین ٠٠ ئەولای پەرژین لە ناوراست کۆتری ئەخشین

چەند مرواریەك لە شێعری کلاسیکیماندا

× کارێ کە خەمو دەردی‌فیراقت بە منی‌کرد
سەرما بەهەتیو ، بابەدەواری شەری ناکا
ـ شیخ ڕەزا ـ
× کە تۆ ڕۆیی لە پێش‌چاوم ، کوزەی خاکی بەئاوداچوو
لە باش تۆ ، ئەی گوڵی‌نەورەستە ، خاکی کێ بەسەرداکەم
ـ وەفایی ـ
× لەسەر خۆ چوونە ،شەیدا بوونە ، قوڕ پێوانە ، گریانە
هەتا مردن ، موحیبات نیشی ڕۆژە ، زیری لێ‌ئەگرم مەحوی ـ

ئایا ئەزانی ؟!

× چاویلکە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٢٥٨دا داهاتووە ؟!
× یەکەم پولی پۆستە لە فەرەنسە ساڵی ١٦٥٣دا دەرچووە ؟!

کورد دەڵێت ٠٠٠

× مووەك لە ناو مستم هەڵکەنە ٠
× دانی مار دەر ئەهێنێت ٠
× ئەڵێی پێ بە مازا ئەڵێت ٠

هەرچارەی نووسینێك

ڕاستگوی

کاردۆ گەڵاڵی

وەنەبێ ـ ڕاستی گوتن ـتەنها ئاوەڕووی هەمبەرە ساکارەکەی خۆی بێ ئەمیش‌وەکو هەموو هەڵوێستو دیاردەو نیشانەیەکی‌مێژخاسی ڕەسەن، دووسەری تێك بردراوەی هەیە ، سەرێکی‌بەندە بەخودو هۆگری ویژدانی مرۆڤ ، سەرەکی دیکەش‌وەکو دیاردەیەکی مەتریالیزمی کارو سیرایەت دەکاتە سەردەوروبەرو لەبەر شەرایتو هەڵو مەرجی مەوزوعەکەی‌سیماو ڕووکارەکانی بۆ دەڕسکێ ٠

دیوە زاتیەکە ، چاتر بڵێین‌واتەکەی ناوەوەی ، زۆتر پەیوەندی بەویژدانو دەروونی‌خودی مرۆڤەوە هەیە ، وەختێکی بابایێك دەرهەقی‌نەفس‌و دەروونی خۆی ڕاستو دڵنیاو بێ‌پاکە ،دیارە دەبێ ئۆخەی دەروونی پێداکەوتبێ !! چونکە لەوکاتەدا دەروونو وێژدان بەجاکی وەزیفەی چاودێری‌هەڵسوکەوتەکانی بەرێوە دەبەن ، هوشیارە فیکریەکەیش‌دەبێتە تەرمۆمەترێکی هەستەوەر ، پووختەی‌کردەوەکانی دەپێوێ ٠

تێگەیشتنو دیوەمەوزوعیەکەیش ، سەرێکی دیکەی ـ واتە هەقیقەکەی ـراستی گوتنە ، لەودەسەی « گوتیار » ەکە وێڕای بارەدەروونیەکەی ، هۆشیارانەش تەغدیرو حسێب بۆ دەوروبەروکاتشوێنو بەرژەوەندی زۆربەی کۆمەڵ دەکا ٠ لەمەوەدەگەینە ئەو ڕایەی کە ڕاستی گوتن ـ یامەحەکی‌هەقیقەت ـ خۆی لەرەوابوونو لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی‌گشتیو ڕەوشتی مرۆیانە حەشاردراوە ٠

گوتیاری ڕاستی ،بەپێی وا تەکەی هەوەل ، لەبەردەمی دادگای ویژدان‌ودەروونی خۆی بەرپرسیارەو لەسەر ئەوەش ڕاهاتوە کەدەبێ فێڵ دەگەڵ خۆ ئەکا ، هەمیشە دەروونی بە ئۆخەی‌پیرۆزو ڕەوا دابێخێ ٠

لە واتای دووەمیشدا ،ئەك هەر نێچیرو یەخسیری دەروونە ، تەنانەت دەستەونەزەریش لە بەردەم واقیعێکی بەرپرسیاری گەورەتر خۆی‌دەدۆزیتەوە ، دیارە ئەو واقیعەیش خەملاندنێکی ڕێکوڕەوانی هەڵویستی ئینسانەکەیە ، بەڵکوبەراووردێکی تەرازو بەندی شوێنو پایەو ڕای‌گوتیارە لەواقیعە مەوزوعیەکەی ٠

ئەو کاتە ڕادەی‌ڕاستگۆیی لەو بارە دەردەکەوێ ، داخوا« گوتن »ەکە چەند لە بەرژەوەندی زۆربەیە ، تاچەند دەگەڵ دەورو بەرو کاتشوێنو مەنتیقی هەقیقەتڕێك دەکەوێ ؟ بەپێی ئەم دیباجە کورتیلەی سەرەوە ،وەکو من بۆی چووبم ! ڕاستی‌گوتن ، یانێ لەبەرچاوگرتنو بەهەند هەڵگرتنی هەڵ مەرجە زاتی‌وەمەوزوعیەکەی سەردەمو ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی‌گشتی ، ئەنجاش پەیڕوکردنی ڕێو ڕەسمی مرۆیانە لەمامەڵەو هەڵوێستو ڕادەبڕیندا ٠

بەڵکو ڕاستگۆ ئەو ئینسانەڕەندو چەلەنگەیە کە لە بەڵێنو وادەو کات دیاری کردنوهاریکاریو بەهاوارو دەنگ هاتن ، ڕێکو ڕاستو وردونازا بێ ، لە نووسینو خوێندنەوەو خۆپێگەیاندندا ،زیرەکو ڕەسەن پەرێز پاگۆ بێ ، لەڕاست دۆستوهاوڕێکانی خودان شەرەتو بەمەکو وەفادار بێ ،لەکارو تێکۆشانو بەرهەم هێناندا کارامەو ڕەند بێ ا!ە وەختی لێکدانەوەو بیرکردنەوەدا سەرچیغوسەرەڕۆ نەڕوا !! تەنانەت دەبێ بەهوشیاریەکی‌دووربینانەش لە مەسەلەکان قووڵبێتەوە ٠

لەوەتەی مێژووی‌کۆمەڵگای مرۆڤ ، وەر دەچەرخێو دەسوڕێتەوەکەسانی ڕاڕاو دوو دڵ ، هەمیشە لەوشکەمەلەی‌خۆوونکردن دان !! ئەك هەر هێندە ، تەنانەت سەرسەدەوناوەنی هەڵوێستە کانیشیان هەروا بە ئاڵۆزی دەمینێتەوە،ئەگەر خۆیان بە باوەڕەوە لەسەر ئەوە ڕانەیەنن کەدەبێ ڕاستگۆیی دەرهەق خۆو گەڵو هۆزو خاکو وڵاتئەنجام بدەن ٠ هونەرمەندو نوسەرو کارزانو ڕەنجدەری‌ڕەسەن ، ئەو کەسەیە بە سەلیقەو قەناعەتو ڕاهاتنەوەتەرازوویەکی هاوتا لە هەڵویستی بەکردەوەو بیری‌ڕاستگۆیی ، هاوسەنگ بێبێنتە گۆڕێ ٠

گوتیار : مەبەستم لەی‌خودانی (گوتن)ەکە یە

Institut kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
مەیدانی الخلانی شەقامی « الجمهوریة »
بەغدا ـ س٠پ ١٤٠١٦ تەلەفۆن ٣/٦٨٣١١ خەت

سەرنووسەر : محمد امین محمد

هاوکاری

٨ لاپەڕە

٢٥ فلسە

شۆڕشەکەتان ، ئەمڕۆ ڕۆشنایی بیرۆڕاو بەرنامەکانی حزبە فەرماندەکەی ڕێگای دیموکراتیانەی هەڵبژاردوە لەهەڵسوو کەوت لەگەڵ جەماوەرو گیروگرفتو مەسەلەکانیدا ، هەروەها ڕیازی بنەوکردنی ریشەی هاوبەیمانی لەگەل هەموو هێزە نیشتمانی و نەتەوەیە یشکەوتنخوازەکاندا گرنتەبەر لەسەر بنچینەی بەرنامەیەکی هاوبەش و دوورمەودا

سەرۆکی فەرمانده
احمد حسن البکر

● دووشەممە ٢٣ی کانوونی دووەم ژمارە ٤١٠ ●

سانی ١٩٧٠ دامەزراوە

● الاثنین ٢٣ کانون الثانی العدد ٤١٠ ●

سەرۆکی فەرمانده داوای بە هێزکردنی شارەزایی قوتابیان دەکات

سەرۆکی فەرمانده بەڕێز أحمد حسن البکر ئەوەی دووپات کردەوەکە کوتیجەکانی ئیدارەو ئابوری لە زانکۆکاندادەورێکی گەورە لە نەخشاندنی سیاسەتی ئابوریدا ئەگێڕن و لقێکی گرنگە لە لقەکانی ڕاپەڕینی پێشەسازی و کشتوکاڵی و شارستانی وڵات ٠

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده دوێنێ بەیانی لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ کۆلیجی ئیدارەو ئابوری لە زانکۆی بەغدا داوای بایەخدانی بەهوشیاری و شارەزایی قوتابیان کردو گەشەپێدانی توانایانی بەرەو سوود لێوەرگرتنیان لە دەرفەتی دەزگاکانی کەرتی سۆشیالستی و دائیرە ڕەسمی و شبۆمرەسمیەکانی دەوڵەت ٠

بەڕێز سەرۆکی ئەرمانده لە کۆبوونەوەیدا لەگەل عمیدی کولیجەکەو سەرۆکانی بەشەکانو قوتابیەکاندا بە ئامادەبوونی بەڕێز یحی یاسین سەرۆکی دیوانی ڕەقابەی دارایی لەو کاروبارانە کۆلیەوە کە پەیوەندیانی بە دانانی شێوازی زانستی پێشکەوتوموە هەیە بۆ خزمەتی بنیاتنانی سۆشیالستی ٠

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده داوای لە دەزگاکانی وتنەوەو قوتابیانی کرد بۆ زیادکردنی تەقەللای ڕاستەوخۆیان لە ژیانی ئابوریدا بەو جۆرەی بەکارهێنانی تواناو وزەیان وەك ئەداتێ بۆ ڕاپەڕاندنی کەشەپێدانو جێبەجێکردنی نەخشەی ئابوری بەشیوەیەکی مسۆگەر ٠

دوایی ئەوە بەڕێز سەرۆکی فەرمانده گوێی لە پێشنیارو گیروگرفتی قوتابیەکان گرت ٠ بەتایبەتی ئەوەی کۆسپە لە ڕێی خوێندنیانا ، بەڕێز سەرۆکی فەرمانده فەرمانیدا پێویستیەکانیان دەستو برد جێبەجێ بکرێن ٠

لە کۆتایی سەردانەکەدا کە زیاتر لە سێ سەعاتی خایاند سەرۆکی فەرمانده بەڕێز احمد حسن البکر بەڕێزەوە بەڕێکرا لەلایەن بەڕێز یحی یاسین سەرۆکی دیوانی ڕقابەی دارایی و عمیدی کۆلیجو مامۆستاکانو جمعاوەری قوتابیانەوە کە هاتبون بۆ سلاوکردن لە سەرۆکی فەرمانده و شۆڕشی ١٧ی تەموزو هەنگاوە ئازایانەکانی ٠

سەرۆکی ئەنجوومەنی ریکخستنی بازرگانی :

سەرکردایەتی سیاسی بایەخێکی زۆر بە ندگۆڕانی نرخی کەل و پەل دەدات

بەڕێز طه یاسین ڕمضان ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکرایەتی شۆڕش سەرۆکی ئەنجوومەنی ریکخستنی بازرگانی دووپاتی کردەوە کەسەرکردایەتی سیاسی بایەخێکی زۆر ئەدات بەڕاگرتنی نرخی کەل و پەل و زۆر بەتەنگەوەیە کە نرخی خواردەمەنیەکانو کەل و پەل پێویست نەگۆڕێت ٠

هەروەها بەڕێز ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە چاوپێکەوتنێکدالەگەل بەیامێری ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی وتویەتی ئەوبڕیارانەی دوایی کە داهاتی کەرتێکی فراوانی هاوولاتیان زیادکرد بەدەسکەوتێکی جەماوەری نازەئەزمێرێتو لەو ئەخرێتە سەر ئەو دەسکەوتە مێژوویانەی کە لە سایەی شۆڕشی هەفدەی تەمووزەوە هاتۆتەکایەوە ٠ هەروەها ووتی وریابن لەهەوڵو تەقەلای هەندێ لەوانەی کە پرۆپاگەندە بڵاو ئەکەنەوە دەرباری زیادبوونی نرخی کەلو پەلو چەوساندنی هاوولاتیان بەزیادکردنی نرخی هەندێ کەلو پەل زیاترلەو نرخەی کە بۆ دانراوە ٠

بەڕێز ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەرۆکی ئەنجوومەنی ریکخستنی بازرگانی داوا لە هاوولاتیان کرد کە پێویستە ڕووبەڕووی ئەودیاردەیە ببنو یارمەتی دەزگاکانی چاودێری بدەنو ئەو کەسانە ئاشکرا بکەن کە ئەیانەوێ بەخراپە باسی ئەوبڕیارانەو بەهەل بزانن بۆ زیادکردنی نرخەکان بۆبەڕژوەندی تایبەتی خۆیان تاکو سزای ڕەوای خۆیان وەربگرن ٠

بەڕێز طه یاسین ڕمضان ووتی مەبەست لەو بڕیارانە ڕەخساندنی بارو دۆخێکی پڕلەخۆشی و شادیە بۆ هاوولاتیان و مسۆگرکردنی زیانێکی پڕ لە ئاسودەیی و کامەرانی بۆیان ٠ هەروەها ووتی مسۆگرکردنی زیانێکی خۆش و کامەرانی بۆ هەموو کۆمەڵ لە ستراتیژیەتی مەبدەئیانەی شۆڕشدا نایەتەدی ئەگەر بێتو بە هەموو ترانایەکەوەهەوڵ نەدرێت بۆ بنیاتنانی پێویستیەکانو بناغە مادی و مەعنەویەکانی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی و دیموکراتی یەکگرتوە بەو ماوەیەی کە ئامانجی هەرەگەورەمانە

بڕوانە ل : ٧

بەڕێز صدام حسین پێشوازی بالیۆزی نوێی کۆماری چینی میللی ئەکات

سەعات یانزەی دوێنێ بەیانی بەڕێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەمەکتەبی ڕەسمی خۆی لە ئەنجومەنی نیشتمانی پێشوازی خویەفینگ ی بالیۆزی نوێی کۆماری چینی گەلی کرد کە بۆ کۆماری عیراق دانراوە ٠

بەڕێز (فینگ) لە چاوپێکەوتنەکەدا سلاوی سەرۆکی بەڕێزی ئەنجوومەنی دەوڵەتی کۆماری چینی گەلی بەجێگری بەڕێز گەیاند لەگەل خواستی بەتەوبونی ئەو پەیوەندیە دۆستایەتیەی کەهەر دوو وڵاتی بەیە کەوەبەستوونەتەوە دوای ئەوە باسی پەیوەندی دۆستایەتی و هاوکاری نێوان هەردوو وڵاتو ڕیبازی گەشەکردنی کران بە چەشنێك کە خزمەتو پێشکەوتنی هەردوو وڵاتی تێدابێ ٠

کابوچی لە ئەمەریکای لاتین

دوێنێ قەشە هیلاریون کابوچی فاتیکانی بەجێ هیشتو بەرەو فەنزویلا کەوتەڕێ لە سەرەتای گەشتەکەیدا بۆ ئەمەریکای لاتین کە ئەرجنتین و مەکسیکوو کولومبیا ئەگرێتەوەو لەو گەشتەدا لەگەل قەشە کاسولیکەکانی ئەو وڵاتانەدا گفتوگو ئەکات ٠

ئەوەی شایانی باسە کابوچی ساڵی ڕابوردوو بەندیخانەیەکی زایۆنی دوژمن بەرەڵاکرا دوای ئەوەی بۆ ماوەی (١٢) ساڵ فەرمانی دیل کردنی بەوناوەوە بەسەرادرابو کە هاوکاری لەگەل بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین کردوە ٠

لەچاپکراوەکانی
وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەر ـ دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

صدام حسین

دیموکراتیەت
سەرچاوەی هێزی هەموو کەسێك و کۆمەڵە

صدام حسین

چەند ڕاسپێرێکی یەك بۆتیکۆشەران

دەرچوو ٠٠

نوێنەری حزب لە بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان دەربارەی پێکەوەگونجانی نیشتمانی ئەدوێ

هاوڕێ « ابو یونس » نوێنەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لە ئەنجومەنی سیاسی مەرکەزی بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان وتویە : گەیشتن بەشێوازی پێکەوەگونجاندنی نیشتمانی لەپێناوبستەکانی نیشتمانیە ٠

هاوڕێی ناوبراو دوێنێ لەدوانێکی ڕۆژنامە نووسیدا ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە پێویستە توانای ئەم پێکەوەگونجاندنە زامن بکرێ ، ئەویش بە پشتبەستن بە هەڵوەشاندنەوەی هەمووهویەکانی زۆران بازی خوێناوی ٠

هەروەها وتی : دروشمی پێکەوەگونجاندنی نیشتمانی دەرکردنی بەڕاستیە لە سەررێگای باراستنی یەکیتی و عەرەبایەتی لوبنانو گەشەپێدانی دیموکراتیانەی ٠

هاوڕێ دکتۆر حنیف الرزاز پێشوازی وەزیری دەوڵەتی مۆریتانیا ئەکات

دوێنێ ئێوارە هاوڕێ دوکتۆر مونیف الرزازیاریدەدەری ئەمینداری گشتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە بینای سەرکردایەتی نەتەوەیی پێشوازی لە بەڕێز سیدی ولد الشیخ عبدالله ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی گەلی نیشتمانی مۆریتانیا وەزیری دەوڵەتی بۆ کاوروباری نەخشەوکانەکانو وەفدەکەی کردووە ٠

لە چاوپێکەوتنەکەدا هاوڕێ بدرالدین مدثر ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبو هاوڕێ زوهێر القادری بەڕێوەبەری مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوە لەسەرکردایەتی نەتەوەیی و باڵیۆزی مۆریتانیا لە بەغدا ئامادەبوون ٠

هاوڕێ الرزاز لە چاوپێکەوتنەکەدا کردەوە کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هەمیشە تەقەلای داوە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی لەگەل حزبی گەلی مۆریتانیو ئێوان هەردوو دەوڵەتدا لەهەمو بوارێکدا ٠٠ لەلایەکی ترەوە بەڕێز ولدالشیخ عبداللە ستایشی پەیوەندی دووقۆلی نێوان عیراق و مۆریتانیاکردو وتی هەموو هاوولاتیەك لە مۆریتانیا هەست ئەکات کە لە عیراقەوە زۆر نزیکە لەبەر پەیوەندی دوو قۆلی برایانە کە لە نێوان هەردوو وڵاتداهەیە ٠ هەروەها وەزیری مۆریتانی باسی ڕەوتی تێکۆشانی گەلی عەرەبمان کرد لە مۆریتانیا لە سربەخۆبوونیەوە تاکوئێشتا ٠

سادات خاین سەرلەنوێ ئارەزوو لەسەر بەردەوامی ڕۆیشتنی لەسەر ڕێی سازاندن دووپات ئەکاتەوە

خانن انور السادات ناشکرای کردەوە کە لەگەل سایروس فانسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەسەر چەند هەنگاویکی تر لەسەر ڕێگای سازاندنی خۆبەدەستەوە دەرانەرێکەوتوە ٠

سادات ئەیویستوە لەوقسانەدا کە دوای وتارە خۆبەدەستەوەدەرانەکەی دایویەتی بۆ ڕۆژنامە نووسەکانی ڕونبکاتەوە ئەو هەنگاوانە چۆنن و چین ؟ بەڵام سەرلەنوێ ئارەزوی خۆی لەسەر ئەوە دووپات کردەوە کە لەکاری سازاندنی خۆبەدەستەوەدانی دوژمن بەردەوامبێ لەڕێگای کۆبونەوەکانی هەردوو لیژنەی عەسکەری و سیاسی سادات و زایۆنی ٠

خۆشحالی لیبرسراونی ئەمەریکا

لەلایەکی ترەوە ئەو لیبرسراوە ئەمەریکاییانەی لەگەشتەکەی ئەم دواییەدا لەگەل سایروس فانس بوون شادی خۆیان دەربریوە بەرامبەر وتارەکەی دوێنێ شەوی خانن انور السادات ووتویانە سادات خۆی لەوە لاداوە « اسرائیل ! » تورەبکات و لەو باوەڕەشدابونی تورەبکات و لەو باوەڕەشدابون دەست ئەکەنەوە بە گفتوگۆ ٠

دوانێکی ڕۆژنامەی « پرافدا »

ڕۆژنامەی ـ پرافدا ـ ی سوئیەت ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئەبێ هیزەداگیرکەرەکانی زایۆنی لە زەوی وزاری داگیرکراوی عەرەب دەربچن و هەموو مافێکی گەلی عەرەبی فەلەستین زامن بکرێ و ئەمە مەرجێکی گرنگی چەسپاندنی ئاشتیە لەناوچەی عەرەبیدا ٠ ڕۆژنامەکە هیرشی بردۆتەسەر ساداتی خانن کە ئەیەوێ لە سەر حسابی گەلی عەرەب پیلانەکانی خۆی بچەسپێنێ ٠

خانن لەگەل لیبرسراوێکی ئەمەریکی کۆئەبێتەوە

حاکمی میسر انور ساداتی خانن دوێنێ شەو لەگەل زوبرت ماکنماری سەرۆکی بانقی دەولی کۆبۆتەوە کە ئیستا لەسەردانی میسرە ٠

ماکنمارا ستایشی سیاسەتی ساداتی خانئی کردوە کە

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

لیکولینەوەی | سیاسی

له یەکەم یادی راپەڕینە میللی‌یەکەی گەلی میسردا

چەوشل کردنی ئابوری سەرشۆڕی سیاسی‌له دوایە

**پاش ئەمانی جەمـــــــ

چەند سەرنجێك لە بارەی لە پێناوی رەخنەی شیعریدا

نووسینی : عباسی محمدی حسین

لە ژمارە «٨» رۆژنامەی‌مانگانەی عیراقی کوردیدا کاك سەلام محمد لەژێر ناونیشانی ئەمدوو کەوانەی سەرەوەدا ووتارێکی گرنگی‌بلاوکردووەوە کە بە راستی ئەم بابەتە باس‌کردن‌وگفتوگۆکردن لەسەری دەورێکی دیارو سوود بەخش‌دەبینێت لەناو تێکرای جولانەوەی ئەدەبیماندا‌وپێویستە ئەدیبو نووسەرەکانمان چاکترو لەبارتر بۆئەم مەسەلەیە بچنو سەرە رۆیانە بریاری کتوپڕ لەمبارەیەوە نەخەنە بەرچاوان • ئینجا هەر لەم گۆڕەدا منیش‌وەك خوێندەوارێك ئەدەب دۆستێك توانیم ئەمتیبینی‌یانەی خوارەوە تۆمار بکەمو بەهیچ جۆرێکیش‌مەبەستم ئەوە نیە لەبایەخی ناوەرۆکو مەبەستی‌ووتارەکە کەم بکەمەوە •• سەرنجەکان ••

١ ـ هەموو ئەو خەلکەی‌ئەمرۆ ئاگاداری دەنگو باسی ئەدەبی‌و بلاوکردنەوەی‌بەرهەمی ئەدەبین ئەو گفتوگۆیەی نێوان نووسەران« یوسف الصائغ »و « فاضل ثامر » کە لەسەر لاپەرەی‌ژمارەکانی « فکر الجدید »دا بلاوکراوە بەبیر دێتەوە کەدەربارەی هەمان‌باری رەخنەی ئەدەبی بوو لە شیعری نوێی‌عەرەبی‌دا •• ئینجا نازانم کاك «سەلام» لەلایەن خۆیەوەتا چ رادەیەك لەمبابەتە ئاگاداره‌و بەهیچ جۆرێکیش‌بەنجەی بۆ رانەکێشاوە ، چونکە لەگەلێ لاوە شتی‌هاوبەش لەنێوان نووسینەکەی کاك سەلامو یوسف الصائغداهەیە •

٢ ـ رێزکردنی هەندێناو بەرەخنەگری شیعری نوێی کوردی لەدوای پشتبەستن بەناوهێنانی بەرهەمەکانیان دەربارەی رەخنە جێی‌سەرنج راکێشانە ، بۆ نموونە نووسەری ووتارەرخۆی ئەمجۆرە رەخنەیەی بەلاوە ناوەکە «ڕۆڕکی» عرضی و خاوەنی شی‌کردنەوەیەکی تێکرای‌پارچەیەك هۆنراوە نەبێت ••

هەروەها دیسانەوە هەندێ مەرجی داناوە بۆ رەخنەگری کوردی ، کەچی لەوناوانەی خۆی کەناوی هێناون وەك (عباس البدری) ئەم مەرجانەی تێدا نابینرێتو ئەو بەرهەمی کە کاك سەلام ناوی لێناوە رەخنە تەنیا بریتیە لە گۆڕینی عەرزێکی رووکەشی « شیعری نوێی کوردی » بۆ زمانی عەرەبی « هەرچەندە لێرەدا مەبەست ئەوە نیە لەنرخی ئەم گۆڕینە کەم بکرێتەوە ، بەڵکو مەسەلە بۆ چوونەکەی کاك سەلامە بەتەنێ » • وەك ئەوەی چۆن کوردێك بێت ووتارێك لەسەر شیعری بەرگری فەلەستینی لەعەرەبیەوە هەڵهێنجێو بە کوردی بلاوی بکاتەوە کە بە هیچ رەنگێك بەرەخنەگرێکی شیعری نوێی فەلەستینی لەقەلەم نادرێت ••

٣ ـ کاك سەلام ئەمناوانەی کە بە رەخنەگری شیعری نوێی کوردی داناون هەمووی لەیەك ریزا ریزکردوون ، بەبێ ئەوەی دەستنیشانی رۆلی هەریەکێکیان بکات لەم مەیدانەدا •• ئایا ئەم رەخنەگرانەی ناویان هاتووە چی پالی پێوە ناون ناون بۆ هاتنە مەیدانەوە ؟

بۆ زیاتر ئاشکراکردنی مەبەست زۆربەی ئەم ناوانە هەر لە بەرئەوەی وەڵامی ئەو رەخنەیەی داوەتەوە کە لەسەر بەرهەمە شیعرییەکانیان نووسراوە بوونەتە رەخنەگر • ئینجا وەنەبێت من بڵێم شاعیر نابێ رەخنە بنووسێت ، بەڵکو ئەوە ناکەمە پارسەنگی رەخنەگر کە وەڵامی رەخنەی شیعرێکی خۆی بداتەوە • ئەگەر مەسەلەکە وانیە بۆ کاك سەلام ناوی بەرهەمە رەخنەگری‌یەکانی ئەوانیشی • نەدەهێنا •

٤ ـ ووتارەکەی کاك سەلام فەرامۆشی ناوی « فؤاد قەرەداخی » و « فؤاد عبید میسری » کردووە •• نازانم لەبەرچی ؟ هەرچەندە تا رادەیەکی زۆر ناوی یەکەم ئەگەر نیستا بەرهەمی لەبارە براوە ، بەڵام وەك حەقیقەتێك هەتا ئێستا چاکترین بەرهەم کە بەناوی رەخنەی شیعری نوێی کوردی بلاوکراوەتەوە لەسەر لاپەرەکانی رۆژنامەی ئازیزی ئەوسای هاوکاری لەلایەن (فؤاد)وە نووسراوە •

٥ ـ کاك سەلام دەیەوێت بەچەند مەرجێکی داناراو رەخنەگر دروستبکات •• واتە رەخنەگر بەشێوەیەکی دروستکراو بهێنێتە ئاراوە • کە ئەمە لەلایەن جولانەوەی گۆڕان بەرەوپێشەوە چوونی کۆمەلی کوردەواری مەحالە ، چونکە مەسەلە زۆران‌بازی‌و زۆرەکی نی‌یە ، دیارە هەر ئەوەندە لەباردایە •

٦ ـ ووتارەکە بەهیچ جۆرێك باسی ئەوەی نەکردووە کە دەبێ پێش ئەوەی رەخنەگری شیعری نوێمان هەبێت ، دەبێ خاوەنی زەمینەو کەلو بوونێکی ئەوتۆبین کە شایانی مەبەست بێت بۆ ئەم مەسەلە گرنگو هەتا خانوونێکیش لەسەر گوفەك (زیلدان) دروست بکرێت خۆی لەبەرباران ناگرێتو دەتەپێتە باریەکترو ئەم مەسەلەیە زیاتر دەشێوێنیتو خانووکە دەبێتە کەلاوەو کەس خۆی تێدا پێناگیرێت •

٧ ـ کاکە سەلام لەیەك کردنەوەی ناوەکان وەك شاعیرو چیرۆك نووس ناوی مامۆستا (عەزیز گەردی)و کاك (کەمال میراودەلی » ، لەبیرکردووەو بۆ ئاگاداری خوێندەوار ئەمانە نەشاعیرن‌و نە چیرۆك نووس ، بەڵکە دەتوانم بڵێم هەردووکیان لەرێی‌گەلێ نووسینی بەتامیان دەوریان بینیوە لەبەریوەبردنی جولانەوەی ئەدەبی نوێی کوردی‌و هەروەها هەردووکیان جێی چاوانیان تێدا کە وەك خاسیەکی پاك‌و بێ‌گەردو دوور لەهەموو جۆرە تەمێك کە لە مەیدانی رەخنەدا دەورێکی گرنگ ببینن ••

لەکۆتایی‌دا دەبێژم هەموو مۆرکێکی دیارو نالەبارو ناتەواو چ لە ئەدەبو لە لایەنێکی تر راستەوخۆ بە مەسەلەی رەوڕەوەی باری مەوزوعی‌و خۆیی‌و و ژیاش بەردەستی (ملموس) کۆمەل بەستراوەو دەستێك نیە بەرگری لەراستی‌یەدا بکاتو رۆژێکیش دێت کە ئێمەی کوردیش خاوەنی رەخنەیەکی ئەوتۆ بین کە لەگەل گۆڕانی کۆمەڵەکەمان بەشداری بکاتو رەخنەگری وا هەڵکەوێت کە وەك کاك سەلام گەرەکیەتی لایەنی چاکو خرابی شیعری نوێی کورد بخاتە رووو یەکالای کاتەوە •

هۆنازەگیان

هۆنازەگیان
ئەوشەوانەی دەس‌نیشانی
ژوانێکی تازەم بۆ ئەکەی

هەنگاوەکان ئەبنە چرپەو
چرپەش کۆتایی سەرەتایەکی وونە ••
کۆمەڵێ سۆزە خەوی تیا دەبێ بەژان
هۆنازەخان

بۆ نازانی مانگەشەو چرپە ئەمرێنێ !
ئەی بۆ لە مانگەشەوا نابینی

ڕوبار لەگەل لادێی قوڕا
شایی بێدەنگی ئەگێڕێ !
هۆنازەی من

زۆربەی ژنان شەو ئەترسن ••
تۆش بەم نیوە شەوە ڕێ بۆ لای من ئەبڕی
لە ئامێزی ئەرمو نۆلیا ئەتلاوێنن

کچێ نازە بێ‌هەلگرە بۆ ژوانی حەزی بێ‌تۆی ئەم
مانگەشەوە رووناکە

تا خوڕەی ووشەکانم
بڕێژمە دەریای جوانی بێ‌سنورتەوە ••
کە تۆ سەرەتاو کۆتایی ئەوینمبی !
ئیتر تاکەی بڵێم نازە •••!
« ئێوارەیە وا هەلگرە ساگۆزەی تازە »(١)

(١) دێڕە شیعرێکی مامۆستا (گوران) ه •

جەباری حاجی کەریم

دوو پارچەی تر لە «سۆناتاکانی عەشقی پیرۆز»

عەشقی پیرۆز

شیعری : عبدالله عباس

تۆ ، حەزیتو ، تۆ ، ئارەزووی ، لەئاسمانی عەشقی منا راوەستاوی

ئەوامن ، لوتکە بەلوتکە
دێمە ناو ، چاوەکانتەوە ••
بەدوای خۆما ، ئاودامانی رۆژەکانم ، عەشقی پیرۆزم هیناوە••

خۆم ئەژانم ، چەندجار ، مەنگاو ، خۆی هاویشتۆتە ناوباوەش
ئەرخەوان ئازدارەکان
هەموویان ، ئەرخەوان بوونو لەعەشقا ، عاشقی تۆبوون •

لە گەرداوی ، دەریای هەموو لەزەتە خۆشەکانمانا •
تەکانی من ، شەپۆلی بۆ باوەشی گەرمت زین ئەکرد ••
قەزات لەچاوی من‌کەوێ ، لوتکە ، لوتکە ئەچمە ناو چاوەکانتەوە ••

لەناو هیلانەی خۆرو ، پووشوە زەردی ، پایزانا
عاشقەکان ، یادگاری ماچەکانیان بەجێ‌هێشتو هەموو رۆشتن !

تۆ لەلای من ، لەتەمو مژی بەهاری رابوردوا هەلگیراوی ••
تۆ ئەو حەزەی لەناو تۆوی بەهارا ، سروەی بای وادە ••
لەگەل هەموو خوناوەیەکی بارانا ، جوانت ئەکا ••

ـ کێ ئەتوانی ، موچرکەی ئەم پایزە ، بەرێتەوە ••
بۆ بەهارێ ، بیباتەوە ، هەلگیراوەو نەهاتوە ، کێ ئەتوانێ ؟

گیانە ، لەزەت هانا ئەبا
گیانە ، حەزەو •• هانا ئەبا
گیانە ، گریان ، هانا ئەبا
گیانە ، هەر وشەی ناو شیعرەو هانا بۆچاوی تۆ ئەبا
ـ ئەو سکالایەی هەزار غەمو یەك بی‌کەنینی بۆ عەشقی بەرەو لوتکەی خۆی بی‌ئەبێ :
هانا بەرەو هەرکۆی بەرێ ، سەرەولێژە ••
من وا لەعەشقی تۆ ئەگەم •••!

قەزات لەچاوی من‌کەوێ ، لوتکە لوتکە ، ئەچمە ناو چاوەکانتەوە
بەدوای خۆما ، ئاودامانی رۆژەکانم عەشقی پیرۆزم هیناوە
تۆ ، حەزیتو ، تۆ ئارەزوی ، لەئاسمانی عەشقی منا راوستاوی

بۆت ئەگەڕێم

بۆت ئەگەڕێم ، لەناو تەمی یەمەییا ، ئەتبینمو پێ‌ئەکەنی
بۆت ئەگەڕێمو پێت‌ئەگەم ، گریەی نهاڵێکی خووڕی
لەکوێ لەگەڵتا دانیشم ؟
هو گیانە ، لەکوێ ماچت‌کەم ؟
هو گیانی من ، لەکوێ لەباوەشت بگرم ، لەکوی ئەمگریتە باوەش
عەشقت ئەوەندە تووڕەیە
نە ئەرز ئەمان گرێتە خۆی
نەئاسمانی هەڵمانی ئەکێشێ ••!

بۆت ئەگەڕێم ••
بۆت ئەگەڕێم ••
بۆت ئەگەڕێم ••
بۆت ئەگەڕێم •• لەناو تەمی یەمەییا ، ئەتبینمو پێ‌ئەکەنی !

گۆرانی

ئەوا سواری بەدواما دێ
ئەسپەکەی خۆی زین‌کردووەو
تاوی دەدات
وەك رەشەبایەکی بەمێز
بەدواما دێ
بۆ کوێ بچم •• روو لە کوێ کەم
ئاوا بە هاوارو قیژە بەدواما دێ
ئاسمان لەبەریا دەلەرزێ
زەوی بۆی هاتۆتە سەرچۆك
لەنووستنو لەهەستانو راکردنم
لەوەستانم •• دانیشتنم
لەبێکەنینم •• گریانم
ئەوسوارە هەر بە دواما دێو
لەمن قەت جیا نابێتەوە

● مەوجود سامان ●

شانۆیی « کوویە » لە سلێمانی

لەم رۆژانەدا تیپی نواندنی‌سلێمانی سەرگەرمی خۆ ئامادەکردنە بۆ پێشکەش‌کردنی‌شانۆگەری ـ کوویە ـ دوای ئەوەی ئەمانەتی گشتی لاوان‌ورۆشنبیری رێی پێدا •

شانۆگەری ـ کوویە ـ ،(پیراندیللو)ی ئیتالی نووسیویەو کاوە ئەحمەد میرزالەبەرگێکی خۆمالی‌دا ئامادەی کردووە •

ئەم شانۆگەری‌یە کەفاضل قصاب دەری ئەهێنێ هو ئەرمەندان
سمکۆ عەریز ، عومەر عەلی‌ئەمین ، صەلاح فەرەج ، بورهان مەصرەف ، کەمان رەشیدو چەند هونەرمەندێکی تر دەوری تیا ئەبینن • واچاوەران ئەگرێت لەپشووی نیوەی ساڵدا لەسەر شانۆی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی بێشکەش بکرێت •

Institut Kurde de Paris

« لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ ، ئەوە هات بە بیرما کە ژیانو هۆنراوەی شاعیرە لاوەکانمان بنوسمەوەو لە دەرفەتێکدا پێشکەشی بکەم•• بۆ ئەم مەبەستە نامەی تایبەتیم نارد بۆ هەندێکیان •• چەند وەڵامێکم بۆ هاتەوە وەکو مامۆستا کوردستان موکریانی ، وە برایان جەمال نوری ، عوسمان هەورامی ، رەفیق سابیر ، دلشاد مەریوانی ، مارف ناسراو ، سەلاح شوان ، سوپاسی هەستیان ئەکەم • وە هەندێکی بێ‌وەڵام مایەوە ئیتر نازانم نامەکە گەیشتبی یان نا ، مەبەستم ئاشکرابووە • بەڵام ئەو بەرێزانە کە بۆیان ناردوم پاراستومەو لە ناهەمواریی رۆژگار رزگاریان بووە • وە لەم ماوەیەدا کە بەرهەمەکەی مارف ناسراو « سەرچنار » کەوتە بازارەوە ، یەکەوراست چومەوە سەر نامەکەی کە بۆی ناردوم •• هیوادارم بەهۆی رۆژنامەی «هاوکاری» خۆشەویستەوە زیاتر مەبەستەکەمان بهێنینە دی • »

لەم چەندانەدا بەرهەمی‌یەکەمی شاعیری لاو « مارف ناسراو » بەناوی « سەرچنار »لە بەرگێکی جوانو قەشەنگدا بە (٤٢) لاپەرە کە «٢٦» پارچەهەڵبەستی تێدایە کەوتە ناوکتێبخانەکانەوە بەوهیوایە کە بگاتە دەستی خوێنەران •

دانانی هونراوەکانی‌دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٦ تا ساڵی ١٩٧٦ کە بەرهەمی‌دەساڵەی شاعیرە •• لە هۆنراوەکانیدا گەلێك وێنەی‌جوانی بەکارهێناوە کە هەڵقوڵاوی سرۆشتی خۆمالیمانە ، بەوشەی سادەو بەمانا زوربەی مەبەستەکانی‌دەرخستوو ، وێنەی قووڵو سوچاوی نەهێناوەتەوە وهۆنراوەکانی دوورن لە تەمومژ ، خەلکی بەئاسانی‌لێیان تێ‌دەگات •

لە هونراوەی « سەرچنارجوانی » دەڵێت

خۆ بۆ ئاومکەی سەرچاوەی جوانت
هەزاران نازدار بوونە میوانت
بۆ گڕی دەروون ئاوی بەفراوی
پەلە وەرانیش کەوتوونە داوی
تیشکی خۆر لەگەل چریسکەی بازن
یەك لەیەکتری ئاوات ئەخوازن
خرەی گوێبەرۆك ، زرەی پیالەی مەی
دڵی بەردیشی ئەخستە وەی وەی •

وە لە هۆنراوەی « گەلاوگول » دا :

کەتۆ غونچەی خۆت لەناو دڵابێ
بادڵی گەلام لەگەل گوڵابێ
کچێ ! تۆ گوڵی چوار وەرزی منی
بۆ لە ناولانەی دڵا شەرمنی

دەربارەی چاپکراوی نوێ

سەرچنار

ئومێد کاکەرەش

وە لە هۆنراوەی« شیرینەکەم »

ئەمرۆ گیتیو وڵاتەکەم
لاشیرینو شیرینترە
خوێناویش بێ ئاواتەکەم
دڵداری وام لا خۆشترە •

لەساڵانی پێشودا نیازی لەچاپدانی بووە •• بەڵام ئەبوونی‌و دەستکورتی بواری‌نەداوە ، تا رۆژگار وای‌لێکرد پێشکەشی بکات بە « چۆپی »کچی •

(ناسراو) ئەو شاعیرەیەکە شەوانی دوورو درێژی زستان بەدیار دایکیەوەئەمایەوەو کتێبی « یوسفو زلیخاو شیرینو فەرهادی » بۆئەخوێندەوە •• زۆر جاریش لەتەلی هەستی بەسۆزی ئەوخەیاڵانەی ئەدراو ئەیان خستە ناو گۆمی ناتەبایی‌وکوێرەوەری‌یەوە •

کە لافاوەکەی شاری‌سلەیمانی بوو دیوانی « کامەرانی » بۆ دایکی‌ئەخوێندەوەو زوربەی هۆنراوەکانی لەبەرکردبوو ،کە ئەواو چاوی کرایەوە کەوتە گریان لە گەل « گوران »ی‌بلیمەتو مەزندا •• ناو بە ناویش دیوانی « ئالی‌وکوردی‌و کەمالی » بە دەستەوە ئەسایەوە تا خۆی لەتاموچێژی هۆنراوەکاندا ئەدی‌و ئنجا ئەهاتەوە بۆ لای‌هۆنراوەکانی « دیلانو شیرکۆ بیکەس » وە لە شاعیرە عەرەبەکان بە « معین بسیسو عەبدولوهاب‌بەیاتی‌و مەحمود درویش سەرسام بووە » وە لە شاعرەگەورەکانی گێتی « بابلو نیرودا »ی ناسیوە •

(هۆی دانانی هۆنراوەی‌مارف ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتانەی کە فریشتەی‌خەوبینینی بە بەهشتی هەستەوە بینیوەو وو کاری‌لێدوانی لێکردوە کە لەم جیهانە رازاوە بەدوێ ••بەوخەوە بڵێین هونراوەی ناسراو) •

« ناسراو ـ مارف کەریم‌سالحە » لەساڵی ١٩٤٥ لە گەرەکی مەلکەندی لەشاری‌سلەیمانی هاتۆتە دنیاوە ، لە خێزانێکی هەژارا چاوی‌کردۆتەوە باوکی بە هۆی کارێکەوە بۆماوەی (٢٠)بیست ساڵ بەندی بەسەرا درا •• مارفو دووبرای لای‌دایکی ئەمێننەوە • بەبێوەژن کۆشی بەرەوردەیان ئەکات‌ومارف ئەخاتە قوتابخانە •

پاش (١٣) ساڵ باوکی‌لە بەندی رزگاری دەبێت • پاش ساڵێك دوای بەربوون(دایکی) کارامەو دڵسوزی چاوی کۆتایی لێئەنێتوبەجێیان ئەهێڵێت ، بێکەس‌و بێکەیبانو چوار پیاو لەماڵێکدا ئەمێننەوە • ناسراو واز لە قوتابخانە دێنێت کەلەپۆلی سیەمی ناوەندی‌بووە دەستدەکات بەکتێبفرۆشتن لەسەر شەقامەکانی سلەیمانی •

« ساڵی ١٩٧١ بوو بەئەندامی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لە سلەیمانی‌وە ساڵی ١٩٧٢ دەچێت بۆ بەغدادو کراوە بە ئەندامی دەستەی بەرێوەبردنی کۆمەڵەی ناوبراو لە بەغداد • لەزۆر شانۆگەریدا بەشداری کردووەو دەوری هەبووە بە تایبەتی « شانۆگەری • شێخی تەپڵە رەش ـ کێچ ـ بەرێوەبەری نوێ ـ بولو زاوا » کە لە بەرهەمەکانی کۆمەڵە بوون •

لە ساڵی ١٩٧٤ لە دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی دادەمەزرێتو لە رۆژنامەی « هاوکاری »و گۆڤاری « بەیان » ئیش دەکاتو بووە بە ئەندامی کاریگەر لە ئەقابەی رۆژنامەگەریدا وە ئیستا موچەخۆرە لە (دار الوطنی) لە پاریزگای سلەیمانی » •

سەرچاوەکان :

نامەیەکی دەستنووسیی مارف ناسراو ساڵی ١٩٧٣ •
رۆژنامەی عیراق ژمارەی (٥٣٧) ٣ـ١١ـ١٩٧٧ •

لەبریارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا :

دوکتۆر وخاوەن پیشە تەندروستی یەکانی وەزارەتی تەندروستی ٨٠٪ موخەسەساتیان ئەدرێتێ

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریارێکی دەرکردووە بەپێی ئەو پیارە وەزیری تەندروستی دەسەلاتی ئەوەی هەیە ٨٠٪ مووچەی فەرمان بەران موخەسەسات بداتە دوکتۆرو خاوەن پیشەتەندروستی و دکتۆرەکانو فەرمان بەرە شارەزاکانو کاربەدەستانی ئیداری هەموو نەخۆشخانەکانو دەزگای مدینة الطب ـ کە رۆژی سێ سەعات زیاد لە کاتی رەسمی خۆیان کار ئەکەن ئەمەش دەقی بریارەکەیە :

بەپێی ئەحکامی برگەی(أ)ی مادە چلو دووی دەستووری کاتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە رۆژی ١٨ـ١ـ٩٧٨ دا ئەم بریارەی دەرکردووە :

١ ـ وەزیری تەندروستی دەسەلاتی ئەوەی هەیە کە ٨٠٪ مووچەی فەرمان بەران موخەسەسات بدانە دوکتۆرو خاوەن پیشە تەندروستی و دوکتۆرەکانو فەرمان بەرە شارەزاکان کاربەدەستە ئیداریەکانی هەموو نەخۆشخانەکانو دەزگای (مدینة الطب) کە رۆژێ سێ سەعات زیاد لە کاتی رەسمی خۆیان کارئە کەن .

٢ ـ ئەم دەسەلاتە کە لە(١) دەستی بۆ کێشراوە شەخسیە بۆ وەزیری تەندروسی و نابێ بدرێتە یەکێکی تر .

٣ ـ وەزیری تەندروستی ودارایی ئەم بریارە جێبەجێی ئەکەن .

احمد حسن البکر
سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ بەرێز سیدی ولد الشیخ عبدالله وەزیری دەوڵەتی مۆریتانی راسپێراو بە نەخشەکێشانو کانەکان بە بۆنەی سەردانەکەی بۆ ولات لە کۆشکی کۆماری ئامادە بوو وناوی خۆی لەدەفتەری میوانداری تۆمارکرد .

هەروەها بەرێز سهیل محمد صالح وەکیلی وەزارەتی کواستنەوە بۆ کاروباری دەزگاکان بە بۆنەی گەرانەوەی لەدەرەوەی ولات لەکۆشکی کۆماری ئامادەبوو وناوی خۆی لەدەفتەری میوانداری تۆمارکرد .

هەروەها بەرێز محمد احمد بالیۆزی کۆماری عیراق لەبیروت بە بۆنەی ئامادەبوونیەوە لە بەغدا جووە کۆشکی کۆماری و ناوی خۆی لەدەفتەری میوانداری تۆمارکرد .

لەهەمان کاتدا بەرێزان علی هادی الجابر جێگری سەرۆکی کۆمیانیای نەوتی ئیشتیانی و رەسمی برجس محمد بەرێوەبەری گشتی کاروباری ئیداری کۆمپانیاکەو هاشم فاضل عبدالحسین بەرێوەبەری گشتی دەزگای گشتی دۆزینەوەی نەوتو گاز لە کۆمپانیای نەوتو عبدالامیر تقی بەرێوەبەری گشتی دائیرەی هەڵکەندەن لە کۆمپانیاکە بە بۆنەی جوونەدەرەوەیان لە کۆشکی کۆماری ئامادەبوونو ناوی خۆیان لەدەفتەری میوانداری تۆمارکرد .

سەرچاوەیەکی وەزارەتی پیشەسازیی رایگەیاندوە زوربەی لادێکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەکارەبا رونـاک ئەکرێتەوە

واچاوەروان دەکرێت کە ئەمسال لەسەرانسەری ولاندا کارەبا بۆ ٩٣٦ گوندراکێشرێتو تێکرای ئەو گوندانە پتر لە ٩٠ هەزار ماڵدەبن .

ئەم هەواڵە بەرێز بەریوەبەری گشتیی کاری دیهاتەکان رایگەیاندوەو وتویەتی .. بەرنامەکانی بەریوەبەرایەتیکە لە ئەم ساڵداجێ بەجێی دەکات بێجگە لەو پرۆژە گەورەیە . برێتیی یەلە دامەزراندنی چەند هێلێکی (٣٣ کی. فی)و محەتەی ئالوگۆڕیی ناوەندی کە چەند جۆرە وزەیەکی هەیە لەگەڵ فراوانکردنی هەندێك لەو محەتانەی لەمەوبەر دامەزراونو ئێستا کاردەکەن .

هەروەك بەشێکی ترە نەخشەکە برێتیی یە لە گەیاندی کارەبا بە چەند پرۆژەیەکی پیشەسازیو کشتوکاڵیی ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریە بچوکانەی کە بریاری دامەزراندنیان لە دیهاتو قەزاو ناحیەکاندا دەدرێت .

هەروەها وتویەتی .. ئامیرە تەکنیکیکانی بەریوەبەرایەتیکان ئێستاکە خەریکی جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەمی پرۆگرامی راکێشانی کارەبایە بۆ گوندەکان کە ئەویش برێتیی یە لە راکێشانی کارەبا بۆ ئەو گوندانەی لە ٦٠ خانو زیاترەو بودیهاتە ئوێکانو ئەو گوندانەی سیفاتی بەرهەم هێنانیان هەیەو ئەو گوندانەی کەوتونەتە سەرسنور ، واچاوەروان دەکرێت کە قۆناغی یەکەمی ئەم نەخشەیە ئەم ساڵ بەتەواوی جێبەجێ بکرێت .

ئەمینداری گشتی رۆشنبیری و لاوان لەچالاکیەکانی ئەمانەتەکەی ئەکۆڵێتەوە

هەفتەی رابردوو بەرێز عبدالغفار الصائغ ئەمینداری گشتی بەرێوەبردنی رۆشنبیریو لاوان لەناوچەی ئۆتۆنۆمی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کادیرە رۆشنبیرەکان کردووە دەربارەی چالاکیەکانی رۆشنبیریو لاوان.. هەروەها داوای کردووەکە پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ رۆشنبیرە لاوەکانی پارێزگاکە یکرێت بۆ پێشخستنی جووڵانەوەی رۆشنبیریو هونەری کە وێنەیەکی راستەقینەی ئامانجو دەسکەوتەکانی شۆڕش بنوێنێت لەناوچەی ئۆتۆنۆمیو هەموو شوێنێکی وڵاتدا .

لە کۆبوونەوەکەدا بەرێزان محمد امین محمد ئەمینداری گشتی بەرێوەبردنی کاروباری

بروانە ل : ٧

بەپێی ئامۆژگاری جێگری بەرێز : کۆرێك بۆلێکۆلینەوەی نەخشەی وەزارەتی ناوخۆ

دوێنێ بەیانی لە هۆڵی رباطبەرێز عزە ابراهیم ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری ناوخۆ سەرۆکایەتی کۆرێکی فراوانی کرد بۆ لێکۆڵینەوەی نەخشەی وەزاردت بۆ ساڵی ١٩٧٨ .

لە کۆرەکەدا بەرێز محمد محجوب ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بەروەردەو بەرێز کریم محمود حسین وەزیری لاوانو بەرێزان وەکیلی وەزارەتی ناوخۆو بەروەردەو پارێزگارانو ئەمینداری گشتی یەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیو بەرێوەبەرە گشتی یەکانی وەزارەتی ناوخۆو بەروەردەو بەرێوەبەرانی شارەوانیەکانی پارێزگاکانو کادیری پێشکەوتنو ئامادەبوون .

لەسەرەتادا بەرێز ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری ناوخۆ پێخوشحالی خۆی دەربری بەرانبەر بەشدارانی کۆرەکەو وتی ئەم کۆرە لەسەر داخوازەکانی بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەخشەکێشان بەستراوە بۆ لێکۆلینەوەی ئەو کۆسپو تەگەرانەی کە رەوتی جێبەجێکردنی نەخشەی پەرەپێدانی گشتی ساڵی ١٩٧٨ سەرجەمی نەخشەی پێنج ساڵان دوانەخەن .

هەروەها ناشکرای کرد کە کەرتی ئیدارەی خۆجێی کەرتێکی ئالۆزەو لێپرسراویەتی لەکەرتەکانو جموجوولی تری دەوڵەت جیاوازە . وەزیری بەرێز وتی ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە بەردەوام لە نەخشەکە بکۆڵرێتەوە بۆ دۆزینەوەی باشترین شێوە بۆ جێبەجێکردنیداو ئەمیش لە کۆبوونەوەیدا کە هەموو کاربەدەستانی پارێزگاکان بەشداری تیابکەن . هەروەها داوای لە پارێزگارە بەرێزەکانو سەرۆکانی شارەوانیەکان کرد کە باشترین شێوە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی پەرەپێدان بەپێی پیروباوەڕەکانی حزبیو شۆڕشدا بدۆزنەوە .

بەرێز ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیری ناوخۆ باسی رۆڵی ئیدارەیی نامەرکەزی کرد وەکو ناوەرۆکێك لەم بوارەداو داوای قوڵکردنی بەکارهێنانی دیموکراتیەت کرد لەسنووری ئیدارەی خۆجێی داو چالاکی ئیدارە لە ئەنجوومەنی پارێزگاکانو شارەوانیەکاندا کە شۆڕش گەشەی پێداونو قوڵکردنی بەکارهێنانی دیموکراتیەت بۆ ئەوەی هەموو کەرتەکانی تری دەزگاکانی میری شارەزای سنووری راستەقینەی نیشەکانیان ببن .

هەروەها باسی بارستایی نەخشەکەی کرد کە ئەمساڵ بوو بەوەندەی لێهاتووەو کۆتایی بە ئەم پێویستی بە جارەسەرکردنێکی تایبەتی هەیە بەهۆی زیاد بوونی هەندێ دەزگاوە بۆ چەند جارێك کە ئەمەش پێویستی ئەکات لەسەرمان موناقەشەمان بەرنامەی مەبێت تاکو بتوانین بەرەو مەسەلە جەمسەریەکان بچین و بگەینە باشترین شێوە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی ئەمساڵ .

ئەمجا بەرێز وەزیری ناوخۆ باسی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کرد لەبارەی پێکەوەنانی لیژنەیەکی جەمسەری بۆ پێویستیی یەکانی فێرکردنو گونی : سەرکردایەتی حزبو شۆڕش هەموو کۆسپەکانی بەردەمی ئەم لیژنەیەی تەختکردو رێگەی خۆش کرد بۆ جێبەجێکردنی پێویستیی یەکانی فێربوونو گوتی : کەمی هەندێ کەرەسەی بینا کردن نابێتە کۆسپ لە بەردەمیا .

دوای ئەو بەرێز محمد محجوب ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بەروەردە باسی ئەوەو کۆسپانەی کرد کە دێتە رێگای دەستنیشان کردنی زەوی بۆ بینای قوتابخانەکان لە پارێزگاکاندا لە ماوەی دەسالی ئایندەداو ، باسی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەی کرد بەهاوکاری لەگەڵ ئیدارەی خۆجێیەکاندا بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری فێرکردنی ئیلزامی کە سەری ساڵی خوێندنی ئایندە دەست پێ ئەکات لە وڵاتدا .

هەروەها باسی دروست کردنی کۆگای سازکردنی کرد لە پارێزگاکاندابۆ پاراستنی خواردەمەنی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی خواردەمەنی قوتابخانەکان .

دوای ئەو بەرێز کریم محمود حسین وەزیری لاوان باسی ئەو پرۆژانەی کرد کە وەزارەتی لاوان ئەمساڵ جێبەجێی ئەکات وەکو دروست کردنی مەلبەندی لاوانو بینا کردنی یانەو شوێن مەلە کردنو داوای لە بەرێزان پارێزگارەکان کرد کە هاوکاری لەگەڵ یکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە چونکە بایەخێکی تایبەتیان هەیە لە دروست کردنی لاواندا .

باش یشودانێکی کەم کۆڕەکە چەند پێشنیارێکی پێش کەش کرد بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی ساڵی ١٩٧٨ ی وەزارەت .

وەزیری نەخشەکێشان لە پلانی پەرەپێدانی نەتەوەیی ئەدوێ

بەرێز عدنان حسین ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری نەخشەکێشان دووپاتی کردەوە کە هەموو وزەیەکو توانایەکو هەموو جۆرە هەوڵدانێکو شێوازە پێشکەوتووەکان ئەبێ بەکار بهێنرێن بۆ تەواوکردنی نەخشەی پەرەپێدانی ئەتەوەیی بۆ ساڵانی ٩٧٦ـ٩٨٠ .

بەرێز وەزیری نەخشەکێشان دوێنێ لە کاتی پێشوازی کردنی لەبەرێزان سەرۆکانی نێراوە دیپلۆماسیە عیراقیەکان لە وڵانە عەرەبەکاندا وتی ئەم نەخشەیە مەبەستی ئەوەیە کەرەوتی پەرەپێدان لەئەگەر بگرێتو ئاوسانی ئابووری نەهێڵێت .

هەروەها وتی نەخشەی پەرەپێدانی نەتەوەیی ئاواتی ئەوەیە کە تێکڕایی گشتی کەرتەکانی ئابووری نیشتمانی زیادبکاتو بەردەوام داهاتی ساڵانەی نەتەوەیی لە زیادبووندابێت .

ئینجا باسی ئیشو کاری نێراوە دیپلۆماسیەکانی دەرەوەی وڵات کردو بایەخیان لە پتەوکردنی پەیوەندیە ئابوورییەکان لەگەڵ وڵاتە براکانمانو فراوانکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە گەلیان بەشێوەیەك کە خزمەتی جێ بەجێکردنی ئەم نەخشەیە بکات . هەروەها بەرێز وەزیری نەخشەکێشان بەشێوەیەکی دورودرێژ لایەنی ئەو نەخشەیەو لایەنی پلانی ئابووری لەوڵاتدا بۆ ساڵانی داهاتوو بۆیان روون کردەوە . لە چاوپێکەوتنەکەدا بەرێز عبدالحسین الجمالی وەکیلی وەزارەتی دەرەوە ئامادە بوو .

نەخشەی گەشەپێدان و ئاسۆی باشەرۆژێکی رووناکتر

ئەو کۆڕانکارییە بەرەو ئاوەدانیو پێشکەوتنەی وڵاتەکەمان ئەیبینێ ، بەرەو دامەزراندنی بنەڕەتی ژیانێکی ژیاتر بەختیارو کامەرانی بۆ گەل . لەبەر رووناکی ئەو باوەرە شۆڕشگێرانەیەدا یەتەدی کە سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش کردویانەتە رێرەوی چەسپاوو لەنەخشەو پرۆژەو دەستکەوتە یەك بەدوای یەکەکانیدا حۆی ئەنوێنێ .

نەخشەی گەشە پێدانی ئەمساڵ ، کە هەڵقوڵاوی ئەو باوەرو رێرەوەیە ، جوڵانەوەی بەرەو پێشکەوتنی کۆمەڵ لەخاتە سەر رێگەی بنیات نانی سۆشیالیستی .

بایەخی هەرە گرنگی نەخشەی گەشە پێدانی نوێ ، لەوەدا دەرئەکەوێ ، کە هەموو لایەنەکانی جوڵانەوەی کۆمەڵی لەم وڵاتەدا گرتۆتەوە . سەرەرای دووپات کردنەوەی پێویستی بایەخدانی زیاتر بە لایەنی سەربەرشتی کردنی لاوانو رۆشنبیری شۆڕشگێرانەو سۆشیالستی .

بایەخدان بەم لایەنە زۆر گرنگە لەنەخشەی گەشە پێداندا ، ئەو راستیە ساغ ئەکاتەوە ، کە لەکۆمەڵێکی هوشیاردا نەبێ ، نەخشەی گەشە پێدانی ئاوەدانیو پێشکەوتن بەئاسانی رانایەرێنرێ ، لەبەر ئەوە ، کە سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕش بایەخی تەواو بەلایەنی هوشیاری ناو کۆمەڵ نەدەن بە زیاتر بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی رۆشنبیری شۆڕشگێرانەو سۆشیالستی . بەمە باڵ بە زەورەوەی بەرەو پێشەوەی کۆمەڵەوە ئەنێن کە بەشداری بەکۆمەڵی چالاکانەتر بێ لە رایەراندنی ئەو نەخشەی گەشە پێدانەی بەمەبەستی فراوان کردنی ئاسوی باشەرۆژێکی رووناکتر بۆ گەلەکەمان دانراوەو ئەوەتا هەندێ لایەنی گرنگی ئەم نەخشەیە لەو هەنگاوەدا خۆی ئەنوێنێ کە بۆ چاککردنی باری ئابوری هاوڵاتیەکان نراوەو لەپێناوی دوازۆرێکی بەختیارا بۆیان کە ئەم هەنگاوانە لەچوارچێوەی بایخدانی حزبی سەرکردە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدایەو جەماوەریش لەماوەی ناقی کرادنەوەکانیەوە هەستی پی کردوە بەتایبەتی لەماوەی ئەوهەنگاوانەوە کەلەبەر رووناکی بیروراکانی راپورتی سیاسی هەشتەمین کونگرەی قطریدا ئەنرێ .

ـ هاوکاری ـ

کۆبوونەوەی مەکتەبی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لقی دهۆك

دوێنێ مەکتەبی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لقی دهۆك لەژێر دروشمی پتەوکردنی کاروباری رێکخستنی یەکێتی هۆیەکی کاریگەرە بۆ زیادکردنی بەرهەم هێنان کۆنگرەی خۆجێی خۆی بەست .

لە کردنەوەی ئاهەنگەکەدا بەرێز حکمت حاجی جێگری بارێزگاری دهۆك و هاوڕێ مزهر مطنی ئەمینداری نهێی

بروانە ل : ٧

وەزیری بازرگانی سەرۆکایەتی کۆرێکی نرخدانان ئەکات

دوێنێ بەرێز حسن علی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری بازرگانی سەرۆکایەتی کۆرێکی جەمسەری دانانی نرخی کردکە سەرۆکی دەزگاکەو کارگێرانیو هەندێ شارەزایانو پسپۆرانتیا ئامادەبوون .

بەرێز حسن علی وتی پێویستە تەقەلای ئەم دەزگایە بۆ رۆیشتن بێ لەسەر رێگای سۆشیالیست کە مەبەستی شۆڕشەو داوای کرد کە سیاسەتی نرخدانان لەگەڵ سیاسەتە ئابوورییەکانی تردا بکونجێت بۆ خزمەتی گەشەپێدانو بیناکردنی سۆشیالیزم .

هەروەها ئەوەی دووپات کردەوە کە هیچ کارگەرێك ناتوانێ لەم بوارەدا ئیشی خۆی بەباشی بکا ئەگەر لەسەر رۆشنایی رێزەوی سۆشیالیستی شۆڕشی هەڵدەی تەمووزنە روا .

وەزیری رۆشنبیری وەزارەتی رۆشنبیریو هونەر دەستپێ ئەکات

لەسەعات شەشی ئێوارەی ٢٨ـ١ـ١٩٧٨ لە هۆڵی ابن الندیم دوکتۆر الیاس فرح وەرزی رۆشنبیری وەزارەتی رۆشنبیریو هونەر بە موحازەرەیەك دەربارەی شۆڕشی رۆشنبیریو وەرزەکە ئەکاتەوە .. ئەم وەرزە گەلی لە گەڵە نووسەرو روناکبیرە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان بە شێوەیەکی مانگانە بەشداری تیا ئەکەن .

وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەك بۆ لێکولینەوەی نەخشەی کاری وەزارەتەکەی ئەکات

دوێنێ بەرێز بکر محمود رسول وەزیری کارو سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کارگێرە فراوانی فارگێرە کابوونەوەیەکی فراوانی کارگیرە گشتی یەکانی وەزارەتەکەبو دامو دەزگاکانی کردوە بۆ لێکولینەوەی نەخشەی کاری وەزارەت لەبەر رونـاکی نەخشەی گەشەپێدانی ئەتەوەیداو لەگەڵ شیوازی رایەراندنی پرۆژەکانی .

وەزیری بەرێز پێویستی هاوکاری کردنی توندو تۆڵی دامو دەزگاکانی دووپات کردەوەو داوای بەستنی کۆڕی کرد بۆ ئیشکەرانی وەزارەتو هاندانیان بۆ کارکردنی بەراستیو بەردەوام خۆلادان لە هەڵەو دیسان داوای دیاری کردنی هەموو رووبەکی خەرجی کرد بەپێی پێویستو دەستبڵاوی نەکردنو بەفیرۆنەدانی هیچ کەرەسەیەك .

کردنەوەی بارەگای رێکخراوی حزب لەکۆیە

دوێنێ هاوڕێ عدنان داودجێگری ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لقی باکور بارەگای رێکخراوی حزب لە قەزای کۆیە کردەوە بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێك سازکراو بەرێزان احمد عبدالقادر سەرۆکی ئەنجوومەنی راپەراندنو محمد علی امین سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانانو ئەمینداری گشتی یەکانی بەرێوەبەرایەتیەکانی ئەنجوومەنی رایەراندنو هاوریان ئەندامانی لقی باکورو شوعبەی هەولێر تیا ئامادەبوون .

ئینجا هاوڕێ محمد غیلان حزب لە کۆیە وتارێکی شۆڕش بەتوانای جەماوەرو پرۆگرامە بۆ جێبەجێکردنی بە زوونرین کات بەرەو جێگیرکردنی بەروەردەی لە دەسکەوتەکانی جەماوەردا . سەرۆکی ئەنجوومەنی گەل جەماوەریەکانی قەزای ئەمینداری نهێنی رێکخراوی خوێندەوەو وتی پشت بەستنی وزە کاریگەرەکانیان رەواترین گۆرانکاریە سۆشیالیستەکان هێنانەدی ئامانجەکانمانو شۆڕشگێرانەو بەرگری کردن لە دواییدا بەرێز جلال صالح بەوبۆ نەیەوە وتاری رێکخراوە خوێندەوە .

هەروەها جەماوەرانی قەزا لە پرۆسکەیەکدا بۆ هاوڕێی سەرکردە احمد حسن البکرو هاوڕێ تێکوشەر صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پەیمانیان تازەکردەوە کە هەمیشە کار ئەکەن لە پێناوی جێبەجێکردنی ئاراستە ناوەندییەکانو بەرگری کردن لە شۆڕشو دەسکەوتە مەزنەکانیدا .

هەروەها ساغیان کردەوە کە ئەو دەسکەوتانە بیروباوەڕی حزبە مەزنەکەمان ئەنوێنن و ئەمانە بالپشتێکە بۆ بووجەلکردنی نەخشەکانی خۆبەدەستەوەدەرانە کە دژی مەسەلەی ناوەندیمان مەسەلەی فەلەستین بەریانەکرێنو بەریاکرێنو دواپیلانیش سەردانە خیانەتکاریەکەی ساداتی خاین بوو کە سەری لە خاکی داگیرکراودا .

وەزیری تەندروستی سەر لە سلێمانی ئەدات

دوێنێ دوکتۆر ریاض ابراهیم حسین وەزیری تەندروستی سەری لە پارێزگای سلیمانی داو لە لایەن بەرێز جێگری پارێزگاری سلێمانیو هاوڕێ نوێنەری شوعبەی سلێمانی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەوە پێشوازی کرا .

وەزیری بەرێز لە سەردانەکەیدا چووە پارێزگای سلێمانیو سەرۆکایەتی تەندروستیو بارەگای حزبو خەستەخانەی گشتی دواییش سەری لە قەزای دەربەندیخان داو لە کاروباری تەندروستی پارێزگاکە کۆڵایەوەو سەردانەکەی نزیکەی حەوت سەعاتی خایاند .

وەزیری ناوخۆ پەرە بە پەیدانی نەتەوەیی ئەدوێ

بەرێز وەزیری ناوخۆ ئەمساڵ ٩٨٠ ملیۆن دینار بۆ پەرەپێدانی نەتەوەیی ئەدوێ

بەرێز عدنان حسین ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش وەزیری ناوخۆ ئەمساڵ ٩٨٠ ملیۆن دینار بۆ پەرەپێدانی نەتەوەیی ئەدوێ .

ئەمە بەشی ئەو پارەیە کە بەرێز وەزیری ناوخۆ داوای کردووە کە بۆ ساڵی ١٩٧٨ ئامادە بکرێ بۆ پەرەپێدانی نەتەوەیی لە وڵاتدا .

ئەمە بەشی ئەو پارەیە کە بەرێز وەزیری ناوخۆ داوای کردووە کە بۆ ساڵی ١٩٧٨ ئامادە بکرێ بۆ پەرەپێدانی نەتەوەیی لە وڵاتدا .

ئەمە بەشی ئەو پارەیە کە بەرێز وەزیری ناوخۆ داوای کردووە کە بۆ ساڵی ١٩٧٨ ئامادە بکرێ بۆ پەرەپێدانی نەتەوەیی لە وڵاتدا .

وەزیری کشتوکاڵ وچاککردنی کشتوکاڵ لەکۆڕێکی دەزگای گشتی گەشەپێدانی کشتوکاڵدا ئامادە ئەبێ

بەرێز لطیف نصیف جاسم وەزیری کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵ ئەوەی دووپات کردەوە کە پێوانەی شۆڕش بێوانەی کارو بنیاتنانو تەقەللای بەردەوامە لەپێناوی گەلو نیشتمانداو پالپشتوانی رەوردەوەی شۆڕش بەرەو پێشەوە .

بەرێز لەو کۆڕەدا کەدەزگای گشتی گەشەپێدانی کشتوکاڵ لەبەر روناکی ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆڕشدا سازی کردبو وتی :لەسەرمانە تواناو چالاکیەکانی وەزارەتی کشتوکاڵو چاککردنی کشتوکاڵو دامودەزگاکانی پەرەپێدەمیزو داواشی لەکارگێرانی کەرتی کشتوکاڵ کرد کە تەقەللای زیاتر بدەن بۆ پەرەپێدانی کاری بەرهەمدارو راپەراندنی نەخشەی کشتوکاڵی .

نەخشەی کشتوکاڵ لە ٦٠ ساڵدا

کۆبوونەوەی مەکتەبی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لقی دهۆك

دوێنێ مەکتەبی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لقی دهۆك لەژێر دروشمی پتەوکردنی یەکێتی هۆیەکی کاریگەرە بۆ زیادکردنی بەرهەم هێنان کۆنگرەی خۆجێی خۆی بەست .

لە کردنەوەی ئاهەنگەکەدا بەرێز حکمت حاجی جێگری بارێزگاری دهۆك و هاوڕێ مزهر مطنی ئەمینداری نهێنی

بروانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

مامۆستایانی ناوچەی کوردستان شادمانی خۆیان دەربارەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەربڕن

بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەسەرەتای ئەم مانگەداو بەتەواوی لەبیرەوەری دامەزراندنی سوپای عیراقی ئازادا ، بەزیادکردنی موچەی کەرتێکی زۆری ڕۆنەکانی گەلو چاککردنی باری ژیانیان ، بایەخێکی گەورەی لەناوریزەکانی جەماوەردا هەبوو ، چونکە ئەمبریارانە پەیوەندی ڕاستو خۆیان بەلایەنی ژیانی کەرتەفراوانەکانی جەماوەری گەلە وەهەیە .

کەرتی مامۆستایانیش ، کەرابەری ئەوەی داهاتوی ئەم گەلەن ، بەبریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ دانانی موخەسەساتی پێشەیان هەنگاویکی دڵسۆزانەو بەسەرکردنەوەیەکی مرۆڤایەتی بو نوێنەرەکانی ڕۆژنامەکەمان، لەو گەشتەداکە بەناوچەی کوردستانا کردی ، چاوی بەزمارەیەك لە مامۆستایانی ناوچەکە کەوتو ئەوانیش شادی وکامەرانی خۆیان بەرامبەر بەبریاری سەرکردایەتی دانانی موخەسەساتی پێشەیی بۆ مامۆستایان بەم شێوەیە دەربڕی :

● **بەلقیس عبدالرحمن :**

بەریوەبەری قوتابخانەی « بەرە » لە دهۆك :

ئەم بریارە مەزنەی کە لە ٦ی مانگدا بلاوکرایەوە ، کاریکی گەورەی کردە سەردەرونی جەماوەر ، چونکە دەستی ڕێزیان بو لەکەرتی مامۆستای رابەری ئەوەی داهاتو لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕشەوە وئێمەش بەڵێن ئەدەین کەهەموومان لە ڕادەی ئەرکی سەرشانمانابین بەرامبەر ئەو ئەرکانەی حزبی سەرکردەو شۆڕش بۆی دیاری کردوین .

● **نەزیرە سعید ـ دهۆك :**

لە ناخیدڵەوە سوپاسی حکومەتی شۆڕش ئەکەم کە دڵسۆزانە لای لەئێمەی مامۆستا کردەوەو ئێمەش زیاتر پارێزەری دەستکەوتەکانی گەلەمەزنەکەمان ئەبین .

● **خولە یونس مصطفی ـ دهۆك :**

سوپاس بۆ حکومەتی شۆڕش بەرامبەر ئەم دەستکەوتەو دەستکەوتە مەزنەکانی تر بەسەرکردایەتی باوکی سەرکردە احمد حسن البکر .

● **سیرانۆش یوحنا ئیشۆ : دهۆك :**

سوپاس بۆ سەرکردایەتی سیاسی بەرامبەر ئەم هەنگاوە دڵسۆزانەیەی کە لە جەژنی سوپای مەزندالای لە ئێمەی مامۆستایانیش کردەوە .

● **رحیم علی فرج :**

قوتابخانەی ئاسۆس ـ قەلادزە:

بریارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریاریکی دڵسۆزانە بۆ کاریکی بەسوود بو بۆ ئێمە مامۆستا کە هانمانەدات زیاتر زەنج بدەین بیبی گەیاندنی ئەوەی داهاتو .

● **حسام‌الدین بهاءالدین ـ قەلادزە :**

زۆر سوپاسی حکومەتی شۆڕش ئەکەین بەزیادکردنی موچەی مامۆستایانو لەڕاستیدا ئەم هەنگاوەی سەرکردایەتی سیاسی جێگای شانازیمانە .

● **محمد صالح محمد ـ بەریوەبەری قوتابخانەی شەو ـ قەلادزە :**

هەستی خۆمان بە شادیەوە بەرامبەر بەم بریارەی حکومەتی نیشتمانی دەرئەبڕینو ئێمەش هەرچی لەتوانامانا نابێ بەدڵسۆزی ئەیکەین بۆ چاکتربی گەیاندنی ئەوەی نوێی وڵاتەکەمان .

● **ڕەحمە محمد :**

لە قوتابخانەی قەلادزەی کچان :

ئەم بریارەی سەرکردایەتی شۆڕشمانی ئەوە ئەدات کە قوتابی لەکاتی خوێندن هەوڵی زیاتربدات بچێتە ریزی پیشەی مامۆستاییە وە ، دیسانمانی مامۆستا زیاترئەدات بۆ بەقەڵادانی چاکتر لە پیشەکەیدا .

● **بەروین زوار :**

ئەم بریارە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە تێکڕاییەدا ئەگونجێ کە وڵاتەکەمانی پیا ئەروات .

● **نظیرە شفیق :**

هەمان هەستی خۆشکە مامۆستاکانی ترم هەیەو ئەم بریارە بە هەنگاویکی پیرۆزو دڵسۆزانە ئەزانم .

● **صبریە صابر قادر :**

بریارەکەی حکومەتی نیشتمانی بەدانانی موخەسەساتی پیشەیی مامۆستایان هەنگاویکی پیرۆزەو پێگومان هاندەریکی باشی مامۆستایان ئەبێ بۆ تەقەللای زیاتر لە پێناوی ئەرکە پیرۆزەکەیاندا کە بی‌گەیاندنی ئەوەی داهاتوە .

● **هناء مصطفی توفیق :**

ئەم بریارە هەنگاویکیمەزن بو بۆ ڕێز لێنانی ئەرکی مامۆستایان .

بروانە ل : ٧

هاوبەشی ئافرەت لە شانۆ هاوبەشی نیوەی کۆمەڵە

● **لە چاوی پێکەوتنی هونەرمەندای کوردا ئەمجارە چاومان کەوت بە هونەرمەندو ئەکتەر مامۆستا عبدالقادر مصطفی فتاحو ئەم گفتوگۆیەمان لە گەڵدا کرد .**

● **لە سەرەتادا هونەرمەند دەربارەی ژیانی خۆیو هونەر ووتی .**

★ ساڵی ٩٤٣ لە سلیمانی لە دایك بووموو ساڵی ٩٦٤ بوم بە مامۆستاو ئێستاش بە ئیشوکاری شانۆوە خەریکم لە مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکانی پارێزگای سلیمانیو ئەندامی دەستەی بە ڕێوەبەری کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی سلیمانیم .

هەر لە منالیەوە حەزم لە نواندنو شانۆ کردوەو زۆر جار لاسایی ئەکتەرەکانی سینەمام کردۆتەوە ساڵی ٩٥٦ بۆ یەکەمجار لە سەر شانۆی ئامادەیی سلیمانی بەسەر شانۆ بووموو ئیتر چونکە تیپی هونەریو دەنگوباسی هونەری شانۆ لە شارەکەدا پەرەی نەسەند بوو ماوەم نەبوو ئاواتەکانی دورو نزیکم بهێنمە دیو خزمەتی شانۆی کوردی بکەم .

● **لێرەدا دەربارەی بەرهەمەکانی ئەڵێ :**

★ دوای ساڵی ٩٧٠ تا رادەیەك دەرفەتمان بۆ کرایەوە بۆ چالاکی نواندنو پێشکەش کردنی بەرهەمو ئیتر لەگەڵ مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکانی سلیمانیدا هاوبەشیم کردو ـ گەڵی بەرهەممان پێشکەش کرد وەکو (شانۆگەری پەیکەر ، قصە التاخی ، الاضراب ، وسقطت کل الاقنعە)و گەڵی چیرۆکیشم دەر هێناوە بۆ سەر شانۆو تەلەفزیۆن . لە بەرهەمەکانی کۆمەڵو هونەری وێژەی کوردی مەڵبەندی گشتی سلیمانیدا هەر هاوبەشیم کردوەو گەڵی بەرهەممان تۆمار کردوە بۆ تەلەفزیۆنی گەرکوك وەکو شانۆگەری (کاروانی خەبات ، جدار خوازبێنی ، هەڵەی دکتور ، مرۆڤ وزەوی ، گریان ، ژیان) و گەڵی بەرهەمی تریش کە لە بۆنەو جەژنەکاندا پێشکەش کراون ..

● **دەربارەی شانۆی کوردی ئەمڕۆ ووتی .**

★ لەگەڵ ئەوەشدا کە شانۆی کوردی کادری شارەزای کەمەو هەر جێگای شانازیە کە بەگوێرەی توانای تایبەتی خۆی هەنگاوی پێش کەوتنی هەڵ ناوەو هونەرمەندای دڵسۆز بە هونەری نەتەوی کورد قۆڵی هەوڵیان لێ هەڵ کردوەو لە پێش خستنو بردەو پێدانیدا درێغیان نەکردوەو بە تەمای باشە ڕۆژێکی یەکجار روناکین چونکە سروشتی ناوچەو کۆمەڵایەتی گەلی کوردمان خۆی لە خویدا لە بارە بۆ پێشکەوتن .

● **لێرەدا وەڵامی پرسیاری پێشوی بەڕێو دەستی کرد بە گلەیی کردن لە بەختی شانۆ .**

★ ناشوکری ناڵێم هەر لە دەقی شانۆ گەریەکانەوە هەتا ئەکتەرەکان گەلی گیروگرفتمان هەیەو لە پێش هەموویانەوە ئەوەیە کە خوشکانمان هاوبەشیمان ناکەنو ئامادە نین هاوبەشی هونەری شانۆ بکەن کە هاوبەشی ئافرەتان لە شانۆدا هاوبەشی نیوەی کۆمەڵەو اللهمە یەکێك یان دوان نەبێ کە ئەوانیش گەلی گیروگرفتی تایبەتیان هەیە لە شارەکەماندا قوتابخانەی فیربوونو شانۆو تاقیگامان نیەو هۆی هاندەریش لە ناو کۆمەڵدا کەمەو گەلێ شتی تریش بەڵام پشت بە خوا گوێ نادەینە گیروگرفتو هەر پێش ئەکەوینو ئەگەین بە ئاواتمان چونکە ئەوە ئەکەوێتە سەر شانو هەوڵی هونەرمەندانی دڵسۆز بە هونەری کورد .

● **ئەی لەدوا ووتەدا ئەڵێی چیو نیازت چیە ؟**

★ هیوادارم شانۆی کوردیش وەکو شانۆی گەلە پێش کەوتوەکانیتر دەوری مامۆستایی خۆی ببینێ بۆ هۆشیار کردنەوەی جەماوەر لە دەردو نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکانیو گۆشیان بکات بە باشترین ڕۆشنبیری پێشکەوتن خوازو بە هۆی شانۆوە نەتەوەکەی خۆم بناسێنم بە نەتەوە پێش کەوتوەکانی جیهانو چاوەروانی دەستخامەی نوسەرانو هەوڵوتەقەلای هونەرمەندانم .

سوپاس بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری خۆشەویست کە تەنها لایەنی چاپەمەنی کوردیە وا بەتەنگ هونەرو هونەرمەندانی کوردەوە .

کتێبی هاوکاری

صدام حسین
خەباتمانو سیاسەتی نێودەوڵەتان

من بە نەفی وەڵامی ئەم پرسیارە ئەدەمەوە ، چونکە لەوەپێش ئەوە تێگەیشتن کە ئیستا تێی گەیشتون ، بەڵام کەرەستەی نوێ کوڕاوە ، عەرەب ئیستا پێداویستەکانی هیز خستنە سەر ئەو وڵاتانەی بەدەستەوەیە ، بەوشێوەیەی وایان لێ بکات ئەو تێگەشتنە ئاشکرا بکەن کە لەوەپێش ڕەفزیان ئەکرد ، یان خۆیان لەتێگەشتنو ئاشکراکردنی گێل ئەکرد ، کەواتە ، کاتێ عەرەب قودرەی گەورەی هیز خستنە سەری ئەبێ ، ئایا وای‌لێ‌نایەت وردتر لەوە بکەن کە لەوەپێش تێگەیشتنیان ڕەفز ئەکرد ؟ بەڵی ، تێ‌ئەگەن ، دەزبرینی ئەو تێگەیشتنەش لەسیاسەتەکاندا تاسیری گەورەی ئەبێ لە ڕێ‌ڕەوی نویدا بۆ سوودی عەرەب .

لێرەدا ئەوەستینو ئەچینە سەر مەسەلەیەکی موازی بە بزوتنەوەکە لەگەڵ ئەم پیاچونەوەیەی بە باری دەوڵەتاندا کردمان .

ئێمە وەك عەرەب ، توانای ئەوەمان هەیە بەشداری لە دروستکردنی ئیتجاهی سیاسەتی دوەلی سوفیەتدا بکەین ، توانای ئەوەشمان هەیە بەشداری لە دروستکردنی سیاسەتی دوەلی ئەمەریکادا بکەین .

ستراتیجیەتی ئەمەریکا بەسەر هەموو سەرزەمیندا بلاوبۆتەوە ، ئەك تەنیا بەشێکی ، چاوی لەوەشەوەیە کە هەموو جیهان بەرەو ئەو ئیتجاهە بکوڕی ئەو بیری لێ ئەکاتەوە ، دیسان ستراتیجیەتی سۆفیەت کە بەهەموو سەرزەمیندا بلاوبۆتەوە ، چاوی لەوەوەیە دنیا باوەڕی بەوە ببێو کار بەوباوەڕەوە بکات کە سوفیەت لەپێناویا کار ئەکات ، ئیستاش ئەمەریکاو یەکیتی سوفیەت هەردوو دەوڵەتی گەورەن لەجیهانا . بەڵام وای بۆ ئەچم ئەمە دوای ماوەیەك هەروا بەردەوام نەبێ ، ئەگەر لەمیژوو کۆڵاینەوە ئەبینن هەمیشە هەموو دەوڵەتێکی گەورەو مەزنی ئەگاتە قۆناغێکی بەهێزیو دواپی خەتی بەیانی بەرەو خوار ئەبێتەوە ، جا من باوەڕم بەم لیکدانەوەیە هەیە ، بەڵام ئەمە موزوعەکەمان نیە ، لەبەر ئەوە لەسەرمانە لەم حالەوە بەرینەوە بۆ تێگەیشتنی واقعی مانای توافقی دەوڵی ، یان ئەوەی بەسیاسەتی پێکەوە گونجاندن ناوئەبرێ ، وەیکەوە گونجاندن ، یان پێکەوە هەڵکردن ، حالەتێکی سیاسی‌یە لەگونجاندنی چاوەنواریو ستراتیجیەتی هەرلایەك بەرامبەر لایەنەکەی بەرامبەری ، بەمجۆرە لەپێکەوە هەڵکردن ئەگەین ، ئەك بەوجۆرەی کە دوای هاتنی زۆران بازی ئێوان سوفیەتو ئەمەریکا بێ ، ئەو شێوازەی بێ‌ی ئەوتری دابەش‌کردنی دەسەڵات ، شێوازی ڕێکەوتن نیە لەسەر ڕێکەوتن بۆ دابەش‌کردنی ئەندازیاری کوڕەی ئەرز ، وەك ئەوەی نوێنەری سوفیەت دابنیشێ‌لەگەڵ نوێنەری ئەمەریکاو بڵێن ئەم پانایە بۆ منو ئەوەی تریان بۆ ئێوە ، ئەمە تێ گەشتنی ناراستی سیاسەتی پێکەوەهەڵکردنی دەوڵەتانو شیوازی گونجانە . ئەوەی لەسیاسەتی پێکەوە هەڵکردندا هەڵس‌وکەوتی پێ‌ئەکرێ ، بۆچونی تایبەتیە بەرامبەر هویەکانی هیزو کارتێ‌کردن ، جا لەسەر ئەم‌ئەساسە پانایی سوفیەت لەکارتێکردندا گەورەیان بچوك ئەبێ ، یان پانایی ئەمەریکا لەکارتێ‌کردنا گەورە یان بچوك ئەبێ ، تێ‌گەیشتن لەمشێوازە بەهەست‌کردن دەرئەبرێ‌و لەماوە مەعلوماتەوە یان هەندێ جار بەقسەی ڕاستەوخۆ ، هەروەها کار ئەکاتە سەر ئیتجاهاتی بزوتنەوەو هۆ مەرکەزیو ستراتیجیە ئەساسیەکانی ، لەڕێگای قودرەی ئابوریەوە یان کارتێ‌کردنی دیبلوماسیو قودرەی عەسکەری لە پارێزگاری‌کردنی موازەنەی هیزە سیاسی‌یەکاندا لەم شوێنە یان لە شوێنێکی ترداو لەسەر ڕووی هەموو جیهان .

کەواتە ، پانایی ستراتیجیەتی سوفیەت بەکارتێ‌کردنی دژوار بۆ سەر ئەمەریکا فراوان ئەبێ ، هەرکاتێ دۆستی تازەیان لەجیهاندا دەست‌کەوت ، واتە یەکێ لە هۆ کارتێ‌کەرەکان کەسب‌کردنی دۆستە بۆ سەرکەوتن بەسەر هیزو شێوازی زۆران بازیەکەدا لەجیاتی خۆی ، یان بەهیزکردنی ئیحتیات بۆ مەبەستی کوتوبڕو دیاری‌کراو یان تێکڕایی ، هەروەهاش بەنیسبەت ئەمەریکاوە ، بەڵام هەندێ‌جار ، لەهەندێ شوێنی جیهاندا گلۆبی سوور دائەگیرسێ ، کە هەڕەشە ئەکات یان ئەم لایەن یان ئەو لایەن وریا ئەکاتەوە ، واتە کاتێ سوفیەت هیز ئەخەنە سەر شوێنێ لەرۆژ هەڵاتی ناوەڕاستداو « پارچەیەك » دەست ئەخەنیو ئەیخەنە دەرەو دەسەڵاتو کارتێ کردنی ئەمەریکا لە چوارچێوەی ئەم تێ‌گەیشتنەدا ، هەتا ئەگەر ئەو پانایە زەویش‌بێ ، لەناحیەی کاری واقعیەوە ، سەر بە سوفیەت نەبێ ، بەڵام هەر بەتەنیا دەرخستنی لەدەرەوەی چوارچێوەی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکاندا ، بە مەکسەبی خۆیانی ئەزانن ، دیسان ئەمەریکاییەکانیش وای ئەزانن‌و ئەنجامی وا بە قۆناغێکی کاری سیاسی ئەزانن ، بەڵام قۆناغی دووەم ئەوەیە کە سوفیەت هەوڵی ئەوە ئەدەن ئەو ئەرزە « بی لایەنیە » بکەوێتە ژێر تاسیری توانایانەوەو ڕێگایەکی تری بێ لەمە نیە ، ئەمەریکاش بەمجۆرەو سوفیەتیش هەروەها لەناوچەکانی جیهاندا هەڵئەسوڕین .

ـ ماوەیەتی ـ

دوانێك لەگەڵ بەڕێوەبەری مەڵبەندی پاراستنی تەندروستی لە هەولێر

لە ڕۆژی ١ـ٨ـ١٩٧٧ مەڵبەندێکی تازەی تەندروستی لە هەولێر کرایەوە سەر بە ئەمینداریتی گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی‌یە لەم مەڵبەندەدا خزمەتێکی فراوانی تەندروستی پێشکەشی بە هاوڵاتیان ئەکات . بۆ ئەوەی زیاتر لە کاروباری ئەم مەڵبەندە تازەیە بکەین چاومان بە دکتور « عدنان یاسین الاسعدی » کەوتو لێمان پرسی .

● **بۆ ئەم مەڵبەندە کرایەوە ؟**

ـ ئەم مەڵبەندە کرایەوە بۆ ئەوەی لایەنی پاراستن تەندروستی لە هەولێر تەواو بێت چونکە هەتا ئیستا مەڵبەندێکی وەها نەبوو کە ئیشو کایی ئەم مەڵبەندە بسورێنێت .

● **ئەم مەڵبەندە لە چەند بەشی پێك هاتووەو ئەرکەکانیان چی‌یە ؟**

ـ ئەم مەڵبەندە لە پزیشکی تەندروستی قوتابخانەکان

پزیشکی نەخۆشیەکانی « متوطنە »

پزیشکی تەندروستی ناو شار

پزیشکی نەخۆشیەکانی چاو

مەڵبەندی پاراستن دایکایەتیو منال

مەڵبەندی ئامادەکردنی خواردن

ئەم بەشانە هەمووی پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە وئەرکی سەرەکیشیان پاراستن تەندروستی‌یە ئەرکی دووەمیان چارەسەرکردنی تەندروستی وەسەبارەت بە جۆری ئیشی ئەم بەشانە دکتور عدنان ووتی :

هەر بەشێك لەم بەشانە دەوری تایبەتی خۆی هەیە بە نسبەت پزیشکی تەندروستی قوتابخانەکان پاراستنو چارەسەر وە پزیشکی تەندروستی ناو شار چاو دێری باکو خاوین ناو بازاری کەرتۆتە ئەستۆ .

هەروەها مەڵبەندی پاراستن دایکایەتیو منال چارەسەری نەخۆشیەکانی منالو دایکە سك پڕەکان ئەکات . وەسەبارەت بە مەڵبەندی ئامادە کردنی خواردن ، ئەم مەڵبەندە خواردەمەنی ئەداتە ئەو منالانەی کەوا پیوانەیان لە ئاسایی کەمترە . وەپزیشکی نەخۆشیەکانی چاو ، نەخۆشیەکانی چاو چارەسەر ئەکات بە تایبەتی نەخۆشی تراخۆما پزیشکی نەخۆشیەکانی نیشتەجێ جۆرەها نەخۆشی چارەسەر ئەکات وەکو ملاریا وبلهارزیا ... هتد .

● **ئەی باشە ئایا ئێوە کارێکی وا لەگەڵ شارەوانی ئەکەن بۆ پاراستنی تەندروستی ناو شار ؟**

ـ لەم بارەوە بەردەوام کۆ بوونەوەمان لەگەڵ شارەوانی هەیەو بە چەند ڕێگایێ ئەم بارە چارەسەر ئەکەین لەوانە ئەگەر یەکێ لە دوکاندارەکان لە سەر سەرجەکانی تەندروستی نەرۆیشتبوو پێشکەش دادگای ئەکەین وەیا دوکانەکەی بۆ ماوەیێکی دیاری کراو دائەخەین تا وەکو سەرجەکانی تەندروستی تەواو ئەکات .

● **چون سەرکەوتنی ئەم مەڵبەندە بەدی ئەخەی ؟**

ـ ئەم مەڵبەندە هەر چەند ماوەیێکی کورتە کراوەتەوە بەڵام تا ڕادەیێکی زۆر ئەرکی خۆی هێناوەتە دی ئەوەشی لەو خزمەتانەی کە پێشکەشی قوتابخانەکان ئەکەنو لەو ژمارەی دوکانە داخراوەکیانو لە زیاد بوونی نەخۆشەکانو لە زیاد بوونی کادری پزیشکی‌دا بەدی ئەخەین .

● **ئەی نیازی پێشخستنی ئەم مەڵبەندەتان هەیە ؟**

ـ بێ‌گومان ئێمە بەردەوامین بۆ پێشخستنی ئەم مەڵبەندە هەر لەبەر ئەوە خولی ڕۆشنبیرمان هەیە

پ٠ هاوکاری

بروانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

ئاوڕدانەوەیەک

لە کۆمەڵە شیعرێکی ڕووسەکی نەدیودا

د. شوکریە ڕەسوول

کۆمەڵی ئەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٧٥ی کردبوو بەساڵی ئافرەتان ، ساڵی خەبات لەهەموو جیهاندا لەپێناوی هاوسانیی پیاوو ئافرەتدا ،لەهەموو مافە ئینسانییەکاندا ئەوە نیشانەی ئەوەکەلێنینەگەورەیە بوو کە هێشتا لە بەشێکی زۆر لەوولاتانی جیهاندا ، کەمو زۆر ، لەنێوان پلەی کۆمەلایەنەی پیاوو ئافرەتدا ماوەو ، بەڵگەی ئەو زۆرو ئەشکەنجەیە بوو کە ئافرەت ئێستاش لە زۆر وڵاتدا لە ژێر بارو نیلەیدا دەناڵێنێ .

کۆمەڵگای کوردەواریی ئێمەیش یەکێك بوو ، ئێستاش هەر یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی ئەو مەبەستەی کۆمەڵی ئەتەوە یەکگرتووەکان دەیانگرێتەوە .

لە کوردستاندا لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو کۆڕو کۆمەڵە سیاسیو کۆمەلایەتییە نیشتمانیەڕوەزەکان هەوڵ ئەدەن بۆئەوەی هیچ نەبێ کەلەبەری نێوان ڕادەی مافی پیاوو ژن کەمبکرێتەوەو ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژنان خۆیشیان تا ڕادەیەکی باش هاتوونەتە کۆڕی خەباتەوە بۆ ئەم مەبەستەو ، ئێستا دەبینین هەزاران ئافرەتی کرێکار لەکارگاکاندا کاردەکەنو کچ لەزانکۆو قوتابخانەکاندا دەخوێنێو صەدان مامۆستاو پزیشکو کاربەدەست لەناو ئافرەتاندا هەلکەوتووە ، هێشتا باری ستەمی کۆمەلایەتی بەسەر شانی ئافرەتەوە تێکرا لانەچووە . ئافرەتان سەرەڕای ئەو هەموو کۆتو زنجیرەی وەك هاووڵاتو هاونیشتمان بەستوونیەتەوە ، کۆتێکی قورسی سەرباری تریشیان لەدەستایە ، زنجیرێکی تری تایبەتیشیان لە بنەدایە ، تەنافێکی هەر بۆ ئەوان هۆنراوەشیان لە ملدایە کە ئەوەتە ژنو ، ژنیش بەپێی گەلێ نەریتو دابی دەوڵەتیو خۆماڵیو ئایینی ئەبێ لەزۆر مافی ئینسانی بێبەش بن .

بەڵام جیهان هەربەرەو پێشەوە دەڕوات و هەناسە لەباش هەناسە زمارەی خولەکانی ڕەوڕەوەی مێزوو بەرەو پێشەوە زیاتر دەبێ . ئەم چەرخە چەرخی دەستبردنی ئادەمیزادە بۆ ئاسمانو ئەستێرەکان .. چەرخی گەڕانە بەو بۆشاییە بێڕادەو بێ سنوورەدا کەپێی دەڵێن (فەزای نەبڕاوە) .. چەرخی بیناکردنی سۆشیالیزمو گۆڕکردنی هەمیشەیی ئیمپریالیزمو کەپیتالیزمە ... چەرخی ئەدەبی ڕیالیستییە کە باری زیان پیشانی مرۆڤ دەداو ڕێگای خەباتیش بۆ باشتر کردنی هەموو سەرێکی ژیان پیشان دەدا .. چەرخی کە وابێ . بێگومان مژدەی ئازادیی ئامرەنیش بەدەمەوەیەو سنگی ژنانیش بەگوڵاڵەی سووری سەربەستی بڕازێنێتەوەو بۆنی گوڵاوی هاوسانی بدا بە دەماخیاندا ..

لەوانەیە خوێنەوارانی کورد ئەوانەیان کە هەر ئامێلکەیەك بەزمانە ئازیزەکەیان دەکەونتە بازاڕەوە ، دەس بەجێ پاروویەك لەدەمی خۆیانو ماڵو منداڵیان ئەگرنەوەو ئەو نامیلکەیەی بێدەکرن، لەوانەیە ئەوانە کۆمەڵە شیعری کیژۆلەی کورد (ئەرخەوان) یان خوێندبێتەوە کە لە ١٩٧٢دا بڵاوبوەوەو مامۆستا کامەران موکری پێشەکیی بۆ نووسیبوو ... (خۆشەویست)ی ئەوکیژە کوردە کەبریتیبوو لە کۆمەڵە شیعرێکی نیشتمان پەروەریو نەتەوەییو غەزەلو کۆمەلایەنی لە ٩٢ لاپەڕەدا ، بەداخەوە لە لەئشاوی ڕووداوی ڕۆژانەی ئەو سەردەمەدا لەوەندە زیاتری پێنەبرا کە کاك ڕەئووف حەسەن لەڕۆژنامەی (برایەتی) ڕۆژی ٢٣ـ١١ـ١٩٧٢ دا لەسەری نووسیو ئیتر ئاوبێنەو دەست بشۆ .. ساڵی ڕابووردوویش نازانم چۆن کەوتبووە بەرچاوی کاك لەتیف هەلمەت ، چەند دێڕێکی لە ژمارەی ٣ـ٢ـ١٩٧٧ی ڕۆژنامەی (العراق) دا بەعەرەبی لەسەر بڵاوکردەوە لەگەڵ وەرگێڕانی چەند پارچەیەکیدا .

مەبەستم لەباس کردنی ئەم دوو ووتارە ئەوەتە (ئەرخەوان) تان پێ بناسێنمەوە لەکۆمەڵە شیعرێکی تازەیدا ، هەرچەند تا ئێستا وابووە بەداب بەزهەم پاش بڵاوبوونەوەی لەسەری بنووسرێ .

ئەم شیعرە تازانەی ئەرخەوان چ لەبارەی بابەتەوە لە شیعرەکانی پێشووی جیان ، ئەگەر لەبارەی تەکنیکەوە شیعرەکانی (خۆشەویست)ی شەقڵی کەمیی کولتووری گشتییان تاڕادەیەك پێوە دیاربووبێو ساکاریەکیان نیا بەدی کرابێ ، ئەم جوار پێنج ساڵەی لەووەختەوە تێپەڕیون ، لەگەڵ بەردەوامیو خەستبوونەوەی ئازارو ژانسدا ..

لەگەڵ هەڵگوستنی سەروبڕیشدا لەسەر چاوەکانی کەلتوورو ڕۆشن بیری (ئەرخەوان مامۆستای سەرەنایی‌یە) بەسن بۆ ئەوە کە هەنگاوێکی باش بنێ بەرەو ئەوەی شیعرەکانی لەجاران باشتر دابرێژێ . ئەم کۆمەڵە شیعرەی هەموو سکاڵای ژانی دەروونی خوینی .. هەموو دەنگی نارەزایین لەوجیهانە زاڵمو ستەمکارەی ئافرەتی لەمافی ژیانی ڕاستەقینە بێبەش کردووەو ئەمیش بەر ئەو قانوونە نارەوایەی خوی خستووە .

بروانە ل : ٧

تۆڵەو هەستێکی نارەسەن

هەموو شتێك چزوی هەڵویستێکی بە چاوەکانیا دەچەقاند ، گومانو دوودڵی باڵی بەسەر هەموو بیرکردنەوەیەکیا کێشابوو .

« بارەیەکی یەجکار زۆرم لێخەرج کردووە ، تابڵێی شۆخە ، وەکو دبارە خۆشی دەوێم ، بەڵام بڕوا قاتی‌یە ، ویژدان مەیدانی نارەحەتی‌یە ، دڵ مەڵبەندی پیسی‌یە ، هەناسە دیلی دەستی ئاخە ، ئاخیش خەنجەرێکی پرندەیە .. »

دڵ ئاوێنەی دڵە .. هەوڵی دەدا ئەمبیرانە لەمێشکی دەربهێنێ .. زۆر جاریش لێیان دوور دەکەوتەوەو ڕووی دەکردە لایەکی تری ، لەپڕ لووتی دەتەقی بە سنووری قەڵا قایمەکەی لۆمەی خەلکی لە ئازاری قەبر گرانترە .. دیسانەوە لەگەڵ بیرەکانیا دەتلایەوە .. دوور دەکەوتەوە ، تووڕە دەبوو ..

لەگەڵ یەکەم چاو پێکەوتنیا ، کسپەی تاوانێکی لە جگەر بەردا .. تاوان ؟ هەموو ڕایەڵ بەندەکان ڕێگای بینیان لێنەبەستەوە .

« شەو قەڵای مێردانە ، هەندێ کاریش هەن ، هەر بەتایبەکاری لەشەوا ئەنجام دەدرێن ، خۆمی پێدەگەیەنم ، نۆبەرەی ماچی بەرەمەی ئەمشەوی ئەبێ من بیخۆم » . ترس هەڕەشەی ئاشکرابوونی لێدەکرد . « بەڵام مەرجبێ ئەبەلم بەکیژی زاتما هەڵگەڕێ » .

لەکاتێکا سیپالی ئەمبیرانەی لەسەر تەنافی خەیاڵدا هەڵدەخست گوێ قولاغ بووەوە .. خشپەیەك دڵی داخوریان خوێنی ترسو بڕوا نەکردن زایبە دەمەوچاوی . نەرمە کۆکەیەك ئەنجامی هاوکێشە ئاڵۆزەکەی پلانەکانی ئەو ڕۆژەی لەسەر تابڵۆی دەمو لێوەکە نەخشاندو پەیمانی تێکەڵ بوونیان مۆرکرد .

هەندێ پرسیار لە پەراوێزی ماچەکانی دوای ئۆخەیدا دەمی تێرنەبوونیان دەلستەوە .. خۆیان کرد بەژێر تۆپەلە هەناسەیەکی لەدەست دەرچوونا

ـ پەلیکدانەوەی خۆی ـ ووتی :

ـ مێردەکەت لەکوێیە ؟

ـ لەنەخۆشخانەیە ..

تاسێك بردیەوە « لەدەست دەرچوون شتێکی ناخۆشە ، بەڵام ئەم ناخۆشی‌یە باجی گەیشتنە ڕاستی‌یە ، بابیدەم »

ـ بۆ ؟

گەردەلوولی هەناسەیەکی نامرادی لەبیابانی گومڕاهی‌دا ئەم وەڵامەی پێچایەوە .

ـ ڕەنگە لەمەراقایێ ، بەزەیبیشم پیدا دێتەوە !!

پڕ بە هەموو گیانی گۆیکەی مەمکی ماچێکی تری مژی ، مژی .. مژی ... شیلەی تام بەسەرتاپایا هاتەخوارێ .

ـ ڕاستی؟

ژانی حەزە لەبار چووێتراوەکەی وەڵامێکی گەلەك مەزنتری تیدا بوو . هەڵی‌بڕێژێ یان نا ؟! ڕەنگی هەگبەکە ئەوەی دەسەڵماند کە پارە هەرگیز تەلاری بەختەوەری دروست ناکات ..

● حمە کریم عارف ●
دهۆك

لەڕێگەدا

سیروان بکر سامی

لەمنالیدا لەگەڵ ئەو کۆمەڵانەدا بو کە ئەهاتنو ئەچون .. لە نێوان ئەو ڕێیەی کە گوندەکەیان بەشارەوە ئەبەستێ لەدایك بو .. لە بێستانێکی نزیك ڕێگەکەدا دایکی نەبێ کەسی لەگەڵدا نەبو .. لەو ساتەوە دەستی لە ڕاکردن هەڵنەگرتوە .. تەمەنی هەر ساڵێك ئەبو کە فیری ڕۆشتن بو ئەمە بە مانگی پێش ئەوە کە خۆشیان بوێ .. دوای ئەوەی کە تەمەنی لەساڵ تێپەڕی فێری ئەوە بو خێرا بڕوات .. لە کێڵگا لەگەڵ باوکیا ئەبیڕاو دوایی لەگەڵ دایکیا ئەگەڕایەوە کە هەر را ئەکات ..

لەگوندەکەوە چوە شارو لە بۆلێکەوە بۆ پۆلێکی‌تر مەنگاوی خێراتری ئەنا .. لە خویندنەوەدا لە زانیندا لە هەمو شتێکدا هەر ڕایئەکرد تا ئەو ڕۆژەی کە ئەبو هەمو ڕۆژێك بۆ تەواو کردنی خوێندنی قوتابخانەی ناوەندی لە گوندەوە بێت بۆ شار .. هەر ڕوەها هەمیشە خێرا ڕایئەکرد .. ساڵان تێپەڕینو ئەو هەر را ئەکات .. لە شارە گەورەکەدا .. فیری جگەرەکێشانو ڕۆژکردنەوە بو .. لە زانکۆ دەرچو .. لە شوێنکەوتنی کتێب بونەوەو ناڕەحەتی لەگەڵ دوکەڵو ڕۆژکردنەوەدا دەستپێکرد . لەو کارەی کە شوین کەوتن بوو خۆی پێوەگرتبو دەستی هەڵنەگرت .. لەپشت هەردوکیانەوە بە هەموو خێراییەك .. خیراتر لە هەمو شوین ..

باوکی خیرا مردو دایکیشی هەرمرد .. لە گوندەکەدا هیچی بۆ نەمایەوە خانویەکی بچکۆلەو کێڵگەیەکی خنجیلانە ئەبێ ..

لە قوژشتیاندا دەستو بردی‌کرد ..

هێشتا لە زانکۆدا بو خۆشی ئەویست .. ئاواتی هەرەگەورەی ئەوە بو کە پێی بکات .. بەڵام ئەو هەستی بەم گەرمو گوریە نەئەکرد ...

دوای ئەوەی کە لە بەرێوەبەریتیەك لە یەکێ لە ناحیە دورەکانی دور لە خۆشەویستەکەی کاری پێدرا .. دەستوبرد گەرایەوە بۆ لایو گیرفانی پارەی میراتەکەی کرد بۆ باوەشیو سوربو لە سەر ئەوەی گورج ژن بهێنێ ...

زو کەوتە شوێنی .. برای کچەی بینیو دوایی چاویشی بەباوکی کەوت ... دوایی .. خۆشی دی ..

ڕۆژگار ڕۆییو .. ئەویش بەدوای هیوادا ئەروات .. کچەکە قایل بو ...

حمید ژنی هێناو خێرا گواستیانەوە بۆ شار ..

گورج ژنەکەی چوار منداڵی بو ..

حمیدیش خێرا ڕوی‌ئەکردە دەروازەی چل ساڵی تەمەنی ..

ڕۆژی زوو ... خۆی لە لێفەکەی هەڵکێشا .. بەڵام دوای چەند کات زەحمەتی ڕابەری‌هەستی بەئازارێکو تەنگەنەفەسی ئەکرد ..

تا هێزی تیابو هاواری‌کرد .. دایکی احمد لە خەو هەڵساو داوای ئیسعافی کرد دەست بەجی دوبارە حمید لە خەستەخانە بینرا ..

دو ڕۆژ مایەوە بو بە سێ ئەخێر بەچوار بو بەدە گەرایەوە ماڵی بەڵام خاوتر بو بووەوە .. هەرگیز خێرا نەبو .

لە هاتنو چونا هەنگاوەکانی هێواش بو .. پیر بو .. لە گەڵ ئەوەی کە تاڵی سپی سەریان ماندو کردبو لە لای دانیشتوانی گوندەکەی هەر خۆشەویست بو ڕۆژێك باش ئەوەی گەرایەوە سەرنەریتی کۆنی ئەو ڕۆژە هەموی بەشوین ئامادەکردنی کارویاری ماڵدا هەڵداوا نی بو چونکە کچە گەورەکەی شو ئەکات ... لەهۆشی خۆی چو ..

ـ ئەبێت بروات .. لەوێ عەملیاتی ئەکەن ..

ـ بەڵام ئەوە لێرەدا نیە بکرێت

ـ ئامۆژگاریمان ئەوەیە . باشتر وایە لەوێ بکرێت ..

گورج بەرێوەبەرێتیەکەی کە وا لاوی تیا کەیاندە پیری یارمەتیاندا .

کورەکانی .. برادەرەکانی .. یارمەتیاندا

لەبیری نەچو ماڵئاوایی گشتیان بکات ..

خێرا لەماڵێکەوە بۆ ماڵێکی‌تر .. تا سەری لە کوندە بچکۆلەکەش دا .. بۆ ئەوەی ماڵئاوایی لەخزمو دۆستەکانی بکات ..

سەری لەگۆری باوکی‌دا ..

چوە ئەو بێستانەشەوە کە تیا لەدایکبوو .. بەناویەوە ناو نرا ..

لەسەر کەوتنە سەرفرۆکەکەدا لە بیری نەچو کە ماچی هەموان بکات خێرا ڕوی کردە فرۆکە ..

هیندەی نەخایان فرۆکە کەوتە ئاسمان .. کاتێك لە فریندا فرۆکەکە ویستی فرینەکەی ڕاستکاتەوە .. بەرەو زەوی شۆڕبوەوەو کەوت .. سوتاحمیدیان نەدۆزیەوە ..

هەمو شتێك خێرا .. کۆتایی هات ..

دوای ڕۆژێك .. ئای کە جێی سەرسوڕمانە وێنەیەکی حمیدیان دۆزیەوە کە لەگەڵ ژنو کچەکانیا گرتبوی‌و لەنزیك پارچەکانی فرۆکەکەوە لە بێستانێکا فرێدرابو ..

●کامل عبدالله مفتی●

کاك ئەریمان بۆوا ئەڵێ ؟

کە ڕۆژنامەی هاوکاری‌ژمارەی (٤٠٨) ڕۆژی ٩ـ١ـ١٩٧٨ م خوێندەوە ،گەلێك باس‌و بابەت‌و شیعرو لێکۆڵینەوەو نووسینی هەمەجۆرەی بە کەڵکی تیا بوو ، جگە لەو باسانەی کە تایبەتی‌لە بارەی بیرەوەری هەشتەم ساڵەی ڕۆژنامەکەوە بوو ،ئەوەی کە لە بواری زمانەوانی‌و زماندا سەرنجی‌ڕاکێشام شێوە بیبلوگرافیایەك بوو لە لاپەڕە (٣)دا کە ئەریمان ناوێك نوسیبوی .. ئەگەر بە وردی سەرنجی‌شێوەی زمانەوانی ئەو نوسینە بدرێ ئەوە دەرئەکەوێ کە هەڵەکانی بەرامبەر بە ڕاستەکانی ئەبێ .. ئینجابە پێی ڕێبازی سەربەستی نوسین لە ڕۆژنامەی هاوکاری‌خۆشەویستدا ـ کە لە سەرەتای دەرچونیەوە ئەورێبازەی گرتوەو تا ئێستاش لە سەری ئەڕوات ـ ئەمەوێ‌ئەم چەند تێبینیە وردانەم بۆ هەمو خوێنەرانی بەرێزودۆستەکانی زمانو کاکە ئەریمان دەر ببڕم ، بۆئەوەی خوێنەران چێژی لێوەر بگرنو دۆستەکانی زمان‌زیاتر شارەزای ڕێبازی زمان ببنو کاکە ئەریمانیش‌لە نوسینەکانی داهاتویدا ـ ئەگەر نوسی ـ ئەمەم‌هەلانە دوبارە نەکاتەوە .

١ ـ بەر لە هەمو شتێك ناونیشانی باسەکە هەڵەیە کە کاکە ئەریمان نوسیوێتی « بەرهەمی کوردی لە ساڵی ١٩٧٧ دا » .. ئەم ناونیشانە تەنیا بەرهەمی ئەدەبی ناگرێتەوە ، چونکە کە وتمان بەرهەمی کوردی مانای هەمو ئەو شتانەیە کە کورد ئەیهێنێتە بەرهەم ، ئەمە بە زۆری « توتن ، دانەوێڵە ، گەزۆ ، کەلو پەلی فۆلکلۆری ڕستراو ، دیزەو گۆزە ، مازو ... تاد » ئەمانە ئەگرێتەوە ،

ئەبوا کاکە ئەریمان بینوسیبایە «بەرهەمی ئەدەبی کوردی ..» یان « بەرهەمی چاپکراوی کوردی ... » وەیان شتێکی بەمجۆرەی دەستنیشان بکردایە کە ئاشکرای کردبایە جۆری ئەو بەرهەمە چیە ..

٢ ـ لە لایەکی ترەوە لە نووسینەکەیا لە دێڕی «٢٩»یدا لە جیاتی وشەی « لاپەڕە » نوسیویە « قەوارە » .. ناتوانین ئەمەیان کتو مت بە هەڵەی چاپی دابنێین چونکە ڕوخساری نوسینی وشەکان زۆر لە یەکترەوە دورن ..

٣ ـ کاکە ئەریمان لە شێوەی نوسینەکەیا شوێن ڕێچکەی ئەو نوسەرە لاوە تازە بێگەیشتوانە کەوتوە کەهێشتا زمانیان لەبواری زمانەوانی کوردیدا لاوازە وەکو لە زۆر جێگاوە نوسیوێتی « لێکۆڵینەوەی فلان » یان « وەرگێڕانی فلان » یان « ئامادە کردنی فلان » .. کە ئەم شێوە نوسینە هەرچەند هەندێك لە نوسەرو لاوە تازە پێگەیشتووەکان لە سەرەتای قەڵەم بە دەست گرتنیانەوە تاکو ڕا دێن بەمجۆرە ئەنووسن .. بەڵام ئەمە لە زمانی ڕەسەنی کوردیدا هەڵەیەو بۆ ئەوە ناشێ کەس بەمجۆرە بنوسێ .. بۆ نمونە وەکو ئەوە وایە کابرایەکی نانەوا کولیرەیەك ببڕژێنێو پروپاگەندە بۆ کولیرەکەی بکات یای بیەوێ بە خەڵکی ڕا بگەیەنێ کە ئەم کولیرەیە دەسکاری ئەوەو ئەو بڕژاندوێتی بەڵام بڵێت : « ئەم کولیرەیە لە بڕژاندنی وەستا فەرەجە » یان یەکێکی تر بۆی بڵێ « بڕژاندنی وەستا فەرەج » .. کە پێویستە بووترێ « ئەم کولیرەیە وەستا فەرەج بڕژاندوێتی » ، ئەم نموونەیەیان لە زۆر دێڕی نوسینەکەیدا چەند بارە کردۆتەوە وەکو دێڕەکانی : « ٤٨ ، ٥٧ ، ٥٩ ، ٧١ ، ٧٧ ، ٧٨ ، ٨٠ ، ٨١ ، ٨٣ ، ٨٦ ، ٨٨ ، ٩٠ ، ٩٣ ، ١٠٠ ، ١٠٢ ، ١١٠ » لە نوسینەکەیدا .

جگە لەوەی کە لە چەند شوێنێکدا نوسیوێتی « وەرگێڕی فلان » وە هەر بۆ شتێکی تر لەو نمونەیە نوسیوێتی « وەرگێڕانی فلان » .. کە لەو بوارەدا هەردو جۆرەکەیان هەڵەیە ، بەم هەڵانەدا لاوێتی لە نووسینەکەی کاکە ئەریماندا بە ئاشکرا خۆی ئەنوێنێ ..

هیوادارم ئەم ڕستە سەر لێشیواوە کە کەوتۆتە ناو نوسینو بەرهەمی ئەدەبی هەندێك لە نوسەرە لاوەکانمانەوە بژار بکرێ‌و لەسەر ڕوی لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبە کوردیەکاندا ئیتر خۆی نەنوێنێ .

●کامل عبدالله مفتی●

ئۆنراوەیەك لە نێوان «نالی» و «فکری» و «تایەر بەگی جاف» دا

جەمال محەمەد

لێکۆڵینەوە دەربارەی شیعری شاعیرەکانمان هەروا کارێکی ئاسان‌و هەرەمەکی نی‌یەو نووسەریش بۆی نی‌یە بەئارەزووی خۆی شیعر بداتە پاڵ شاعیرێك تاکو بەڵگەی تەواوو باوەڕپێکراوی نەبێ . کاتی خۆی وتارێکم بڵاوکردەوە لەڕۆژنامەی هاوکاری‌دا ژمارە (٣٢١)ی ڕۆژی ١٠ـ٦ـ١٩٧٦ ـ ل ٤ ، لەژێر ناوی (هۆنراوەیەك لەنێوان (نالی)و (فکری)دا ، لەو وتارەدا ئەوەم خستبووە ڕوو ئەو شیعرەی کە (گیوموکریانی لە دیوانی نالی‌دا ، ل ٨٥) دا داویەتە پاڵ نالی شتێکی گومان لێکراوە بەوەی کە نووسەری ئەم وتارە هەمان پارچە شیعری بە ژمارەی (١٣) بەیتەوە لە کەشکۆڵەکەی مەلا عەبدوڵای گەڵاڵێ‌دا بەرچاوکەوتووە ، ئەوەبو تەواوی شیعرەکەم بڵاوکردەوە کە هی فکری‌یەو هی نالی نی‌یە .

بەڵگەیەکی تریش کە ئەم شیعرە هی (نالی) نی‌یە ئەوەیە لە (دیوانی نالی‌دا کە مەلا عەبدوڵکەریمی مودەڕیس) لە چاپی داوە ، ئەم شیعرەی یەهی نالی لەقەڵەم نەداوە بەوەی کە هیچ بەڵگەی بەدەستەوە نەبووەو لەهیچ نوسخەیەك لە دەست نووسەکانی نالی‌دا بەرچاو نەکەوتووە ، تا ئێرە ئەوە ساغ بووەوە کە شیعرەکە هی (نالی) نی‌یەو بەهی (فیکری) لەقەڵەم ئەدرێ ، بەڵام مولکیەتی ئەم شیعرە بۆ فیکری جێی گومانو لێکۆڵینەوەیە بە بەڵگەی ئەوەی کە (شێخ محەمەدی قەرەداغی ١٩٠٢ـ١٩٧٣) لەدیوانە دەستنووسەکەی‌دا لەبەشی پێنج خشتەکی‌دا ، پێنج خشتەکی ئەم پارچە شیعرەی کردووە کە هی تایەربەگی جافە ، لەسەرەتاوە ئەڵێت : پێنج خشتەکی لەسەر کەلامی تایەر بەگی جاف ، وە لە کۆتایی‌دا لە جیاتی ناوی فیکری ناوی تایەر بەك هاتووە .. بەقسەکەی شێخ محەمەد ئەم شیعرە لەهی فیکری دەرئەچێت .

بۆ ڕاستی قسەکانم تەواوی پێنج خشتەکی‌یەکە ئەخەمە ڕوو :

بڕوانە لەدووریت ڕەنگم ڕەردە وەکو بەی
لەم بەختی بەدوو کاری ڕەقیبانە خودا وەی
تاکەی لەفیراقی تۆ بنالم بەمەسەل نەی
دەرویش نیەم کەوتوومە دوای عێلە بەحەی حەی
مەجنوون نیەم بەحرو بەڕت لەدوا بکەم تەی

★——★

ئەبڕۆی تۆ وەك تیغە عەجەب قاتلو مەغرور
نەقشی ڕوخی پاکت بەمەسەل لالەی پڕ نوور
مەجلیسی هەموو پڕ بوو لەسوڕشکی منی ڕەنجوور
سەرگەشتە لەبەر دەنگی دەفو نالەی تەمبوور
ئەسکەندەرو دارا لەکەل حاتەمەکەی تەی

★——★

زاهید وەرە توخودا بڕۆ لێرە مەڵێ من هەم
واعیز بەسە لەمقسە بەبێ هوودە مەدە دەم
موترێب وەرە ئەم بەزمە موهەییاکە وەکو جەم
ساقی بە فیداتم وەرە بۆ دەفعی هەموو غەم
لێدە لەدەفو بوربووتو سازو چەقەنەی تەی

★——★

چون غونچەی تەنگە دەمو لێوت وەکو شەکەر
پڕ نەشئەیە کولمت بەمەسەل بادەی ئەحمەر
ڕەوشەن بکە ئەم مەجلیسە وەك مەجلیسی قەیسەر
ساقی تەڕو مەجلیس بڕوو مەعشووقە بەڕابەر
لەم دەردی سەروو میحنەتو غەم خواری هەتاکەی

★——★

بڕوانە حەسوود بوونە سەگو ڕەهزەنی شووشت
تا نەچووە هەتا ماوە گوڵو خەرمەنی شووشت
دائیرکە لەنێو مەجلیسی عاشق تەنی شووشت
ساقی سەرەکەم بێ بەفیدای گەردنی شووشت
بەم جامە بلوورینە لەبۆم تێکە پەیا پەی

★——★

گەر لوتفی بێ پیری موغانم دەفعەیە بۆ من
موترێب لەهەموو لەهجەیە کەپێتە تەفەننون
ئامادەبێ مەجلیسو مەیخانە بەگوتن
ساقی ئەگەر ئەم عیشوەیە پێتە فرۆتن
مولکی دڵو ڕۆحم کەمە بۆ قیمەتی لەنجەی

★——★

موترێب لەڕقی کۆنی ڕەقیبان وەکو سەی
پێش ئەو دەمە گەر چەرخ لەناکاو دەبێ تەی
ئامادەکە ئەم مەجلیسە تامن بڵێم ئۆخەی
ساقی وەرە بۆ خاتری ئەودینە لەسەری هەی
هەڵبگرە پیالە بدە پێم مەی پەیا پەی

★——★

مەخموورە (ویصالی) بەمەی بێ غەشی ساقی
دڵبوو بەمحەللی غەمی چاوڕەشی ساقی
مولکی دڵو دینم کەمە ڕوحە بەشی ساقی
خۆبێتو بکا (تاهر) ئەگەر پێشکەشی ساقی
خۆ فەرقی نی‌یە خۆ قوربان لەگەڵ حاتەمەکەی تەی

★——★

Institut Kurde de Paris

ئەرخەوان « پاشماوە »

ئەم کۆمەڵە شیعرەی ئەرخەوان ٠٠ تۆپەڵی خەمە ٠٠ ئارەزووە ٠٠٠ تاسەیە ٠٠٠ ئاواتە ٠٠ دڵ ئاسکی‌یە ٠٠٠ گریانە ٠٠ تۆزانە ٠٠ ماڵاوایی یەکجاری‌یە ٠٠ چەپکی گوڵە ٠٠ ئێش‌و ژانە ٠٠ وەفایە خەزانی سروشت‌و جوانی‌یە ٠٠ ئەرخەوان بەوپەڕی ژات‌و وێرانەوە هەموو ئەمانەی لەم شیعرانەی‌دا دەر بڕیوە ٠٠ ئەمەش قەت بۆ ئافرەتێکی کوردەواریی ئەمڕۆ کەم نی‌یە !

ئەم کۆمەڵە شیعرەی ئەرخەوان بەگشتی پارانەوەو ئاەو ناڵەیە بەدوای خۆشەویستی لەدەس‌چوویدا ٠٠ ئەو شۆڕش‌و ناڵەی بێزاری‌یەی بەرامبەر بەستەم کە ئەرخەوان لەم‌بارەوە لەم‌شیعرانەیدا دەری ئەبڕێ ، بەزەحمەت کچێکی تری کورد ئەمڕۆ بتوانێ بیابگاتە ٠٠

هێمنی موکریانی پێی ووتم : ئەو بەهرەیەی لە ئەرخەواندا هەیە ، ئەگەر بێتوو بەردەوامێ لە شیعر وتندا ، ڕەنگ‌بێ بەزەحمەت کچێکی تری کوردی بیابگاتەوە ٠٠ ئەرخەوان لەڕیزی شاعیرێکی وەکو (فروغی فەڕوخزاد)ی ئێرانیدایە ٠٠ کە یەکێکە لەکەلە شاعیرەکانی ئێران ، نەك هەر لەکچان بەلکو لە پیاوانیش ٠

ئەرخەوان لەدارشتن‌و جۆری بۆچوون‌و پێشکەش‌کردنی بیری خۆیدا تەکنیکێکی جوان بەکاردێنێ ٠٠ سووتانی خۆشەویستی ناچوێنی بەمۆم‌و بولبول‌و گوڵ‌و پەپوولە ٠٠ سووتان لای ئەم‌جیایە ٠٠ داهێنانێکی نوێیە لەشیعری کلاسیکیدا بەدی ئاکرێ :

نازیزەکەم !

وەکو (وەل دیوانە) و (شەم) ،
وەکو (خاتوزین) و (هیرمە) ،
خۆشم ناوێ
من شێتی توم

بەقەد شێتی بوهبای ئەتوم ٠٠

دڵم ڕێگەی لای تۆ ئەگرێ
وەك ئەوکەشێی‌یەی ئاسمان ،
بەرەو ڕووی مانگ
ئەکشێ ٠٠ ئەفڕێ ٠٠
خۆشەویستی من‌و تۆ
ئەبێ وەك ئەمڕۆبێ ، ئەمڕۆ

کارەبابێ ، ئاگر ، ئەتوم
ئەك بولبول‌و پەروانەو مۆم

هیواو ئارەزووی ئەرخەوان تەنها بینینی (ئەو) ٠ (ئەو) لای ئەرخەوان هەوێنی شیعرە ٠٠ هەناسەیە ٠٠ شیرینی‌یە ٠٠ ئەوەی کە شیعرەکانی ئەرخەوان دەخۆێنێتەوە ، بر بە دڵ قینی لە (ئەو) دەبێتەوە ، بەڵام بە پێچەوانەوە ، وەك مامۆستا هێمن دەڵێ : « دەك ڕەحمەتت لێبێ (ئەو) ! کە توانیت کووڕەی ئاگری دەروونی کیژێکی کورد وەك بورکان بتەقێنی‌و چەندەهای وەك ئێمە بەشیعرەکانی شادمان بکەی ٠

شادمانی‌ی ئەرخەوان لەوەدایە هەمیشە (خۆشەویست) لەئەوین‌و جاویا بێت ، بۆیە دەڵێ :

ژۆر شیرینە
کە لە چوارچێوەی دڵمابیت
بەڵام لەوەش شیرین‌ترە
لەچاوما بیت
لەڵاما بیت
لەباوەشی ئەوینما بیت

لە کۆپلێتێکی تردا ئەرخەوان پتر گرنگی بە (خۆشەویست) دەداو دەیکا بە بادشای سەرتەختی خۆشەویستی‌و بەیانی نەکۆڕانی دەداتێ‌و خۆی بەدیلێکی وای دادەنێ توانای دەربازبوونی لێ‌نەبێ ٠ بۆیە پێش هەموو ئاواتێکی هانا بۆ خوای سەربەستی دەباو دەڵێ :

نازیزەکەم !
وانەزانی بێوەفام ، دڵم گۆڕاوە

واهەست نەکەی خۆشم ناوێ ،

دڵم بە یەکێکی کەداوە ٠٠
نا ، نا ، نازیز !
لەودڵەدا کەبەندی سینەی
کچێکی کۆیلەی
کەلێکی دیلە ،
لەسەر تەختی خۆشەویستی
پاشایەکی‌و
لەچاوەکانما بیلبیلە
لەپشت دەرگای داخراوەوە
لەپێش تۆوە

بۆ خوای سەربەستی نوێژئەکەم

هەر کە ئەرخەوان‌و (خۆشەویست) لێك دەبڕێ‌و هەرکام لەم دوو دڵە دەڕوا بۆ کوخێکی ترو بۆ جیهانێکی تر ئەرخەوان ماڵ‌ئاوایی‌یەکی بەسۆز دەتووسێ‌و سەرەنجامی خۆی نیا دەبەستێتەوە بە چارەنووسەوە ، کەچی باوەڕیشی بەچارەنووسی نی‌یە ٠٠ بەڵام هەرچەندە هەنگاوەکانی ئابەدڵەو هیوای گەڕانەوەی ئی‌یەو دەستەکانی لەپێوەندان‌و ڕێگای تر شك ئابا ، هێشتا هەر لەدووی (خۆشەویست) وێڵە ٠٠ وێڵە وەك چۆن چۆلەکە لەبەفری زستانا وێڵە بۆ دانەی دانەوێڵە ٠٠ وێڵە بەدوای یادگارانیدا ٠٠ بەدوای دانیشتن‌و وێنەکانا ٠٠ بە پرسیارەوە ڕوو دەکاتە خۆشەویست‌و دەڵێ :

نازیزەکەم !

ڕۆینی من چارەنووسە
بروات بە چارەنووس هەیە ؟
ئەوچارەنووسە کامەیە ؟
کە دڵێکی بریندار بە

تەورێکی تیژ دادەهێنێ
کاسە سەری خۆشەویستم

بە پۆستاڵی ڕق بشکێنێ
ناچاریی‌یە ئەبێ بڵێم
چارەنووسە

ئەو ناتەواوی‌یە زەقەی لەشیعرەکانی ئەرخەواندا بەدی ئەکرێ ئەوەیە گەلێ‌جار وشەی وەك (ئازیزەکەم ، خۆشەویستەکەم ، گیانە ، ئەسرین ، دڵ ، گوڵ) ی دووبارە کردۆتەوە ٠ ئەم وشانە هەرچەند لەشیعرا ناسکن ، بەڵام دووبارەکردنەوەیان شێوەی شیعرەکان ناشیرین ئەکا بەلای منەوە ئەگەر ئەرخەوان وازیان لێ‌بێنێ ، بەوە مۆسیقاو بنیات‌نانی ئەندێشەکانی لەگەڵ وێنەکاندا زیاترو چاکتر دەگونجێ‌و سەرکەوتنی پتر وەدەستدێنێ ٠

سەیر ئەوەیە ئەوهەستەی لەشیعرەکانی ئەرخەواندا دەردەکەوێ کە بێ پێچ‌و پەناو ئازایانەو نەترس بەردەی لەڕووی دەروونی خۆی لادەدا ، بەهیچ ڕەنگی ئەمانە لەژیانی ڕۆژانەیدا بەدی ناکرێ ٠ ئەرخەوان ژۆر دووری بەرێزە لەکۆمەڵ ٠٠ لەماڵەوە ترسنۆکە ٠٠ لەقسەی ئەم‌و ئەو سڵ‌دەکاتەوە ٠٠ کەچی ئێستاش کە خاوەنی ماڵ‌و حاڵ‌و ژیانی تایبەتی خۆیەتی ، هەستی دەروونی تۆسقاڵێك نەگۆڕاوە ٠٠

مامۆستایانی « پاشماوە »

● **کابان بکر امین :**
لە ڕووی ئەم بڕیارەوە ئەڵێم دەستکەوتێکی مەزن بو بۆ کەڕێی مامۆستایان کە خۆیان لە پێناوی پێ‌گەیاندنی نەوەی ئەم جەماوەرەدا هیلاك ئەکەن ٠

● **ئایدن امین محمد :**
ئەم بڕیارە پاڵپشتێکی دڵسۆزانەی چاککردنی باری ئابوری ژیانی مامۆستایانە ٠

● **نسرین کاکە فتح‌الله :**
هەنگاوێکی بیرۆزەو بەم بۆنەیەوە بیرۆزبایی لە جەماوەری مامۆستایان ئەکەین ٠

● **گورجە خضر امین :**
هەروەك خوشکانی مامۆستا شادمانی خۆم دەرئەبڕم بەرامبەر بەم بڕیارە دڵسۆزانەیەی سەرکردایەتی شۆڕش ٠

● **بدریە علی عبدالرحمن :**
پێخوشحالین بەم بڕیارەی میری نیشتمانی کە هاندەری دڵسۆزانەی ئەرکی پیرۆزی مامۆستایانە ٠

● **گوڵە مراد :**
ژۆر سوپاسی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش ئەکەین بەرامبەر بەم هەنگاوە پیرۆزەی کەباری ژیانی مامۆستایان بەرەو چاکترئەبات ٠

قوتابخانەی (هاوکاری)

کوڕان ـ دهۆك :

● **بهنام سلیمان متی ـ بەریوەبەر :**
ئەم بڕیارە شۆڕشگێڕانەیە دەربڕینی خواست‌و ئاواتی جەماوەری مامۆستایان‌بوو ، ئێمەش هەمیشە چاومان لەوەوە بو کە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش دڵسۆزی‌و هەنگاوی وامەزنی بۆ سوودی جەماوەرێ لێ ئەوەشێتەوە ئەم دەستکەوتەش جوە باڵ ئەو دەسکەوتە مەزنە زۆرانەی تا ئیستا حزب‌و شۆڕش پێشکەشی‌کردون‌و دڵنیشین زۆرتریشی بەدوادادێت ٠

● **عدنان حسین محمد صالح :**
ئەم بڕیارە چارەسەری زۆر گیروگرفتی دەروونی‌و ئابوری مامۆستایان ئەکات کە تەقەڵایەکی دڵسۆزانەو بێ وچان ئەدەن لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ئامانجە بیرۆزەکانی حزب‌و شۆڕشدا لە ناو جەماوەردا ٠

● **حسن محمد حسین :**
ئەم بڕیارە هەنگاوێکی گەلی باش بوو ، ئێمە چاوەڕێی دەستکەوتی هەمیشە پیشکەوتوبوین لەسەرکردایەتی سیاسیمانەوە بۆ سوودی جەماوەری گەلەکەمان ٠

کۆبونەوەی ئافرەتانی « پاشماوە »

سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی شوشیالیست لقی دهۆك‌و یەکێ لە ئەندامانی مەکتەبی ڕابەڕاندنی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق‌و سەرۆکانی یەکێتی‌یەکان‌و ڕێکخراوە جەماوەریەکانی بارێزگاکە ئامادەبوون ٠

ڕاپۆرتەکانی لقی یەکێتی‌وشانەکانی کە لە کۆنگرەکەدا خوێنرانەوە باسی داپردووپلانی کارکردنی داهاتو بۆ شەش مانگی ئایندە داکرا ٠ ئا٠د٠ع

ئەمینداری گشتی « پاشماوە »

ئیداری‌و یحیی محمد رشید بارێزگاری دهۆك‌و هاوڕێ مزهر مطنی ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست شوعبەی‌دهۆك ئامادەبوون ٠ هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا باسی‌ئەو کۆسپ‌و تەگرانەکرا کەڕێگە لەپێشکەوتنی‌جوولانەوەی ڕۆشنبیری بارێزگاکە ئەگرن‌و چۆنیەتی‌چارەسەرکردنی ئەم کۆسپانە٠

خانن سادات «پاشماوە»

بەردەوامە لەسەر ڕێگای‌سازاندنی ٠

هەروەها بیگن :

دیسان مناحیم بیگن‌سەرۆك وەزیرانی دوژمن لەگەڵ فریدئارتون‌یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا دەربارەی دەستپێکردنەوەی کۆبونەوەکانی لیژنەی عەسکەری سادات‌وزایۆنی گفتوگوی کردوە ٠

لەلایەکی تریشەوە شمعون‌پیرسی سەرۆکی حزبی کاری زایۆنی‌و وەزیری پیشوی‌جەنگی دوژمن وتویە وتارەکەی سادات ئەوەی سەلماندکەدەرگاکانی گفتوگو دانەخراوە لە نێوان هەردوولاداو ئەوگفتوگویانە کەمەبەستی چەسپاندنی سازاندنە بەمزوانەدەستپێ‌ئەکانەوە ٠

سەرکردایەتی سیاسی « پاشماوە »

کە ئەمانەوێ لەسایەی‌ئیجراءاتو بڕیارە شۆڕشگێڕەکانی سەرکردایەتی‌سیاسی حزب‌و شۆڕشدا بهێنینەدی ، لە کۆتایی‌دوانەکەیدا بەزێز ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی‌شۆڕش دەستی بۆ ئەوە کێشا کە پێویستە هەموو چاومان لەو کردەوە نابەجێیانەبێت‌کە هەندی کەس پەیڕووی ئەکەن لە کاتی دەرچوونی‌ئەو جۆرە بڕیارانەو هەوڵبدەین بۆ پووچەڵکردنی‌لەهەموو ڕووێکەوە ٠

دوانێك لە گەڵ « پاشماوە »

پزیشکەکانی دان‌و ئامادەکردنی خواردن ئەنێرینە ئەو خولانەی لە بەغدا ئەکرێنەوەبۆ ئەوەی فێری پاراستنی تەندروستی ن‌و خولی‌تایبەتیش‌بە برین‌پێچەکان « ممرضات » ئەکەینەوە ٠

● **ئەی چی ئەتێ‌ی‌دەربارەی پاراستنی تەندروستی لە لادێیەکان‌دا ؟**

— بۆ پاراستنی‌تەندروستی لادێیەکان پزیشکێکی تایبەتی هەیە بەناوی پزیشکی تەندروستی لادێ بە ئەرکی پاراستنی‌تەندروستی لادێ‌ی ئەکەوێتە پزیشکی نەخۆشیەکان‌سەر جگە لەوەی بەشی نی‌شتەجێ تایبەتیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی دەرەوەی شار ٠

ماوە بڵێین ئەم مەلبەندەواتا مەلبەنی پاراستنی تەندروستی تاکە مەلبەندە لەناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا وەنیاز ولە لە شارەکانی تریش‌بکرێتەوە ٠

بەیاننامە

قورعە کێشانی سێ‌یەمی ساڵی ١٩٧٧ دانەوەی بەشی بەڵگەنامەی قەرزی عیراقی ساڵی ١٩٧١ لەڕۆژی یەکشەممە ٢٥ـ١٢ـ١٩٧٧ لەبارەگای بانقی مەرکەزی عیراقی لەبەغدا بەئامادە بوونی ئەو لێژنەیەی کەوا سەرپەرشتی دانەوەی بەڵگە نامەکانی کردووە جێ‌بەجێ‌کرا ، (٥٠٠٠) بەڵگەنامەی داوەو کۆمەڵی نرخەکانی (٥٠٠ر٠٠٠) دینار بووە بەپێی ئەو تەفسیلاتانەی کەوا لەخوارەوە باس کراوە ٠

هەڵگری بەڵگەنامەکان پێویستە لەسەریان بەڵگەنامەکانیان لە بانقی مەرکەزی لەبەغدا یا لە لقەکانی لە پارێزگای بەسرەو موسل پیشان بدەن ئەویش لە ٣١ـ١٢ـ١٩٧٧ دەست پی ئەکات بۆ ئەوەی نرخەکانی وەرگرن‌بەپێی مادەی چوارەمی بەیانی وەزیری دارایی ژمارە ٦ ساڵی ١٩٧٧ ٠

قورعە کێشانی ساڵی ١٩٧٧ بۆ دانەوەی‌بەشی‌ی بەڵگەنامەکانی قەرزی عیراقی ساڵی ١٩٧١ ، دانەوەی ١٩٧٥ـ١٩٨٠ کە وا لەڕۆژی یەکشەممەی ٢٥ـ١٢ـ١٩٧٧ جێ‌بەجێ‌کرا ٠

ژمارەی زنجیرە	بەڵگەنامەکان	لە	تا	ژمارەی زنجیرە	بەڵگەنامەکان	لە	تا
١	١٠٠	٥٠١	٦٠٠	٢٦	١٠٠	١٤٠٠١	١٤١٠٠
٢	١٠٠	٧٠١	٨٠٠	٢٧	١٠٠	١٤٢٠١	١٤٣٠٠
٣	١٠٠	٩٠١	١٠٠٠	٢٨	١٠٠	١٤٦٠١	١٤٧٠٠
٤	١٠٠	١٥٠١	١٦٠٠	٢٩	١٠٠	١٥٠٠١	١٥١٠٠
٥	١٠٠	٢٤٠١	٢٥٠٠	٣٠	١٠٠	١٥٢٠١	١٥٣٠٠
٦	١٠٠	٢٩٠١	٣٠٠٠	٣١	١٠٠	١٦٠٠١	١٦١٠٠
٧	١٠٠	٣٠٠١	٣١٠٠	٣٢	١٠٠	١٦٢٠١	١٦٣٠٠
٨	١٠٠	٣٦٠١	٣٧٠٠	٣٣	١٠٠	١٦٣٠١	١٦٤٠٠
٩	١٠٠	٣٩٠١	٤٠٠٠	٣٤	١٠٠	١٦٩٠١	١٧٠٠٠
١	١٠٠	٤٠٠١	٤١٠٠	٣٥	١٠٠	١٧٤٠١	١٧٥٠٠
١١	١٠٠	٥٩٠١	٦٠٠٠	٣٦	١٠٠	١٨٦٠١	١٨٧٠٠
١٢	١٠٠	٦١٠١	٦٢٠٠	٣٧	١٠٠	١٩٦٠١	١٩٧٠٠
١٣	١٠٠	٦٥٠١	٦٦٠٠	٣٨	١٠٠	١٩٨٠١	١٩٩٠٠
١٤	١٠٠	٦٨٠١	٦٩٠٠	٣٩	١٠٠	٢٠٢٠١	٢٠٣٠٠
١٧	١٠٠	٧١٠١	٧٢٠٠	٤٠	١٠٠	٢٠٨ ١	٢٠٩٠٠
١٦	١٠٠	٧٩٠١	٨٠٠٠	٤١	١٠٠	٢٢٣٠١	٢٢٤٠٠
١٧	١٠٠	٨٢٠١	٨٣٠٠	٤٢	١٠٠	٢٢٤٠١	٢٢٥٠٠
١٨	١٠٠	٩٢٠١	٩٣٠٠	٤٣	١٠٠	٢٤٨٠١	٢٤٩٠٠
١٩	١٠٠	١٠٩٠١	١١٠٠٠	٤٤	١٠٠	٢٥٢٠١	٢٥٣٠٠
٢٠	١٠٠	١١٤٠١	١١٥٠٠	٤٥	١٠٠	٢٧٧٠١	٢٧٨٠٠
٢١	١٠٠	١١٦٠١	١١٧٠٠	٤٦	١٠٠	٢٨١٠١	٢٨٢٠٠
٢٢	١٠٠	١١٧٠١	١١٨٠٠	٤٧	١٠٠	٢٨٢٠١	٢٨٣٠٠
٢٣	١٠٠	١١٩٠١	١٢٠٠٠	٤٨	١٠٠	٢٨٤٠١	٢٨٥٠٠
٢٤	١٠٠	١٣٥٠١	١٣٦٠٠	٤٩	١٠٠	٢٨٩٠١	٢٩٠٠٠
٢٥	١٠٠	١٣٩٠١	١٤٠٠٠	٥٠	١٠٠	٢٩٩٠١	٣٠٠٠٠

Institut Kurde de Paris

لەمەڵبەندی هۆیەکـــانی‌فێرکردنی هەولێر چاومان بە هونەرمەندێکی لێ‌هاتـــووی‌بەبەرە کەوت ، هەرچەند ئەم هونەرمەندە ژیانی خـــۆی‌بۆ هونەر تەرخان کـــردووە

هونەرمەندێکی بەبەهرەی کورد

بەڵام هێشتا لەلایـــەن زۆر کەسەوە نەناسراوە٠٠ ماموستا « قدری حیران » بەم جۆرە خـــۆی بەخوێنەران پێشکەش ئەکات :

من خەڵکی زاخۆم لـــەوێ لەدایك بووم‌و قوتابخانـــەی سەرەتایی‌و ناوەندیم تـــەواو کردووە ٠٠ ئینجـــا دوای قوتابخانەی ناوەندی ئامۆژگای هونەرە جوانەکانم لەســـاڵی « ١٩٥٦ » دا تەواو کردووە ٠

من هەرچەند سەرەتای‌یەوە دەستم بەکاری هونـــەری کردووە جگە لە دوو ســـاڵی تریش کە چوو بووم بـــۆ چارەسەرکردن لـــەدەرەوەی وڵات وە لەم ماوەیەدا کاری پەیکەر تاشین کاری لێ‌کردم ٠

وە هەتا ساڵانی پێـــش شۆرشی (١٧) گەلاوێژ مـــن لە جێگەی راستەقینـــەی هونەرمەند دانەنراببووم بەڵکو ئەوکارانەی لێ‌ی دامەزراببووم بەبێ جۆرێك پەیوەنـــدی بەکاری هونەری‌یەوە نەبـــوو بەڵام ئیستا هەموو کاتم لێرەدا بۆ هونەر تەرخان کـــراوە وە بە هۆی شۆرشەوە هونەرمەند ئەتوانێ زۆرباش خـــۆی پێش بخات چونکە هەمـــوو هۆی پێشکەوتنی لەقوتابخانەکـــان‌و لـــە دەرەوەی قوتابخانەکانیش لەبەردەستدا هەیە ٠

— بێ‌گومان ئەوکاتەی من رووم لەئامۆژگای هونـــەرە جوانەکان کرد هونەر لەعیراق دواکەوتوبوو بەڵـــکو خوێندنیش لەئامۆژگـــای هونەرە جوانەکان شتێکی باو نەبوو بەڵام من هەمیشە دژی نەریتی کۆن وەســـتاوم‌و ئارەزووشم لەنەریتی کـــۆن بەهێزتربوو ٠

● ئایا هەموو ئارەزووەکانی هونەریت هێناوەتـــە دی ؟

— هەرچەند ماوەیـــێکی درێژە کاری هونەری پیشەمە بەڵام هێشتا جـــاری نەگەیشتووەتە پلەیـــێکی ناوەندیش ٠

● ئەی چی دەربـــارەی پیشانگاکانت ؟

— من هەتا ئیستا تەنهـــا لە پیشانگای قوتری لەبەغـــدا بەشداریم کردووە وە جـــاری کاتی پیشانگای تایبەتیـــم نی‌یە ٠

● ئەی کارە هونـــەری یەکانت بریتین لە چی ؟

— من سەرەتا بەرەســـم دەستم پێ‌کردووە بـــەڵام ئیستا زیاتر خەریکی سیرامیکم بەڵام ئەوە وا ناگەیێنێ کـــە وازم لە رەسم‌و پەیکەر تاشین هێناوە ٠ وە سەبارەت بـــە تابلۆکانم زۆرن‌و بەنســـبەت پەیکەر تاشینیش ، پەیـــکەری (ئەحمدی خانیم) تاشیوە لە زاخۆ ، هەروەهـــا (دوو نافرەتی کورد جەرە لەســـەر شانیانە) لەگەڵ پەیـــکەری (لاوان) کە بەرامبـــەر ئەمیندارێتی گشـــتی رۆشنبیری‌و لاوان دانەنـــرێ لەگەڵ پەیکەری (ئافـــرەت لەسەردەمی شۆرش‌دا) ٠

باسی هونەریم بەگشـــتی باسی فولکلۆری ئەگرێتەوە ، ئیستا بەنسبەت هونەری رەسم رازاندنەوەی هۆی ئـــەم مەڵبەندەم لەدەستدایـــە سەبارەت بە پەیکەر تاشینیش بەم زووانە دەست بە پەیکەری (صلاح الدین ئەیوبی) بـــۆ زاخۆ ئەتاشم‌و مەکینـــەی تایبەتیم هەیە بۆ سیرامیـــك بەردەوام ئیشی لەســـەر ئەکەم‌و هیوادارم لـــەدوا رۆژدا بەئەواوەتی خـــۆم بۆ سیرامیك ئەرخان بکەم ٠

پ٠ هاوکاری

ڕێ‌ڕەو

بیروڕای بورجوازی لەبنەڕەتدا لەسەر ئـــەوە دامەزراوە کە مرۆڤ ئەچەوســـێنێتەوە ، بـــەڵام سۆشیالیستی ، یەکسانی نیە لەبرسیەتی‌و زوڵـــم‌و چەوساندنەوەو بەربەرەڵاییدا ، بەڵکو یەکسانیە لـــە خۆشیدا ، لەسەربەرزی‌و رزگاریدا ، کەواتە ئێمـــە ئامانەوێ گەل بەبرسیەتی‌و دواکەوتویی بسێنیتەوە ، تا بێ‌ی بووتری گەلێکی سۆشیالستی‌یە ، بەڵکـــو ، ئەمانەوێ بێ‌کـــەم‌و کوڕی‌بێ‌و خۆش‌گوزەران بێ‌و لەهەمانی‌کاتدا سۆشیالستی‌بێ ٠

هاوڕێ صدام حسین

هەرچارەی نووسینێك

چەند ساتێك لەگەڵ ویژداندا

لەژیانی هەریەك لە ئێمە ماناندا چەند شتێکی گەورەو بچووك هەن ، بێویستە لە ئاستیاندا نەختێك ڕابوەستین‌و بەوردی‌یەوە تێیان ڕابمێنین ، نـــەوەك هەڵبدەینە سەرشتێکی دیاری‌کراوو هەموو شتێکی‌تری بێ بایەخی لەپاڵدا بەدی بکەین ٠

بێویستە هەر مرۆڤێك هەر کاتێك هەر خودی خۆی بەتەنیا دەبێت ، دوای ئەوەی کارێکی دژوار ئەنجام دەدات ، تا بیربکاتەوەو بەبیری ئەو شتەلێك بدانەوەو شی‌بکاتەوە ٠٠ لـــەکاتی ئارامی‌ی بێ‌دەنـــگی‌ی شەودا ٠٠ کاتێك هێمنی باڵ بەسەر هەموو لایەك‌دا دەکێشێت ٠٠ ئەو بە تەنیا دادەنیشێت‌و ئەو شتانەی لە جیهانی « سەر » دا چاپ‌بوون دەیانهێنێتەوە یادی خۆی ، ئەنجا بەخۆشی‌و ناخۆشییەکانیەوە ٠٠ شریتی بیرەوەری‌یەکانی دەست دەکاتە گرخواردن ٠٠

لەسەر بناغەی ئەم تەنیایی‌یە ناهەموارەدا ئایـــا یەکێك لە ئێمەی ئادەمیزاد ڕۆژێك لەڕۆژان بیـــری لەوە کردوەتەوە خۆی بەتاوانبار بزانێت‌و سنگی بکاتە قەفەسی تاوانبارێتی‌و ویژدانی بکاتە (مدعی)یەکی دادپەروەر لە ڕژێمی جیهانی هەستی‌داو ئەقڵیش بکاتە سەرۆك دادگایەکی بەهێز ٠٠

ئایا یەکێك لە ئێمە پیری لەوە کردوەتەوە کـــە لەگەڵ هاوڕێیەکی یان دۆستێکی یان هەر کەسێکی تردا ناکۆکی‌یەك کەوتبێتە نێوانیانەوە کاتێـــك ڕۆژەکەی لەگەڵ بەسەربردووە لەئیش‌کردن‌دا یاخود لەنـــاو شەقام یان هەر شوێنێکی‌تر ٠٠ ئەگەر ئەوەش ڕووی دابێت ئایا ڕێگای بەخۆی داوە بـــۆ بڕیـــاردانی کۆبوونەوەی « دادگا خودی‌یەکەی خـــۆی » ، ئایا بەڕیشەوڕە چەلەکی تەگەرەو نەنگ‌و چەلەمەکەدا یان ناکۆکی‌یەکەدا چووەتـــە خوارێ ، ئـــایا بەگشت ساکاریەکەوە خۆی بەتاونبار دەداتە قەلەم ؟ خـــۆی بەوە بزانێت لە کارێکی‌دا درێغی کردبێت ؟ چونکە زۆر کەم هەن خۆیان بەتاوانبار بدەنە قەڵـــەم‌و دوا بڕیاریشی دەدەن کە جارێکی‌تر ئـــەو ئیشە دووبارە نەکەنەوە ٠

ئەگەر هەریەك لە ئێمە کەمێك ماوەی بەخودی خۆی‌داو دەروونی خۆیی پاك‌و خاوێن‌کردەوە تـــا هەڵەکانی ڕاستبکاتەوە ، بەو شێوەیە هیچ شـــتێکی زۆری تێ‌ناچێت بەڵکوو بەرهـــەمێکی بێ‌گەیشتوو وەدەست دەخات ٠٠ مرۆڤیش کاتێك لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆبێت ٠٠ ئەوا لەگەڵ خەڵکانی تریش‌دا وەهـــا دەبێت ئەنجا لـــەئیش‌و کارو خووڕەوشت‌و هەڵس‌و کەوتیشی‌دا ڕاستگۆ دەبێت بەو جۆرە دەبێتە مرۆڤێکی بێ وێنەو میسالی لە هەڵس‌و کەوت‌و ئەخلاقی‌دا ٠٠ لەبەر ئەوە زۆر بێویست دەکات مرۆڤ حوکم بەســـەر خودی خۆی‌دا بدات ئەنجا بەسەر خەڵکی تردا ٠٠ نەك ڕۆژێشێکی دروستکراو بپۆشێت‌و هەڵویستێکی لاوازی لەرزۆك بگرێتە بەرو بەرگی دووفافی‌و خـــۆ ویستن بکاتەبەر ٠٠ چونکە مرۆڤی ڕۆشـــنبیر ـ بەواتای ووشەکە ـ لـــەو کارانەی دەکات یـــان بڕی ڕادەسپێررێت ئەو مرۆڤەیە لەبێش هەموو شتێکەوە سیفەتی خۆ ئەویستی‌ی تێدا بێت ٠٠ چونکە شەرەف لای هەر مرۆڤێك ئارەزووە سیکسی‌یەکان نی‌یـــەو بەس ٠٠ هەر کاتێك لەدەستی بدات بە بێ‌شەرەف بژمێردرێت بەپێچەوانەوە مرۆڤی بەشـــەرەف ئـــەو کەسەیە لە ئیش‌وکارەکەی‌دا دڵســـۆزبێت‌و بەووردی تیایدا بجوولێتەوەو یەك خولەکی بەفیڕۆ نەدات ٠٠ لەبەر ئەوەی بەرانبەر ئـــەو ئیش‌کردنەی پـــارە وەردەگرێت‌و لەژیانی ڕۆژانەیدا بێویستی‌ی پێیەتی ٠٠ چونکە کار شەرەفەو شەرەفیش شتێکی زۆر بەبەهایە لەژیانی مرۆڤدا ٠٠ ئەگەر مرۆڤ ئەو ووشە ساکارەی وون‌کرد ئیتر نرخی چی‌یـــە ، ئەخلاقییەتی چی‌یەو بەرهەمی چی‌یەو ژیانی زەردەپەنگی چی‌یە ؟٠٠

کەواتە مرۆڤ لەبەر ئەوەی خولقێنراوە تاکوو ئیش‌بکات ٠٠ تابژی ، بژی تا شادبێت ٠٠ شاد بێت تا چێژ لە خۆشی‌یەکانی ژیان وەربگرێت ٠٠ کە مرۆڤ خۆی بەفیڕۆ بەسەربەرێت‌و بێ ئەوەی هەست بکات دەیکوژێت‌و بەفیڕۆی دەدات ئەوا هیچ گوێ بـــەوە نادات ئەگەر ژیانی بەبۆش‌و هیچ‌و پـــووچ بـــە سەربەرێت ٠٠ گوێ نادات پاشەڕۆژی خـــۆی ٠٠ هەروەك چـــۆن دروشمەکانی سەرکردایەتی قطری پەنجەی بۆ ئەو شتە درێژ دەکەن ٠٠ ئەوەی ڕیزی کات نەگرێت بڕاوی بەپاشەڕۆژ نی‌یەو نایەوێت گەلەکەی سەربکەوێت ٠٠ یان ٠٠ کارەکەت شەرفتە ئەوەی کار نەکات شەرەفی نی‌یە ٠

ئەکرەم مەحموود سەمین

بـــەنـــهـــا بـــۆزانـــین

● بیتهۆڤن سیمفۆنیـــەی نۆهەمی دانا کەڕیـــووو نەیئەتوانی ببیستێ لەگـــەڵ ئەوەشدا هەزارەها خەڵـــکی هاتنە جۆش‌و خـــرۆش بەبیستنی ٠

● (دازە)ی ئەڵمانیایی یەك جار سەیری رانـــێ مەڕومالاتی بکردایە ئەیزانـــی ژمارەیان چـــەندە ، (٢٥) دێری کۆنەکردەوە لەهەمـــوو ژمارەیەکی جیاواز لەماوەی (٥) چرکەدا ، (٤٩) دێـــری کۆ ئەکردەوە لەماوەی (٢٥) چرکەدا ، بێشبڕکەیەکی کـــرد لەگەڵ کۆمپیوتەردا توانـــی بێشی بکەوێت لەکۆکردنەوەو لێدەرکردن‌و لێـــکدان‌و دابەشکردندا ٠

● نیازکێك لـــەخواروی ئەفەریقاوە کەوتە خـــوارەوە کێشەکەی دانەنرا بـــە (٦٠) تەن‌و چالێکی دروستکرد لەو شێوەی لێی کـــەوتە خوارەوە تیرەکەی (٢٥) مەتر ئەبوو ٠

● هەندێ درەخت هەیـــە بەرێژەیەکی زۆر بەرز ئەبنەوە بەجۆرێ کە ئەگاتە ١٠٠ مەترە ئەم جۆرە درەختە ناو ئەبرێ بە (سیکویا سمبر فیرنس)وە لەناوچەی کالیفورنیـــاو ئەریکۆنی ئەمەریکا زۆرە ٠

● درەختێك هەیە لـــە مەکسیك جێوەی بنکەکـــەی (٤٨) مەتردیەو بەگەورەترین درەخت دانەنرێت لە جیهاناو ناو ئەبرێ بە (سانتا ماریـــا دی تولە) ٠

● بچوکترین منـــداڵ بوویێت لەدایك‌و ژیا بێـــت (جاکلین بنسون)ە لـــە ئەمەریکا لە ســـاڵی ١٩٣٦دا لەدایك‌بوو وەکێشەکەی کاتـــی بوونی تەنها ٢٤٠ گرام بوو ٠

● درەختێك هەیە کـــاتی گوڵ کردنی میلیۆن‌و نیوێـــك گوڵ ئەگرێت‌و ئەم درەختـــە لە کالیفۆرنیا هەیەو تەمەنـــی (٨٠) ساڵە وەکێشـــەکەی دانەنێن بە (٢٠٠) تەن ٠

● گەورەترین گۆڕســـتانی لەجیهاندا گۆڕســـتانی لینینکرادە لە یەکیەتی سۆڤیەت گۆڕی نیوملیۆن کەسی تیایـــە کاتی گەمارۆ دانی شارەکـــە لەلایەن ئەڵمانیاییەکانیـــەوە ساڵی ١٩٤١ ـ ١٩٤٢ ٠

● خاتوو کوزنبیلیا تەمەنی ٦١ ساڵە لەجۆهانسبیۆرگ لە خوارووی ئەفەریقا دانەنیشێت توانی (١٠٢) رۆژ خـــواردن نەخوات تەنها ئاووئاوی سۆدە نەبێت ٠

هیرش محمد امین
لە چەند ڕۆژنامـــەیەکەوە

چاپ‌کراوی نوێ

ڕۆشنبیری نوێ

ژمارەی (٦٤)ی گۆڤـــاری (ڕۆشنبیری نوێ) کەوتـــە بازارە وە ، لەم ژمارەیەدا ، گەلی نووسراوی ئەدەبـــی‌و ڕۆشنبیری بەسوود بـــلاو کراوەتەوە ، لەمانە :

ڕێپورتاجی دەربـــارەی ئیســـتگەی کـــوردی‌و لێکۆڵینەوەیەکی فەلســـەفی دەربارەی شیعرو چـــرۆك‌و چەندان بارچە شـــیعر ٠ هەروەها لەم ژمارەیـــەدا فایلیکی تایبەتی دەربـــارەی شاعیری گەورە عبدالله گوران بڵاوکراوەتەوە کە لـــە نووسینەکانیا « جەواهری » و « بەیاتی » بەشداریان‌کردوە ٠

ژمارەی ئەمجـــارەی ڕۆشنبیری نوێ ژمارەیەکـــی نموونەیی سەرکەوتوە ٠

ئۆتۆنۆمی

ژمارەی یەکەمی ســـێیەم ساڵەی گۆڤاری « ئۆتۆنۆمی » کە ئەنجومەنی یا سادانـــانی ناوچەی کوردســـتان دەری ئەکات کەوتە بازارەوە ٠ لـــەم ژمارەیەدا بتجگە لـــە کتێبێکی ئەدەبی لەگـــەڵ ڕاپۆرتێکی ســـەربەخۆی ئەنجومەنـــی ڕاپەڕاندنی ناوچـــەی کوردستاندا چەندان باســـی و خواسی‌تر هەموو جلاکیەکانی دەزگاکانی ناوچـــەی ئۆتۆنۆمی بڵاوکراوەتەوە ٠

● لەم‌ڕۆژانەدا بەڕاوی (رازی چاوبازان) کە بەڕاوتکی قەوارە ناوەندی‌یەو هۆنراوەیەو هەندێ لەهۆنراوەکانی شاعیری لاو ئیحسان نەقشبەندی تیا رازاوەتەوەو لەسەر ئـــەرکی شێخ ئەنوەر خـــاوەنی کتێبخانەی نالی‌و لە چاپخانەی کامەرانی سلیمانی لەچـــاپ دراوە ئەکەوێتە بـــازارەوە بەمەبەش کتێبخانەی کـــوردی بەرهەمێکی تری نوســـەرو ڕۆشنبیرانی خۆی بۆ زیادبوو ـ ئێمەیش هەمیشە هیوادارین نوسەران‌و ڕۆشنبیرانمان ئاوا هەمیشە وەکو ئەم‌چەندانـــەی دواییە بە پەرۆشی ئەدەبـــی کوردەوە بن‌و زیاتر هەوڵ‌بدەن بۆ پێش‌خستنی ئـــەدەبی ئەتەوەکەمان‌و هەردەم یـــەك لەدوای یـــەك بەرهەمەکانیان بخەنە ڕوو بـــۆ بڕەوپێدانی ئەدەب‌و ڕۆشنبیری کوردمان ٠

چیرۆك بۆ منداڵان

هەرشتێك نرخی خۆی هەیە

جارێکیان بیاوێکی فەقیر بەلای چێشتخانەیەکدا ڕۆیشت ، دیتی ئەوا چێشت لەســـەرئاگرەو دەکوڵێ ٠ ئانی لـــە تووڕەکەکەی خۆی دەرهێناو نەختێ بە هەڵمی چێشـــتەکە گەرمی کردەوەو دەستی کرد بەخواردنی ٠ کابرای خـــاوەن چێشتخانە هات ٠ فەقیرەکەی‌گرت ، لێدانێکی باشی لێ‌داو دای بە دادگاو داوای پـــارەی‌چێشتەکەی لێ کرد ٠ حاکم هەردوکیانی بانگ کـــردوقسەی هەردوکیانی بیست ٠ پاشان ڕووی کردە فەقیرەکەو گوتی :

ـ پارە دەدەی یا دەتەوێ لە بەندیخانەدا بخەوی ؟

فەقیرەکە وەڵامی دایەوە :

ـ پارە بـــدەم باشترە ، چونکە منداڵم هەیە ٠ ئەگـــەر بمخەیتە بەندیخانەوە کـــێ ئاگای لە منداڵەکانم دەبێ ؟

حاکم گوتی :

ـ چەندەت پارە هەیە ؟

فەقیرەکە گوتی :

ـ لە ماڵی دنیا تاقە لیرەیەکم هەیە ، هەڵم‌گرتبوو بـــۆ تەنـــگانەو ڕۆژی ڕەش ٠ لیرەکەی دەرهێنا ٠ حاکم لێی وەرگرت‌و بانگی کابرای خاوەن چێشتخانەی کرد ٠ لیرەکەی قایم فڕێ‌دا سەر مێزەکـــەو گوتی :

ـ ئەوەتا وەری‌گرە ٠ ئەوەی دەتکەوێ ئەوەیە ٠

کابرای خاوەن چێشتخانە بە چاوچنۆکی دەستی بـــۆ لیرەکە درێژ کرد ٠ بـــەڵام حاکم لیرەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرتەوەو دایەوە بـــە فەقیرەکەو گوتی :

ـ ئەو فەقیرە نانی تەنیا بە هەڵمی چێشتەکەی تـــۆوە خواردووە ٠ تۆش تەنیـــا زرینگەی پارەکەی ئـــەوت دەکەوێ ٠ دە ئیتر بڕۆن بـــە ڕێی خۆتانەوە ٠

نووسینی : ئیلین پنلین
حەسەنی قزلجی کردوویە بەکوردی

جیهانی منداڵ

من ئەناسن ؟

ـ لەوانەیە زۆرتان تـــۆزە سەیرەکەتان بـــە بنمیچی ماڵەکۆنەکانەوە دیبم ، یـــان لەنێوان لقـــی‌دوو داردا ٠٠ لەوانەشە نەزانن من‌خـــزمی دوپشکم ٠ بەڵام زۆر زیـــان بەخش‌نیم ، چوار پان پێنـــج جوت قاچم هەیە ، کەدەیـــان دڕکیان بێوەیە پارمەتیـــم ئەدەن بۆدۆزینەوەی ڕێگا ٠٠ سەرم بەسنگمەوە نووساوە ، قەدێکی تەنگم هەیەو خاوەنـــی هەشت چاوم ، دەمم‌دانی تیژی تیایە کە بێجیری پی‌راوئەکەم ، لەبیریشم چو پێتان‌بڵیم مـــن بەلوت هەناسە نادەم چونکە لوتم نیە یەکسەر هەناســـە بەسك ئەدەم چونکە سیبەکانی من لەناو سکمایە ، ئـــەوەش بزانن ماڵی من بە شێوەیەکی ئەندازیاری چاك‌و جوانـــە دروست ئەبێ بەڵام زۆر بە ئاسانی تنك ئەچێ ٠ ئێستا زانیتان من‌کێم ٠٠ مـــن (چالجاتوکەم) ناوە ٠٠!!

جیناز ئامادەی کردوە

مناڵـــدکـــەت بـــاش بـــپارێـــزە

○ سمیرە محمد علی ○

دایك کە منداڵەکەی بەروەردە دەکات گەلێ ئەرك‌و ئـــازاری پێوە دەبینێ ، بەڵام دەبێ ئەو ئەرك‌و ئازارە وا لە دایـــك نەکات بێـــزار بێت‌و کەمتەرخەمی بکات لە ئاگاداری منداڵەکەی ٠

بۆ زۆر کەس ڕوون بۆتەوە کە لە (٣٣٪) دایکان تووشـــی ئەو گیروگرفتانە دەبن کـــە بەیوەندیی بەردەوامیان بـــە زیان‌و نوستنی منداڵەوە هەیە ٠ ئەویش لەبەر ئەوەیە کە منداڵان هیچ خوو ڕەوشتێکی دیـــاری کراوو هەمیشەییان نیـــە ٠ بەشێوەیەکی گشتی کـــەم نووستنی منال بەهـــۆی نەخۆشی لەش‌و مێشکەوەیە یا هەست بەپرسێتی کـــردن یا هەست بەگەرمی کردن چونکە هەندێ دایك بەرگی زۆر لەبەر منداڵەکەی دەکات ، ئـــەوەش گیانی قورس دەکاو ناتوانـــێ بەباشی ئەم دیوو ئەو دیـــو بکات‌و خەوەکەی دەزڕێ ٠

هەندێ دایکیش ئـــەوەندە نازدەدەن بە منداڵەکانیان تـــا وایان لێ دەکەن فێـــری وڕك‌و کرۆزانەوە دەبن ئەمـــەش زیانی زیاترە لەوەی ســـوود بە منداڵەکەو کەس‌و کـــاری بگەیەنێ ٠

منال خۆشەویستی‌و سوزو هێمنی دایـــك‌و باوکی زۆر پێویستە ، بۆیە ئەوەش ئابێ کە دایك‌و باوك هیچ‌گـــوێ نەدەنە منداڵەکانیان‌و هەمـــو داواکارییەکیان پشت‌گـــوێ بخەن ، پێویستە چاودێـــری منال بەباشی بکرێت تـــا بەباشی گەورەبکاتەوە ٠

ئەوەش زانین کە دایك چرای ماڵەکەی پێش‌خەوتنی منالـــەی بکوژێنێتەوە لەکاتێـــکدا منداڵەکەی ڕەنگە لەتاریـــکی بترسێ ، وەناش بێ منـــداڵ فێری ترس‌و حیکایەتی ترس‌و ناخـــۆش بکرێ تابیـــر لەناهەمواری نەکاتەوە ٠

وردە گلۆپی

جەزا عەلی ئـــەمین

ماوەیەکە جیهانی منـــداڵان لە هاوکاریدا جێی بۆتەوە ٠٠ دیارە ئەوەش مایەی دڵخۆشی هەموو لایەکە ٠٠ بەتایبەتیش ئەوانەی دڵیان بە منداڵو ئەو جیهانە کزەڵۆکینەیەی ئـــەوان دەسووتێ ٠٠ منیـــش پیرۆزبایی خۆ ڕادەگەیەنم بۆ ئەواوی ئەو دڵسۆزانـــەی مەبەستیان بوو گۆشـــەیەکی ئاواهی بکرێتەوە ٠

ماوەیەك لەمەوبەر هاوبەشم لەبەرنامەی جیهانی منداڵاندا کرد هەڵبەستی منداڵانم بـــۆ ناردن ٠٠ بەخشیان کردن ٠٠ ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لە چەند ژمارەیەکی هاوکـــاری‌دا چەند چیروکێکی مـــن بڵاوکرایەوە بەناوی خەڵکی‌تر بەڵام سەروگوێی شکاندبوو ! ئەو چیرۆکەش ناوی سپڵەبوو ٠٠ دیسانەوە دیکەی مـــن بەبێ دەسکاری بڵاوکرایـــەوە (چۆن مارەکان کۆتاییان هات) ئەم چیرۆکەش لەئیســـتگەوە خوێندراوتەوە ٠٠

مەبەستم لەم چـــەند سەریخانە ، هەر ڕونکردنەوەی ڕاستیێکەو بۆ ئەوەی برایانی لێ‌پرسراو لەئێژگە ماوەبـــەوە نەدەن ئەوبەرهەمانەی لایەتـــی ئەڵایەن هندێ کەسی جارێکی تر بڵاوبکرێتەوە ٠

Institut Kurde de Paris